# ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە کابینەی نۆیەم دا

نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ئەیلولی ٢٠٢٤

## پێـــشـەکی

لە سەرەتای کابینەی نۆیەمدا نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەدواداچوونی بۆ چەندین ڕاپۆرت، بەیاننامە، بابەت، ڕەخنە و تۆمەت کردووە کە لەلایەن ڕێکخراو و لایەنە نێودەوڵەتییەکانەوە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراون، لەڕێگەی ڕاپۆرت، بەیاننامە، کۆنگرەی رۆژنامەوانی، نامە و لێدوانەکانییشەوە وەڵامی ژمارەیەکی زۆر لەم تێبینیانەی داوەتەوە کە ئاڕاستەی حکومەتی هەرێم و دام و دەزگاکانی کراون سەبارەت بە هەوڵەکانی حکومەت بۆ باشتر کردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا لە قۆناغە جیاوازەکاندا.

لەلایەکی تر ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان چالاکییەکانی تایبەت بە پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت، کە لە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٩/٨ لە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم تاوتوێ کرا و بە بڕیاری جەنابی سەرۆک وەزیران ڕێزدار مەسروور بارزانی لە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٩/١٥ پەسەندکرا، دواتر کەوتە بواری جێبەجێکردن. نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانیش ڕاسپێردرا بۆ چەسپاندنی ناوەڕۆکی پلانەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ تەواوی دامودەزگاکانی حکومەت بە ڕاوێژ و هەماهەنگی لە گەڵ دەستە سەربەخۆکان، ئەنجوومەنی دادوەری و پەرلەمان، نێردە بیانییەکان و ڕێکخراوەکان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. پلانەکە لە (٢٧) بەش پێکدێت و زۆرترین بوارەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە خۆ دەگرێت، لە ئێستادا لە قۆناغی جێبەجێکردنی پلانەکە داین.

بەشداری لە هەماهەنگیکردن لەگەڵ تیمی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، بەشێکی دیکەی ئەو کاروچالاکیانەیە کە ئەم ڕاپۆرتە لەخۆی دەگرێت، بریتییە لە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ تیمی ناوبراو بە مەبەستی گەیاندنی تاوانبارانی تیرۆریستی داعش بۆ دادگایکردنیان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لەسەر تاوانەکانی جەنگ و کوشتنی بەکۆمەڵ و جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە دادگا نێوخۆییەکاندا.

هەروەها ئەم ڕاپۆرتە ئەو کار و چالاکیانەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانیش لەخۆدەگرێت، بەپێی ئەو ئەرکنامەی کە ڕۆژانە ئەنجام دەدرێت لەوانە ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ یۆنامی، دیدار لەگەڵ قونسڵگەر و دیپلۆماتەکان و نوێنەرانی وڵاتان، بەشداری کردن لە کۆبوونەوە و بۆنە نێودەوڵەتییەکان، هەماهەنگیکردن لەگەڵ تۆڕی هەماهەنگی دامودەزگاکانی حکومەت، دیداری وەرزی لەگەڵ ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، ڕوماڵی میدیایی لەسەر ئەدای حکومەت لە چوارچێوەی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها ڕوماڵی داتا و زانیارییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چالاکیەکان لە وێبسایتی فەرمی حکومەت.

## ڕاپۆرتەکان:

لەم بەشەدا ئاماژە بە ڕاپۆرتەکانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کراوە کە تیایاندا بەدواداچوون بۆ ئەو سەرنج و تێبینیانەی ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراون لەلایەنی نێودەوڵەتیەوە، بەتایبەت لە ڕاپۆرتەکانی وڵاتان، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری عێراق (یۆنامی)، ئاژانسەکانی یوئێن و ڕێکخراوە نێوەدەوڵەتییەکان، هاوکات هەڵوێست و هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خراوەتە ڕوو.

- ڕاپورتی ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.
- ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە رەوشی مافەکانی مرۆڤ.
- ڕاپۆرتی بڕیاردەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤی ئاوارە ناوخۆییەکان.
- ڕاپۆرتی بێسەروشوێنبوونی زۆرەملێ.
- ڕاپۆرتی ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ و دوو پرۆتۆکولی هاوپێچ.
- ڕاپۆرتی بەڵێننامەی نێۆدەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابوری و کۆمەلایەتی و کەلتۆری.
- ڕاپۆرتی وەرزی کاروچالاکی نووسینگەی ڕێکخەر لەگەڵ یۆنیتاد.

- ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێم و تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆکردنەوە و لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، گشت ئەو کار و چالاکییانەی تیمی یونیتاد لە خۆدەگرێت لە هەرێم ئەنجامیداوە لەوانە وەک پرۆسەی بەئەلیکترۆنیکردنی بەڵگەنامەکانی پەیوەندیدار بە تاوانەکانی داعش.

- ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ڕاپۆرتی خولی شەشەمی کۆماری عێراق تایبەت بە ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی ئەشکەنجەدان و جۆرەکانی تری مامەڵەی نامرۆڤانە، کە لەنیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢ لە گفتوگۆکانی جنێڤ پێشکەش کرا.

- ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی ڕاپۆرتی کۆماری عێراق بۆ خولی (١٥) مینی پەیماننامەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ پێشکەش بە لیژنەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی کرا. لەم ڕاپۆرتەدا هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ پاراستن و پەرەپێدانی رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە گشت بوارەکان لەڕووی یاساییەوە خستە ڕوو.

- وەڵامی ڕاپۆرتی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاریکاری کردنی عێراق (یۆنامی)، نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە دابینکردنی دادپەروەری لە عێراق مەرجە یاساییەکان و گەرەنتی کرداری لە نەهێشتنی ئەشکەنجەدان، ئاماژە بەوە کرا کە ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نا مرۆڤانە لە شوێنەکانی دەستگیر کردن لە عێراق و هەرێمی کوردستان ڕاستییێکە نکۆڵی لێناکرێ.

- وەڵامی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە ڕاپۆرتی روانگەی ئەوروپی- ناوەڕاست لە بارەی مامەڵەی حکومەت لەگەڵ خۆپیشاندەران کە بە ناونیشانی "ئەشکەنجەدان و دەستگیرکردنی نایاسایی خۆپیشاندەران لە هەرێم" بڵاوکرایەوە.

- ڕاپۆرتی تایبەت بە دەستگیرکردنی کوردانی کەرکوک دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، رۆژی ٢٠٢١/١٠/١٠ لە پارێزگای کەرکوک ژمارەیەک لە لایەنگر و هەواداری لایەنە کوردییەکان ئاهەنگی سەرکەوتنی لیستەکانیان گێڕا، بەڵام لەلایەن پۆلیس و دەزگا ئەمنییە سەپێنراوەکانی ئەم شارە ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەوە و هەڵمەتێکی بەرفراوانی دەستگیرکردنی گەنجانی کورد و هەڵکوتانە سەرماڵەکانیان لە گەڕەکە کوردنشینەکان دەستپێکرد بە بیانووی تێکدانی ئارامی و ئاژاوە نانەوە.

- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەڵامی ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی دایەوە دەربارەی ڕەوشەکانی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان تایبەت بە ساڵی ٢٠٢٠ بوو ، بە پشت بەستن بە داتای و زانیاری ورد کە لەلایەن تۆڕی هەماهەنگی حکومی بە دەستمان گەیشتبوو. لە ڕاپۆرتەکە چەند سێکتەرێک و ژمارەیەک کەیسی تایبەت خرانەڕوو لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕوویاندابوو تێبینی و سەرنج و ڕەخنەکانی خۆیان لە ڕاپۆرتەکەدا دەستنیشانکربوو، تایبەت بە ڕەوشی ژنان و منداڵان، نەبوونی سەروەری یاسا، ئازادی ڕادەربڕین و میدیا، ڕەوشی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان، بارودۆخی گرتووخانە و چاکسازییەکان، ڕەوشی ژینگە، گرفتەکانی کەرتی پەروەردە، کەرتی تەندروستی، ڕەوشی کرێکاران، بازرگانی کردن بەمرۆڤ، و مادده هۆشبەرەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/٢٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشدار بوو لە ڕاگەیاندنی یەکەم ڕاپۆرتی تایبەت بە پێشێلکارییەکان بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان کە لەلایەن ڕێکخراوی پەیامنێران بۆ ماف و گەشەپێدان سازکرابوو.

- ئامادە کردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە دۆخی ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێمدا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/٣، دوابەدوای دەرکردنی ڕاپۆرتی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یۆنامی)، و نووسینگەی کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان (OHCHR) کە ڕاپۆرتێکی هاوبەشیان سەبارەت بە دۆخی ئازادی ڕادەربڕین و دادگاییکردنی دادپەروەرانە لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە، لە پاشبەندەکەدا ڕاپۆرتی ڕوونکردنەوەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم هاوپێچ کرابوو. لە ڕاپۆرتی بەدواداچوونی حکومەتی هەرێم پابەندبوونی دامودەزگاکان دووپاتکراوەتەوە لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەو شوێنانەی کە پێویستن و بانگێشتی یۆنامی و لایەنە نێودەوڵەتییەکان کرا بۆ پەرەپێدانی زیاتر لە چوارچێوەی خولی ڕاهێنان و پاڵپشتی یاسایی بە دامەزراوەکان و هەروەها دامودەزگاکانی ئەمنی، جەخت لە ڕاوێژی بەردەوام کرا لە نێوان حکومەت و ڕێکخراوە داکۆکیکارەکان بۆ ئەوەی لە ڕووی نیگەرانییەکان سەبارەت بە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی میدیایی هاوکار و هەماهەنگبن.

- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دوای بەدواداچوون لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم، وەڵامی پرسیارەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای دایەوە لەبارەی ڕاپۆرتی بازرگانیکردن بە مرۆڤ.

- ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێم پێشکەش کرا لە کۆبوونەوەکانی پەیماننامەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ، کە لە بارەگای کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی لە قاهیرە، ڕۆژانی ١٤ و ١٥ی شوباتی ٢٠٢٢ ئەنجامدرا.

- ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێم پێشکەش کرا لە کۆبوونەوەکانی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە سیاسی و مەدەنییەکان، کە لە ڕۆژانی ٧و ٢٠٢٢/٣/٨ لە شاری بەغدا کۆبوونەوەکانی خولی (١٣٤)ی لیژنەی (UN) بۆ پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان بۆ گفتوگۆکردنی شەشەم ڕاپۆرتی خولی عێراق ئەنجامدرا.

- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕاپۆرتی حکومەتی هەرێمی پێشکەش کرد لەبارەی ڕەهەندە داراییەکانی تیرۆریستانی داعش لە کۆبوونەوەیەک لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا کە تایبەت بوو بە لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە داراییەکانی تاوانەکانی جەنگ، تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی.

- ڕاپۆرتی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ لەلایەن نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانەوە ئامادەکرا. ئەم ڕاپۆرتە تایبەت بوو بە بەدواداچوونی ئەو ڕاسپاردانەی کە لە لایەنە نێودەوڵەتییەکان و ڕێککەوتننامەکاندا هاتبوو.

- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕەشنووسی ڕاپۆرتی ساڵی یەکەمی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ ئامادەکرد ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەی لە ڕێوڕەسمێکدا خستەڕوو.

- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی، تایبەت بە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە جیهان چەندین پرسیاری ئاراستەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کرد. دوای بەدواداچوون

- لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم وەڵامی پرسیارەکانی کونسڵخانەی ناوبراو ئامادەکرا. جێی ئاماژەپێکردنە نووسینگەکەمان لە هەماهەنگی بەردەوام دایە لەگەڵ کونسڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر و بەردەوام تێبینی و پرسیارەکانی ئاراستەی نووسینگەکەمان دەکات تا ڕا و سەرنجی فەرمی حکومەتی هەرێم وەربگرێت لەبارەی ڕەوشی مافی مرۆڤ و لە ڕاپۆرتەکەیان ئاماژەی پێبدەن کە ساڵانە بڵاو دەکرێتەوە.

- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم وەڵامی پرسیارەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای ئامادەکرد لەبارەی ڕاپۆرتی ئازادی ئایینەکان و لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێم هاوبەشی پێکرد. سەبارەت بە ئازادی ئایینەکان ساڵانە وەزارەتی دەرەوەی

ئەمریکا ڕاپۆرت بڵاودەکاتەوە لە سەرتاسەری جیهان، حکومەتی هەرێمیش لەمبارەیەوە هەنگاوی باشی ناوە کە جێگای سەرنجی لایەنی نێودەوڵەتییە.

- دوای بەشداریکردنی شاندی حکومەتی هەرێم لە کۆنفڕانسی نەهێشتنی توندوتیژی جێندەری لەکاتی ململانێکاندا لە لەندەن، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕاپۆرتێکی ئامادەکرد و لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە حکومییەکان هاوبەشی پێکرد، کە بەوردی ئاماژە بە بابەتی نەهێشتنی توندوتیژی جێندەری دەدات و گرینگی بەشداری شاندی حکومەتی هەرێم لەم کۆنفرانسەدا خستەڕوو.

- حکومەتی هەرێم بە ڕاپۆڕتەکی تایبەت تێبینیەکانی خۆی سەبارەت بە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر ئازادییە ئایینییەکان پێشکەش کرد، ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەرێنیانە دەڕوانێتە ئەو لایەنانەی کە حکومەتی هەرێم بە پەرۆشەوە کاری تێیدا کردووە لە پاراستنی ئازادی ئایینی و پێکەوەژیانی پێکهاتەکان.

- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان چەندین ڕاپۆرتی پێشکەش بە لیژنەی نیشتمانی نووسینی ڕاپۆرتەکان کردووە لە حکومەتی فیدرال، لەوانە پابەندبوونی حکومەتی هەرێم سەبارەت بەو ڕێککەوتننامانەی کە عێراق ئەندامە تێدا و وەڵامدانەوەی ئەو ڕاسپاردانەی ئاراستەی هەرێم کراوە لە چوارچێوەی ڕاپۆرتەکانی کۆماری عێراق، لە وانە:

    - پانۆرامای خولی گشتگیر (UPR).
    - ڕێککەوتننامەی پاراستنی هەموو کەسەکان لە دیارنەمانی زۆرەملێ.
    - ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نامرۆڤانە.
    - ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک لە دژی ئافرەت (CEDAW).
    - ڕێککەوتننامەی مافی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.
    - ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری.
    - پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان.
    - پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان.
    - ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ.
    - بەڵگەنامەی بنەڕەتی کۆماری عێراق.
    - پەیماننامەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ.
    - پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی بەردەوام لەسەر چارەنووسی ئەو کەسانەی کە دوای هێرشەکانی داعش چارەنووسیان نادیارە.

- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان زیاتر لە (٤٠) ڕاپۆرتی تری پێشکەش بە لیژنەی نیشتمانی نووسینی ڕاپۆرتەکان کردووە سەبارەت بەو ڕاسپاردانەی کە لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پانۆرامای خولی گشتگیر (UPR) و لیژنەی مافی مرۆڤی عەرەبی کۆمکاری عەرەبی ئاراستەی هەرێم کراون. لە ساڵی ٢٠٢٣ نووسینگەی ڕێکخەر (٨) ڕاپۆرتی پێشکەش بە لیژنەی نیشتمانی نووسینی ڕاپۆرتەکان کردووە بەم ژمارەی خوارەوە:

  - پانۆرامای خولیی گشتگیر UPR (یەک).
  - ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری (یەک) .
  - پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان (دوو).
  - پەیماننامەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ (یەک).
  - بەڵگەنامەی بنەڕەتی کۆماری عێراق (یەک).
  - ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک لە دژی ئافرەت سیداو (یەک).
  - ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نامرۆڤانە (یەک).
  - ڕاپۆرتی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بە هەماهەنگی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد).

**<u>کۆبوونەوەکان:</u>**

- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٥ لە بەغدا بە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریمان کرد لە کۆبوونەوەی خولی لیژنەی هەماهەنگی نیشتمانی لەگەڵ تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ناساندن و لێپیچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یۆنیتاد) بە ئامادەبوونی کەریم احمد خان سەرۆکی تیمەکە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٨ لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان ئەنجامدرا لەگەڵ تیمی لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) ، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی دام ودەزگا، دادوەر، سەربازی، ئاسایش، پێکهاتەکان و ئەندامانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/١٢ سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی نێوان تیمی لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش و نوێنەرانی حکومەتی هەرێممان کرد.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/١٣ لە کوبوونەوەی لیژنەی تەکنیکی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئامادەبووین.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٥ بەشدار بووین لە کۆبوونەوەی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەگەڵ بەڕێز کەریم خان ڕاوێژکاری تایبەتی تیمی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد).

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/١٤ لە وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی فیدرال نووسینگەی ڕێکخەر کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا لەگەڵ باڵیۆز لوقمان فەیلی سەرۆکی لیژنەی هەماهەنگیکاری لە بەغدا، بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش، تیشک خرایە سەر هەنگاوەکانی سەرخستنی کاری یونیتاد و ڕۆلی هەرێمی کوردستان لەو ڕووەوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/١٧ لە نووسینگەی ڕێکخەر کۆبوونەوەیەک ئەنجامدرا لەگەڵ کریستۆڤەر گوسنێلڕاوێژکارییاسایی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، تیشک خرایە سەر ئەو دەستکەوتانەی بەدیهاتوون لە ڕێکخستنەوەی ئەرشیفەکانی لێکۆڵینەوە و دادوەری، ئاماژە درا بە بەردەوامی هەماهەنگی نێوان نووسینگەی ڕێکخەر و تیمی یونیتاد.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/١٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کۆبوونەوەی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم کوردستانی کرد. لەگەڵ شاندێکی خاچی سووری نێودەوڵەتی بەسەرۆکایەتی ژان ژیرۆم بەرپرسی ڕێکخراوەکە لە عێراق، لە دیدارەکەدا چالاکییە مرۆییەکان و پلان و بەرنامەکانی ڕێکخراوەکە لە عێراق و هەرێمی کوردستان تاووتوێ کرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کۆبوونەیەکی ئەنجام دا لەگەڵ بەڕێز سیروان گەردی سەرپەرشتیاری تۆری هەماهەنگی ڕێکخراوەکان (CNO)، لە بارەی "ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵیەکان" بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەک بە مەبەستی هەماهەنگی نێوان حکومەت و ڕێکخراوە ناوەخۆیی و نێودەوڵەتیەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/١٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوەڵەتییەکان، بەشداری کرد لە کۆبوونەوەی بەڕێز مەسروور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و "کەریم ئەسعەد ئەحمەد خان"، ڕاوێژکاری تایبەتی و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتیی لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد). گفتوگۆ کرا لەبارەی هەنگاوەکانی پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش و هەماهەنگیی دەسەڵاتی دادوەریی و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا لەگەڵ بەڕێز گێراڵد کەیسی، سەرۆکی دەستەی کار و چالاکی یونیتاد، تیشک خرایە سەر بوارەکانی هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێم و یونیتاد، هاوکات ئەو بابەتە لەپێشینانە تاوتوێی کرا کە پێویستی بە لێکتێگەیشتنی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی هەوڵەکان بەربگرن.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کرد. کە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسرور بارزانی لەگەڵ بەڕێز کریستیان ریتسچێر، سەرۆکی نوێی تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کۆکردنەوە و لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)ئەنجام درابوو، سەرۆکی حکومەت، پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە سەرۆکی نوێی یونیتاد کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرکەکانیدا، جەختیشی کردەوە لە گرنگیی پاڵپشتی (یونیتاد) بۆ هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوەخۆ کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا بە ئامادەبوونی بەشی ئەرشیفکردن و بەئەلیکترۆنیکردن لە تیمی یونیتاد، بە مەبەستی پێداچوونەوە بە میکانیزمی ئەرشیفکردنی بەڵگە و داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە تاوانەکانی داعش.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان یەکەم کۆبوونەوەی نوێنەرانی وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەنجامدا، کۆبوونەوەکە بۆ جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی مافەکانی مرۆڤ بە ئامادەبوونی نوێنەری گشت وەزارەت و فەرمانگە و دەستەکانی حکومەتی هەرێم و نوێنەری یۆنامی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەڕێوەچوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٧ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ نوێنەرانی دەزگا ئەمنییەکان لەسەر پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەنجامدرا، تیشک خرایە سەر یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان، بەڕێوەبردنی خانە چاکسازییەکان، ڕاهێنانی ئەفسەران و هۆشیاری میللی لەسەر یاساکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/١٤ کۆبوونەوەکانی پەیماننامەی عەرەبی مافی مرۆڤ لە قاهیرە ئەنجامدرا، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەرۆکی شاندەکە بوو لە چوارچێوەی شاندی کۆماری عێراق. سەرۆکی شاندی حکومەتی هەرێم چەند وتەیەکی سەبارەت بەو ڕاسپاردانە پێشکەش کرد کە ئاڕاستەی هەرێمی کوردستان کرابوون لە چوارچێوەی کۆماری عێراق سەبارەت بە گەڕانەوەی ئاوارەکان.

- ڕێکەوتی٢٠٢٢/٨/٢٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەڵەتییەکان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێز دیڤید هەنت کونسوڵی گشتی بەریتانیا و نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی لە هەولێر ئەنجامدا، کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە گفتوگۆکردن سەبارەت بە یەکسانی جیندەری و جێبەجێکردنی لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ ٢٠٢١-٢٠٢٥، هەروەها باس لە هەنگاوەکانی بەهێزکردنی ئافرەتان کرا لە شانشینە یەکگرتووەکانی بەریتانیا. پسپۆرانی تایبەتمەند بە بواری یەکسانی جێندەری لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی ڕۆڵی حکومەتی هەرێمیان بەرز نرخاند لە داکۆکی لە پاراستن و بەهێزکردنی ڕۆڵی ئافرەتان، کونسوڵی گشتی بەریتانیا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هاوکاری کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بوارە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٢٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەڵەتییەکان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ژمارەیەک لە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر ئەنجامدا. کە هەریەکە لە نوێنەرانی یۆنامی، فاو، هابیتات و GIZ ئامادە بوون، دوایین هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی خرانەڕوو، تیشک خرایە سەر ڕۆلی ئەو ئاژانسانە لە هاوکاری کردنی حکومەتی هەرێم بەپێی پسپۆری و تایبەتمەندیی خۆیان و دانانی ستراتیژیەتێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراق.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٢٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەڵەتییەکان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ خاتوو ئانێت لیث لە نووسینگەی مافی مرۆڤی یۆنامی هەولێر ئەنجامدا، ئەم کۆبوونەوەیە دەربارەی بەرەوپێشچوون و قۆناغەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ بوو لەوانەش ئەنجامدانی وۆرکشۆپ، هاوکات جەخت کرایەوە لەسەر گرنگی هاریکاری یۆنامی لە چەندین بابەتی جیاوازی وەکو ئازادی ڕادەربڕین و توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٣١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەڵەتییەکان کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا لەگەڵ بەڕێز مویو بریسلار ڕێکخەری چارەسەرییە هەمیشەییەکان لە ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی (IOM) بۆ خستنەڕووی ئەو بابەتانەی لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی پەیوەستن بە بابەتی ئاوارەو پەنابەران، هەروەها لەنزیکەوە نووسنگەکەمان ئاشنای پلانی ڕێکخراوی ناوبراو بوو لەبارەی هەنگاوەکانی یارمەتیدانیان و گەراندنەوەی خۆبەخشانەی پەنابەران بۆ زێدی خۆیان و خێراکردنی هاوکاری و دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست لەمبارەیەوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران ڕاپۆرتی ساڵی یەکەمی جێبەجێکردنی پلانی مافی مرۆڤ بۆ جەنابی سەرۆک وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان خستەڕوو. ئاماژەی بە بەرەوپێشچوون و ئاستەنگەکان و چارەسەرەکان کرد. سوپاسی جەنابی سەرۆک وەزیران و ئەنجوومەنی وەزیرانی کرد بۆ پێشوازییان لە ڕاپۆرتەکە، دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە ئەنجومەنی وەزیران بە تێکڕای دەنگ ڕاپۆرتەکە پەسەندکرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٢٣ لە وەزارەتی دادی حکومەتی فیدراڵی شاندی نووسینگەی ڕیکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشدار بوو لە کۆبوونەوەی لیژنەی(نیشتمانی نووسینی ڕاپۆرتی ئەو ڕێککەوتننامانەی عێراق پەسەندی کردوون و وەڵامدانەوەی ئەو تێبینی و ڕاسپاردانەی تایبەتن بە ڕێککەوتننامەکان) تایبەت بە گفتوگۆکردنی ڕەشنووسی ڕاپۆرتی کۆماری عێراق سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری ڕەگەزپەرستی، بە مەبەستی پێشکەش کردنی بە حکومەتی ئیتحادی و پەسەندکردنی. لەم کۆبوونەوەیەدا کە سەرۆکی لیژنەی ناوبراو و نوێنەرانی گشت وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی ئیتحادی ئامادەی بوون، تێبینی و سەرنجەکانیان خستە روو سەبارەت بە ڕەشنووسی ڕاپۆرتەکە و تیشکمان خستە سەر هەوڵ و

چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ڕاسپاردەکانی ڕێککەوتننامەی ناوبراو بۆ ئەوەی بخرێنە نێو ڕاپۆرتی کۆماری عێراق.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٢٤ لە بەغدا شاندی نووسینگەی ڕیکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشدار بوو لە کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیکاری عێراقی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد (NCC)، تیشکیان خستە سەر چالاکییەکانی حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی هەماهەنگیی لەگەڵ یونیتاد لەوانەش: پرۆسەی ئەرشیفکردن و بە دیکیۆمێنت کردنی بەڵگەی تاوانەکانی داعش، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی زۆری بڕیوە بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و ئەم پرۆسەیە بەردەوامە بە هەماهەنگی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هاوکاری تەواوی تیمی یونیتاد دەکەن بۆ سەرخستنی ئەرکەکانی. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا چەندین بابەتی دیکە خرانەڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١٩ لە بەردەوامی کۆبوونەوەکانی لیژنەی ئاڕاستەکار، دەیەم کۆبوونەوەی لیژنەکە لە نێوان هەریەک لە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و بەڕێز هۆگر باپیر بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێز ئەنیس ئەحمەد بەرپرسی نووسینگەی بەڕێوەبردنی بەڵگەکان لە یونیتاد و تیمەکەی بەڕێوەچوو، ئامانجی کۆبوونەوەکە بەدواداچوون بوو بۆ دوایین بەرەوپێشچوونەکانی پڕۆژەی بەدیجیتاڵکردنی حکومەتی هەرێم پەیوەست بە بەڵگەکانی تاوانەکانی داعش، هاوکات ئەم پڕۆژەیە لە لایەن تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆلینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) هاریکاری لۆجستی و تەکنیکی پێشکەش دەکرێ، کە ناوەندی پڕۆژەکە لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/٢٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەڕێز ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی و ئابووری کرد، لە کۆبوونەوەکەدا دوایین وێنەی لە ڕاپۆرتی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی پێشکەش کرا. بەڕێز وەزیری دارایی و ئابوری ئاماژەی بە بەشێک لە دیارترین دەستکەوتەکانی وەزارەت کرد و ئامادەیی پێشاندا بۆ هەر هەماهەنگی و هاوکارییەک بۆ سەرخستنی پلانەکە. پلانی هەرێمی پلانێکی گشتگیرە چەندین ڕاسپاردەی نێودەوڵەتی تایبەت بە بواری دارایی و ئابوری ئاڕاستەی حکومەتی هەرێم کراوە و وەزارەتیش هەنگاوی باشی ناوە لە دەرکردنی ڕێکار بۆ وەڵامدانەوەی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە پلانی هەرێمیدا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاری کرد کە لەلایەن پەیمانگای قورتوبە بۆ ئاشتی - جنێف بە بەشداریڕاوێژکاریسەرۆک وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ژمارەیەک پسپۆر و شارەزای یاسایی سازکرابوو بۆ تاوتوێ کردنی ڕەشنووسی یاسای بێسەروشوێنبووان، لەم کۆبوونەوەیەدا باس لەو قۆناغ و شێوازانە کرا کە تێیدا گەلی کوردستان بۆتە قوربانی تاوانی بێسەروشوێنبوون لە سەردەمی رژێمی بەعس تا دەگاتە هێرشەکانی داعش، لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تیشکی خستە سەر گرنگیدانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم بەم بابەتە لە چوارچێوەی

جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە یارمەتیدانی کەسوکاری قوربانیانی تاوانی بێسەروشوێنبوون و گرنگی بوونی دەستەیەکی تایبەت بە کاروباری بێسەروشوێنبووان کرد لە چوارچێوەی یاسایەک بۆ ڕێکخستنی ئەم پرسە و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/١١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە خزمەت بەڕێز جەنابی سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی گەیشت، لەم کۆبوونەوەیەدا تێڕوانینێکی گشتگیر و پەیوەست بە ئەرکەکانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکانی خستەڕوو.

- ڕۆژانی ٢١-٢٠٢٣/٦/٢٢ لە بەغدا دووەمین کۆبوونەوەی گفتوگۆی ستراتیژی نێوان لیژنەی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد (NCC)، حکومەتی هەرێم و یونیتاد ئەنجامدرا، لەم گفتوگۆیەدا نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان تیشکی خستە سەر ئەوەی کە حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی لیژنەی هەماهەنگی نیشتمانییەوە ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆهاوکاری کردن لەگەڵ یونیتاد لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی یاسایی و ئەرشیفکردنی بەڵگەنامەکان و کۆکردنەوە و شیکردنەوەی بەڵگەکان سەبارەت بە تاوانەکانی داعش، هەروەها باسی لەو کار و چالاکیانە کرد کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون و ئەوانەی بە هاوبەشی لەگەڵ یونیتاد ئەنجامدراون لەوانە ئەرشیف کردنی تاوانەکانی داعشی لە لیژنەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە و چارەسەرکردن، پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای وەزاری بۆ بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی داعش کە بەرامبەر هەموو پێکهاتەکان ئەنجامدراون، بەتایبەتی کوردانی ئێزیدی، ئامادە کردنی ڕەشنووسی یاسای دادگای تاوانەکانی تایبەت بە تاوانەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان - عێراق، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمانی هەرێم، دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاریدا کە دەستوور ڕێگا نادات دادگایەکی تایبەت دابمەزرێنێت لە هەرێم، لە کۆتاییدا جەخت لەوە کرایەوە کە پێویستە پسپۆڕانی نیشتیمانی دابمەزرێن، بۆ کارکردن لە تیمی یونیتاد، بە لەبەرچاوگرتنی پسپۆڕانی هەرێمی کوردستان کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە تاوانەکانی داعش و قوربانیانیەوە هەیە.

- ڕێکەوتی٢٠٢٣/٨/٢٢ نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لە کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیگاری نیشتمانی و تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) بەژداربوو کە لە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە بەغدا بە سەرپەرشتی بەڕێز د. زێدان خەلەفڕاوێژکاریسەرۆک وەزیرانی عێراق، سەرۆکی لیژنەی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد (NCC) ئەنجامدرا، کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە گفتوگۆ کردن دەربارەی وەڵامی یونیتاد سەبارەت بە نیگەرانییەکانی (NCC) و حکومەتی هەرێم و هەنگاوەکانی داهاتووی هەماهەنگی لەگەڵ (یونیتاد).

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٣٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژی جیهانی بێسەروشوێنبووان بەشداریان لە گفتوگۆیەکی کراوە کرد کە لەلایەن کۆمیتەی نێودەوڵەتیی کاروباری کەسانی بێسەروشوێنبووان ئەنجامدرا، لەم گفتوگۆیە کراوەدا وتارێکیان پێشکەش کرد و تێیدا تیشکیان خستە سەر قۆناغەکانی بێسەروشوێن کردنی میللەتی

کورد لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تا دەگاتە قۆناغی هاتنی تیرۆریستانی داعش و ئەو زیانە گیانی و ماددیانەی کە تووشی گشت پێکهاتەکانی کوردستان هاتن، لە بەشێکی دیکەی وتارەکەدا باسیان لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی تاوانی بێسەر و شوێنبوون و کەسوکاریان لەرووی یاسایی و پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەوە و هەماهەنگی لەگەڵ تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، هەروەها ئەوەشیان ڕوونکردەوە کە لە میانەی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ (٣٨٩) ڕاسپاردە ئاڕاستەی حکومەتی هەرێم کراون لەوانە (٩) یان تایبەتن بە تاوانی بێسەروشوێن کردن و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم کار دەکەن بۆ جێبەجێکردنیان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٢٤ نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان یەکەم کۆبوونەوەی ئامادەکاری کۆنفرانسی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان لە وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ بەڕێز د. سامان بەرزنجی وەک سەرۆکی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان ئەنجامدا، کۆبوونەوەکە گفتوگۆکردن بوو لەسەر ئامادەکاری ئەم کۆنفرانسە هەردوولا کۆک بووین لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئامانج لەم کۆنفرانسە یەکخستنی هەوڵەکانی لایەنی نێودەوڵەتی و دامودەزگاکانی حکومی بێت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، لە کۆتاییدا بەڕێز وەزیری تەندروستی سوپاسگوزاری خۆی بۆ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەربڕی لە دەستپێشخەری بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە کۆنفرانسە و پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ سەرخستنی خستەڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٢٥ نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان لە شاری بەغدا بەشداریان کرد لە کۆبوونەوەیەکی لیژنەی هەماهەنگی نشتیمانی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یۆنیتاد (NCC) کۆبوونەوەکە بۆ تاوتوێکردن و دانانی نەخشەڕێگای جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (٢٦٩٧) تایبەت بە نوێکردنەوەی ویلایەتی یونیتاد، لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر چۆنیەتی هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد و دانانی میکانیزمێک بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەکان و ئاشکرا کردنی ئەو لایەنانەی کە بەڵگەنامەکانیان پێدراوە لەگەڵ جۆر و بڕی بەڵگەنامەکان، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کار بکرێت بۆ دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعش و قەرەبوکردنەوەی قوربانیان و کەسوکاریان، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تیشکیان خستە سەر هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم و هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد لە پرۆژەی ئەرشیف کردن، بونیادنانی تواناکان، هەروەها جەختمان لەوە کردەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی داهاتوو ڕۆڵێکی کاریگەری دەبێت لەو تیمانەی کە بڕیارە (NCC) پێکیان بهێنێت لە بوارەکانی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی، پزیشکی دادی، ئیدارە کردنی مەلەفە ئەلیکترۆنییەکان و تیمی یاسایی دادوەری بۆ وەرگرتنی کەیسەکان و هەڵسەنگاندنیان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٢٥ نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان لە شاری بەغدا سەردانی بەڕێز د.خالید شوانی وەزیری دادی حکومەتی ئیتحادی/ سەرۆکی لیژنەی نیشتمان نووسینەوەی ڕاپۆرتی ڕێککەوتننامەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ کرد، لەم دیدارەدا ئەوەی خستەڕوو کە هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی

ئیتحادی سەرکەوتوو بووە و دەستکەوتی گرنگ بە دەستهاتووە لە پرۆسەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها باس لە هەماهەنگی نێوان نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و لیژنەی ناوبراو کرا و میکانیزمی ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشانەی لە ساڵانی ڕابردوودا شاندی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتحادی پێشکەشیان کردووە خرایەڕوو، لەلایەن خۆیەوە د. خالید شوانی وەزیری دادی حکومەتی ئیتحادی وتی: هەماهەنگی نێوان نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و لیژنەی نیشتمانی نووسینەوەی ڕاپۆرتەکانی ڕێکەوتننامەکانی مافی مرۆڤ تا ئێستا سەرکەوتوو بووە و ڕاپۆرتەکانی هەرێم بە گرنگ دەزانین و بەشێکی زۆری ڕاپۆرتی کۆماری عیراق پێکدەهێنێت و بە تەواوکەریان دادەنرێت, هەروەها داوای کرد ئەم جۆرە هەماهەنگییە بەرفراوانتر بکرێت و پەرەی زیاتری پێ بدرێت و تەنیا بەغدا بە ڕاپۆرتی ڕێککەوتننامەکان بەڵکو گشت بوارەکانی دیکەی مافی مرۆڤ بگرێتەوە و حکومەتی هەرێم لە ڕێگای نووسینگەی ڕێکخەرەوە بەشداریی کارایان هەبێت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٢٣ بە سەرپەرشتی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان کۆبوونەوەیەک لە نێوان هەریەک لە نوێنەری پەرلەمان، ئەنجومەنی شورا، وەزارەتی شەهیدان، ئاسایشی گشتی، و داواکاری گشتی بەڕێوەچوو، مەبەستی کۆبوونەوەکە بۆ گفتوگۆکردن بوو سەبارەت بە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵ پەیوەست بە ڕەشنووسی پڕۆژەی یاسای هەرێم دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش، هەروەها تیشکیش خرایە سەر ڕەشنووسی پڕۆژەی یاسای حکومەتی فیدراڵ بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/١٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە بەغدا کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ دکتۆر زیدان خەلەف سەرۆکی لیژنەی هەماهەنگی نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش ئەنجام دا، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە دوایین پێشهاتەکان کرا سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (٢٦٩٧)ی ئەنجومەنی ئاسایش تایبەت بە درێژکردنەوەی ماوەی ئەرکی تیمی لێکۆڵینەوە تا ١٧ی ئەیلوولی ٢٠٢٤، ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی چوار تیم بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە ئەوانیش: تیمی لێکۆڵینەوەی یاسایی دادوەری تایبەتمەند بە یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ بۆ گفتوگۆکردن و شیکردنەوەی بەڵگەکان، تیمی تەکنیکی تایبەتمەند لە بەڕێوەبردنی فایلە ئەلیکترۆنییە ئەرشیفکراوەکان، تیمێکی تایبەتمەند لە پزیشکی دادوەری و گۆڕی بەکۆمەڵ و تیمی داخستنی بارەگەکانی یونیتاد، لە هەرێمی کوردستانیش بە سەرپەرشتی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان چوار تیمی هاوشێوە پێکدەهێنرێن بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم.

## لیژنەی هەماهەنگی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد (NCC)

دوای بڕیاری ژمارە (٢٣٧٩)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (٢٠١٧/٩/٢١) تایبەت بە دامەزرانی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەوپێشبردنی لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، پێکهێنانی یونیتاد لەسەر داوای حکومەتی عێراقی بووە بە ئامانجی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و هاریکاری کردنی عێراق بۆ دادگایی کردنی تیرۆریستانی داعش. بۆ ئاگادار بوون لە کارو چالاکییەکانی یونیتاد و هاوکاری کردنی حکومەتی ئیتحادی لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ هەماهەنگی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد (NCC) بەپێی فەرمانی دیوانی ژمارە (٢١٩ لە ساڵی ٢٠٢٠).

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی وەک نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەندامی (NCC)ە، لەو ماوەیەدا نووسینگەی ڕێکخەر لە هەماهەنگی بەردەوامدا بووە لەگەڵ (NCC) و یونیتاد لە میانەی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی بەغدا، پرۆسەی ئەرشیفکردن و بە دیکیۆمێنت کردنی بەڵگەنامەکان، وۆرکشۆپ، چالاکییە هاوبەشەکان لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق، ئەو مەراسیمانەی کە بۆ گەڕاندنەوەی روفاتی قوربانییەکان ئەنجامدراون و چەندیین بواری دیکە.

ئەم لیژنەیە لە سەرەتادا لەلایەن بەرێوەبەری نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی فیدڕاڵەوە سەرپەرشتی دەکرا، دواتر سەرپەرشتیکردنی ئەم لیژنەیە درا بە نووسینگەی وەزیری دەرەوەی عێراق. لە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٩/٧ دا بەڕێز قەحطان تەها خەلەف بریکاری وەزیری دەرەوەی حکومەتی فیدڕاڵ بۆ کاروباری یاسایی و فرەلایەن وەک سەرۆکی لیژنەی هەماهەنگیکار دەستنیشانکرا.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لیژنەی ناوبراو دەستنیشانکراوە، لیژنەکەش لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێکهاتووە:

- د. قەحطان تەها خەلەف، بریکاری وەزیری دەرەوەی حکومەتی فیدڕاڵ سەرۆکی لیژنە.
- د. عیصام حاتەم حوسێن، جێگریڕاوێژکاریئاسایشی نیشتمانی.
- غەسان لعیبی مەناتی، نوێنەری نووسینگەی سەرۆک وەزیران.
- مورتەزا حەسەن نەشعان نوێنەری ئاسایشی نیشتمانی عێراق.
- السید فکرت حسین علوان، نوێنەری ئەنجومەنی باڵای دادوەری.
- د.خلیل ئیبراهیم حوسێن، نوێنەری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەستەی باڵا بۆ هەماهەنگی کردن لە نێوان پارێزگاکان.
- سەعد نعمە مەکتوف، وەزارەتی دەرەوە (بڕیاردەری لیژنە).

ئەمەی خوارەوە ئەو کار و چالاکیانەن کە بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی هەماهەنگی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد (NCC) ئەنجامدراون:

ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/١٤ لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتمانی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش. لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر میکانیزمی کارکردن لەگەڵ یونیتاد، ئەو چالاکیانەی لەم رووەوە ئەنجامدراون، هەنگاوەکانی داهاتووی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتمانی، تێبینی و سەرنجەکانی حکومەتی هەرێم لەسەر کارەکانی یونیتاد لە هەرێم.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/١٦ کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیگاری نیشتمانی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق بەسترا. لەم کۆبوونەوەیەدا چەند بابەتێک خرایەروو کە بریتی بوو لە تێبینی و سەرنجەکانی لایەنەکانی حکومەتی هەرێم لەسەر کارەکانی یونیتاد و هەماهەنگی دام و دەزگاکانی حکومەت لەگەڵ تیمی ناوبراو لە ماوەی ڕابردوودا و ئەو ستراتیژ و بەرنامە هاوبەشانەی کە لە داهاتوودا ئەنجامیان دەدەین.
- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/١ کۆبوونەوەیەک لە وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی فیدرال ئەنجام درا، لە سەر دەستنیشانکردنی بەربژێرانی نیشتیمانی (هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی) بۆ مەبەستی دامەزراندن و کارکردن لەگەڵ تیمی یونیتاد وەک لێکۆلەری دادوەری کە پێشتر لیژنەی هەماهەنگی نیشتیمانی و یونیتاد لەسەری ڕێککەوتبون.
- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/٢٧ کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەی هەماهەنگی نیشتیمانی NCC و تیمی نێودەوڵەتی (یونیتاد) لە بەغدا ئەنجام درا، کۆبوونەوەکە بە ئامادەبوونی بەڕێز کەریم ئەسعەد ئەحمەد خان راوێژکاری تایبەت و سەرۆکی تیمی نێودەوڵەتی (یونیتاد) بەڕێوە چوو. لەم کۆبوونەوەیەدا لە بارەی پڕۆژەی ئەرشیفکردن و بەئەلیکترۆنیکردن، پێشکێشکردنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لەلایەن تیمی یونیتاد بە حکومەتی عێراقی، سەکۆی گەواهیدان (منصة الشهود)، هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان، داتاو زانیاری تۆڕەکانی کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن، چاوپێکەوتنی سزادراوانی لە سێدارەدان لەلایەن تیمی یونیتاد گفتوگۆیان لەبارەوە کرا.
- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/١٦ (لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی NCC) لە بارەگای وەزارەتی دەرەوە لە بەغدا بۆ مەبەستی گفتوگۆکردن لە بارەی پڕۆژەی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن و ئەو پاڵێوراوانەی بۆ سەرۆکایەتی کردنی تیمی یونیتاد داوایان پێشکەش کردووە کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا. یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن کە بڕیارە لە نێوان ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق و تیمی یونیتاد واژوو بکرێت، لایەنی عێراقی تێبینی زۆریان لەسەر ئەم یاداشتنامەیە هەبوو و پێیان وابوو چەندین کەموکوڕی لەخۆ دەگرێت. نوسینگەی ڕێکخەر ڕاپۆرتی دوایین هەماهەنگی نێوان حکومەتی

هەرێم و یونیتادی بە لیژنەی نیشتیمانی دا و پێویستە ئەنجومەنی باڵای دادوەری هەرێم لەبارەی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە نێوان عێراق و یونیتاد تێبینی خۆیان بخەنە روو. حکومەتی عێراقی پشتگیری بەڕێز (کریستیان ریتسچێر) کرد لەسەر وەرگرتنی پۆستی راوێژکاری تایبەت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٧ لە وەزارەتی دەرەوە لە بەغدا کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگی نیشتمانی (NCC) بۆ هەمانگی کردن لەگەڵ تیمی یونیتاد بە ئامادەبوونی ئەندامانی لیژنە و نوێنەری نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم ئەنجامدرا. لەم کۆبوونەوەیەدا چەند تەوەرێک خرانە روو، لەوانە دیاری کردنی سەرۆکی نوێی تیمی یونیتاد، دەستنیشانکردنی کەسایەتییەکی عێراقی بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی یونیتاد.
- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٤ کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگی نیشتیمانی NCC لە بەغدا ئەنجامدرا، کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بەو یارمەتی و پاڵپشتییەی لەلایەن تیمی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) دەتواندرێت پێشکەش بە حکومەتی فیدراڵ بکرێت، بۆ جێبەجێکردنی پابەندبوونەکانی حکومەت تایبەت بە یاسای (ئافرەتە ئێزیدییە رزگارکراوەکان) ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢١، هەروەها هەڵسەنگاندنی کارەکانی تیمی یونیتاد لە ماوەی کارکردنیان لە عێراق.
- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٢٢ کاتژمێر ١١ ی سەر لەبەیانی، (لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی NCC) لە وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی فیدراڵ کۆبوونەوەیەک ئەنجام درا، ئەم کۆبوونەوەیە بە سەرپەرشتی بەڕێز (قەحطان طە خەڵەف) بریکاری وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری فرەلایەنی و کاروباری یاسایی وەک سەرۆکی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی بەڕێوە چوو.
- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١٢ لە بەغدا کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی بە سەرپەرشتی بەڕێز سەعد عەبدەلی و ئامادەبوونی بەشێک لە ئەندامانی لیژنەی هەماهەنگیکار و ئەندامانی تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کۆکردنەوە و لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) بەڕێوەچوو. بەڕێز جیراڵد کەیسی بەرپرسی ستافی تیمی یونیتاد، مایکڵ پۆلۆوسکی یاریدەدەری تایبەتی راوێژکاری تایبەت، حنان البدوی بەرپرسی بەشی سیاسی لە تیمی یونیتاد، عبدالغنی سنجاری بەرپرسی پرۆتۆکۆل لە تیمی یونیتاد ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە داڕشتنی پلانێکی ستراتیژی هاوبەش لە نێوان تیمی یونیتاد و لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی لە ماوەی ئایندەدا.

ئەمەی خوارەوە ئەو کار و چالاکیانەن کە لە ساڵی ٢٠٢٢ بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی هەماهەنگی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد (NCC) ئەنجامدراون:

لە ڕێکەوتی ١٢ و ٢٠٢٢/١/١٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداریکرد لە ۆورکشۆپی تایبەت بە دانانی پلانی ستراتیژی هەماهەنگیی نێوان تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتمانی بۆ هەماهەنگی یونیتاد (NCC). لەم کۆبوونەوەدا بەڕێزان قەحتان تەها بریکاری وەزیری دەرەوەی عێراق بۆ کاروباری فرەلایەنی و یاسایی و سەرۆکی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی(NCC)، کریستیان ڕێتسچیرڕاوێژکاریئەمینداری گشتی (UN) سەرۆکی تیمی یونیتاد و ئەندامانی تیمی یونیتاد، نوێنەرانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، دەزگای هەواڵگری، راوێژکاریەتی ئاسایشی نیشتمانی و دام و دەزگا پەیوەندارەکانی حکومەتی عێراق و لەلایەن حکومەتی هەرێمیش ریکخەری ڕاسپاردە نیودەولەتیەکان و نوێنەری ئەنجومەنی دادوەری و سەرپەرشتیاری پرۆژەی ئەرشیفکردن لە وەزارەتی ناوخۆ و بەرپرسی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و بەرپرسی دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی زانیاری ئامادەی ئەم وۆرکشۆپە بوون.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک نوێنەری حکومەتی هەرێم لە (NCC) تیشکی خستە سەر هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد لەسەر ئاستی نیشتمانی و لەگەڵ تیمەکانی یونیتاد لە ئاستی جیاجیادا و لەو رووی ئاڵوگۆڕی زانیاری هەنگاوی باشمان ناوە، بەتایبەتی لە ئەرشیفکردنی و دیکیۆمێنت کردنی بەڵگەنامەکان، گرنگی بەشداری کردنی نوێنەرانی هەرێمی کوردستان لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی یونیتاد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، مەشق و بونیادنانی تواناى دادوەر و لێکۆڵەران.

هەروەها هەوڵەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی باس کرد بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ یونیتاد و (NCC) بە پێکهێنانی لیژنەیەکی وەزاری بە ناوی (لێژنەی باڵای وەزاری بۆ تاوانەکانی تیرۆریستانی داعش و ناساندنی وەک کۆمەڵکوژی و تاوانی نێودەوڵەتی)، هەروەها لیژنەی کۆکردنەوەی زانیاریی، راسپاردنی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ نووسینگەکانی یونیتاد، پێکهێنانی تۆڕێکی زانیاری لە نوێنەرانی وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕی زانیاری خێراتر بکرێت لە نێوانمان.

ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٣ لە لە بەغدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداریی کرد لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندنی کۆبوونەوەی گفتوگۆی ستراتیژی نێوان عێراق و یونیتاد کە لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ لە هەولێر ئەنجامدرا، بە ئامادەبوونی قەحتان تەها سەرۆکی لیژنەی هەماهەنگیکاری عێراقی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد (NCC) وگشت ئەندامانی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتمانی بۆ هەماهەنگی یونیتاد (NCC) بەڕێوەچوو. بەشێوەیەکی

گشتی کۆبوونەوەی گفتوگۆی ستراتیژی سەرکەوتوو بوو، یەکەمجار بوو لەم ئاستەدا کۆبوونەوەی هاوشێوە ئەنجام بدرێت و ڕاشکاوانە باس لە کەموکورتییەکان بکرێت و بەدوای چارەسەردا بگەڕێین. سەبارەت بە دادگایی کردنی تیرۆریستانی داعش، داوامان کرد کە پێویستە پشتگیری لە هەنگاوەکانی دامەزراندنی دادگایەک بکرێت بۆ دادگایی کردنی تیرۆریستانی داعش لەسەر تاوانەکانی کۆمەڵکوژی، تاوان دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ، دەبێ ڕۆڵی هەرێم لەم پرۆسەیەدا لەبەرچاو بگیرێت، چونکە تاوانەکان و قوربانییەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە.

لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداریکرد لە گوندی حەردان لە باشووری چیای شەنگال، لە مەڕاسیمی هەڵدانەوەی ٧٠ گۆڕی قوربانیانی ئێزیدییەکان. ئەم مەراسیمە بە ئامادەبوونی ژمارەیەک بەرپرسی حکومەتی فیدراڵی و خۆجێیی و نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکخرابوو، وتاری جەنابی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێم لەلایەن ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشکێشکرا. ئێزیدییەکان قوربانی دەستی ڕەشی تیرۆرن، حکومەتی هەرێم هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ بەجینۆسایدناساندنی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە ئێزیدییەکان کراوە.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان باسی لەوە کرد کە داعش تاوانی گەورەی دەرهەق بە گشت پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان کردووە بەتایبەتی کوردانی ئێزدی و گشت پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤی پێشێل کردووە، سەرەڕای ئەوەش ئێزدییەکان توانیان کەلتوور، ناسنامە و ئایینی خۆیان بپارێزن، ئاماژەی بەوەش کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە عێراقی و نێودەوڵەتییەکان هەوڵ دەدات هەموو پێکهاتەکان بپارێزێت بۆ ئەوەی بەسەربەرزی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و ناوچەکانیان ئاوەدان بکرێتەوە و ئارامی و سەقامگیری بگەڕێندرێتەوە شنگال و گشت ناوچە کێشە لەسەرەکان.

ڕێکەوتی٢٠٢٢/٤/١٣ بە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم و سەرۆکی شاندی لیژنەی هەماهەنگی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ تیمی یونیتاد (NCC) لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە داراییەکانی تاوانەکانی جەنگ، تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جینۆساید و چوارچێوەی یاسایی و ڕێکخراوەیی نێودەوڵەتی، بە سەرپەرشتی تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) ئەنجامدرا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کریستیان ریتسچیرڕاوێژکاریتایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، لوقمان فەیلی باڵیۆزی عێراق لە بەرلین و تۆبیاس لیندنەر وەزیری دەوڵەت لە

وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیای فیدراڵ و ژمارەیەک لە دیپلومات و شارەزایانی نێودەوڵەتی ئامادە بوون. لەم کۆبوونەوەیەدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تیشکی خستە سەر هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نەهێشتن و لە ناوبردنی سەرچاوە داراییەکانی داعش لە سنووری هەرێمدا و ڕێگاگرتن لە هەوڵەکانی ئالۆگۆڕی دراو و ئاشکرا کردنی سەرچاوەکانی.

ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/١٠ لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە لیژنەی هەماهەنگی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ تیمی یونیتاد (NCC)، بەشداری کرد لە کۆبوونەوەیەک کە بە سەرپەرشتی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) بە هاوبەشی لەگەڵ نێردەی هەمیشەیی عێراق و وڵاتی فینلەندا ئەنجامدرا بە ناونیشانی (شێوازی کوشتنی بە کۆمەڵ: تاوانەکانی داعش لە سپایکەر). لەم کۆبوونەوەیەدا کریستیان ریتسچیرڕاوێژکاریتایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی تیمی یونیتاد، محەمەد حوسێن بەحر ئەلعلوم نوێنەری هەمیشەیی عێراق لە نەتەوەیەکگرتووەکان، میا راین جێگری نوێنەری هەمیشەیی فینلەندا لە نەتەوەیەکگرتووەکان، نوێنەرانی یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی پاڵپشتی یونیتاد، ڕێکخراوەکانی هیومان رایتس ووچ و ئەمنستی ئینتەرناشناڵ و چەند ڕێکخراوێکی دیکە ئامادەبوون.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەی بە وە کرد، لەدوای هێرشەکانی داعش حکومەتی هەرێم هەوڵیدا ڕفێندراوەکان لە دەست تیرۆریستان ڕزگار بکات، لە هەمان کاتدا لیژنەیەکی دامەزراند، کە ئەرکی بریتییە لە بە دۆکیۆمێنتکردنی تاوانەکانی داعش و بە جینۆسایدناساندنی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لە ئێستاشدا هەوڵی جددی دەدات بۆ سەرخستنی کارەکانی تیمی یونیتاد کە بریتییە لە کۆکردنەوەی بەڵگە و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش و دادگاییکردنیان لەسەر ئەو تاوانە نێودەوڵەتیانەی ئەنجامیداون. لە شەڕەکانی ئازادکردنەوەی ئەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێردەستی داعش، هێزەکانی پێشمەرگە قوربانیی زۆریان داوە، لەوانە (١٨١٤) شەهید و (١٠) هەزار و (٧٢٥) بریندار و (٤٤) بێ سەروشوێن لە هێزەکانی پێشمەرگە.

ئەوەشی خستەڕووکە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ دەدات لە ڕووی یاساییەوە هاوکاری قوربانیانی دەستی داعش و کەسوکاریان بکرێت، لەم ڕووەوە بە پشتگیری تیمی یونیتاد پرۆژە یاسایەکی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرد، بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتمەند بە تاوانەکان تیرۆریستانی داعش بە مەبەست دادگاییکردنیان بەپێی تاوانی نێودەوڵەتی وەک تاوانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ و جینۆساید.

خولی مەشق و بونیادنانی توانای دادوەر و لێکۆڵەرانی هەرێم و ئاسانکاری لەگەڵ دام و دەزگاکانی حکومەتی ئیتحادی:

- لە ماوەی مانگی حوزەیران و ئەیلوولی ٢٠٢١ دوو خۆلی مەشقی سەرەکی و پێشکەوتوو لە بارەی یاسای تاوانکاری ویاسای مرۆیی نێودەوڵەتی بە شێوەی ئۆنلاین بۆ دادوەرانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا. رۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٦ لە ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق لە بەغدا ئاهەنگی دەرچوونی بەشداربووانی دوو خولەکە و وەرگرتنی بڕوانامە سازکرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٢٠ لە وەزارەتی دەرەوە لە بەغدا کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیکاری عێراقی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد (NCC) لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا لە کۆتایی مانگی تەمموز وۆرکشۆپێک بۆ بونیادنانی تواناکانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی بۆ نەهێشتنی توندڕەوی لە چاکسازییەکان لە بەغدا بە سەرپەرشتی یونیتاد ئەنجام بدرێت، دوای هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (٦) توێژەری کۆمەڵایەتیی پەیوەندیدار لە چاکسازی گەوران و منداڵان و ئافرەتان دیاریکران بۆ بەشداری کردن لەو وۆرکشۆپە کە بریتی بوون لەم بەڕێزانە:

  - ڕێکان رزگار نوری / ب. گشتی چاکسازی.
  - هەستیار عەلی ئەسعەد/ چاکسازی گەوران سلێمانی.
  - مزاحم رەشید عومەر/ چاکسازی گەوران دهۆک.
  - عەقیل عەلی کەریم / چاکسازی ژنان و منداڵان سلێمانی.
  - عەلی ئیسماعیل ئەحمەد/ چاکسازی ژنان و منداڵان هەولێر.
  - هۆگر نایف عبدالله/ چاکسازی ژنان و منداڵان دهۆک.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٢٣ تیمی یونیتاد لە هەولێر وۆرکشۆپێکی ڕێکخست بۆ (١١) دادوەر و داواکاری گشتی لەهەولێر و سلێمانی و دهۆک و گەرمیان. ئامانجی وۆرکشۆپەکە بریبتی بوو لە بونیادنانی تواناکان لە بواری دروستکردنی کەیس بۆ دادگایی کردنی گومانلێکراوەکانی داعش بۆ دادوەرانی هەرێمی کوردستان و داواکاری گشتی.بە ئامادەبوونی بەڕێزان ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان، دادوەر عەبدولجەبار عەزیز حەسەن سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان و دادوەر خاتو سوهام عەبدولقادر نەبی جێگری سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم, و بەڕێز کریستیان ڕیتشەر ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی یونیتاد بەرێوەچوو.

- لە وۆرکشۆپەدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان جەختی لەسەر گرنگیی هەماهەنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تیمی یونیتاد کردەوە بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتمەند لە هەرێم بۆ دادگاییکردنی گومانلێکراوانی داعش، تاوەکو ئیستا سەدان گیراوی بیانی و ناوخۆیی داعش لە گرتووخانەکانی هەرێمدا هەن و پێویستە ئەو دۆسیانە چارەسەر بکرێن بەپێی بنەمای یاسا نێودەوڵەتییەکاندا.

<u>ئەم بەڕێزانەی خوارەوە لەم وۆرکشۆپەدا بەشدار بوون:</u>

- ڕەوظا عەبدولحوسێن تاهیر، داواکاری گشتی، هەولێر.
- کەژاڵ نایف ڕەحمان، سەرۆکی چاکسازی ژنان و منداڵ، هەولێر.
- گۆران فەرەج محەمەد ساڵح، جێگری داواکاری گشتی، کەلار، گەرمیان.
- ئیسماعیل مەحمود مامەند، جێگری داواکاری گشتی، دوکان، سلێمانی.
- عەلی مەلیک حسێن، جێگری داواکاری گشتی پیرەمەگروون، سلێمانی.
- کامیران فارس ئەمین، جێگری داواکاری گشتی، دهۆک.
- تۆفیق محیەلدین محەمەد ساڵح، جێگری داواکاری گشتی ئاکرێ، دهۆک.
- ئاسۆ عوسمان عەباس، دادوەری دادگای لێکۆڵینەوە، هەولێر.
- ئازاد حەیدەر باوە، دادوەری دادگای تاوانی ١ هەولێر.
- عیماد فارس ڕەشید، دادوەری دادگای تاوانی ٢ هەولێر.
- حەسەن عەلی موراد ئەمین، دادوەری دادگای تاوانەکان، هەولێر.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢١ لەلایەن ئەکادیمیای نێودەوڵەتیی بنەماکانی نورنبێرگ لە ئەڵمانیا خولی ڕاهێنانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و یاسای تاوانی نێودەوڵەتی بە بەشداری (٥) دادوەری هەرێمی کوردستان و (١٥) دادوەری حکومەتی ئیتحادی ئەنجامدرا. بۆ ماوەی یەک هەفتە بەردەوام بوو و تێیدا زانیاری پێشکەش بە دادوەرە بەشداربووەکان کرا لە ڕێگەی کۆمەڵێک پسپۆڕی بەناوبانگی نێودەوڵەتی لەو بوارەدا. بەشداری دادوەرانی هەرێم گرنگە لە پێشخستنی توانای دادوەران بۆ ئاشنابوونی زیاتریان بە بنەمای یاسا نێودەوڵەتییەکان. بۆ ئەوەی لە داهاتوو لە پاڵ دادوەرە نێودەوڵەتییەکان سوودیان لێوەبگیرێت لە کاتی دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش بەپێی بنەمای یاسا نێودەوڵەتی، ئەم دادوەرە بەڕێزانە لەم خولەدا بەشدار بوون:

  - دادوەر سامح عوسمان یونس ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەرێم.
  - دادوەر خدر حەسەن محەمەد ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەرێم.
  - دادوەر یونس عوسمان محەمەد، دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر.
  - دادوەر جەبار ڕەضا ئەحمەد، دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی.
  - دادوەر نیگار ئەحمەد محەمەد ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٥ لە هەولێر وۆرکشۆپێک ئەنجامدرا سەبارەت بە پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ رزگاربووان لە تاوانەکانی تیرۆریستانی داعش بە ئامادەبوونی باڵیۆزی فینلەندا لە عێراق، کونسوڵی گشتی هۆڵەندا لە هەولێر، نوێنەری یەکێتی ئەوروپا لە عێراق، تیمی تەندروستی دەروونی، نوێنەری نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە

نێودەوڵەتییەکان، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی ناوخۆ، دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردن، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی ئیتحادی، بەرپرسی بەشی چارەسەری دەروونی لە یونیتاد و نوێنەرانی قوربانیان و پێکهاتەکان. لەم وۆرکشۆپەدا باس لە گرنگی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری دەروونی پێشکەش بە قوربانیانی دەستی داعش و کەسوکاریان لە گشت پێکهاتەکان کراوە، چونکە تا ئێستا بە دەست کاردانەوەکانی دەناڵێنن. نوێنەری نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تیشکی خستە سەر هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یارمەتیدانی قوربانیان و رزگار کردنی رفێندراوان و پێویستە یونیتاد ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرە پێ بدات و یارمەتیی بدات بەتایبەتی لە بونیادنانی تواناکان بەتایبەتی لە بواری دەروونی.

لە ماوەی ڕابردوودا نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە رێگای لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد (NCC) ئاسانکاریی کردووە بۆ دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ هاوتاکانیان لە حکومەتی ئیتحادی. بۆ نموونە ئاسانکاری لە نێوان لیژنەی رزگارکردنی رفێندراوانی ئێزیدی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پزیشکی دادی بەغدا بۆ ئەنجامدانی پشکنینی خێرای خوێن بۆ کەسوکاری رفێندراوانی ئێزیدی لە کەمپی هۆڵ بە مەبەستی هێنانەوەیان بۆ هەرێمی کوردستان.

لە دوای دامەزراندنی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد (NCC) کۆبوونەوەکانی لە وەزارەتی دەرەوە و پێشتریش لە ئەمینداریەتی گشتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە بەغدا ئەنجامداوە، نوێنەری نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە گشت کۆبوونەوەکان بەشداریی کردووە تەنیا ئەوانە نەبێت کە بەهۆی رێوشوێنەکانی خۆپارێزی لە کۆرۆنا یان لەبەر نالەباری بارودۆخی ئەمنی و سەقامگیری لە بەغدا ئەنجام نەدرابێت.

لە ساڵی ٢٠٢٢ بەشداریمان لە (٧) کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد (NCC) دا کردووە کە لە شاری بەغدا ئەنجامدراون، ناسەقامگیری دۆخی شاری بەغدا لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکان و بەشداریی کردن لە چەند چالاکییەک لە دەرەوەی عێراق نەتوانرا مانگانە کۆبوونەوەی (NCC) ئەنجام بدرێت.

لەو کۆبوونەوانەی کە ئەنجامدران راو سەرنجی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێممان دەربارەی هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد پێشکەش بە (NCC) کردووە، لە هەمان کاتدا کۆنووس و بڕیارەکانی کۆبوونەوەکانمان بە نووسراو ئاڕاستەی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و لیژنەی وزاری بە جینۆسایدناساندنی تاوانەکانی داعش و لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم کردووە بۆ ئاگاداربوونیان.

تەحەدیاتەکان بەردەم حکومەتی هەرێم و (NCC) لەگەڵ یونیتاد:

لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا نووسینگەکەمان بەشدارییەکی کارای هەبووە لە دانیشتن و کۆبوونەوەکانی (NCC) لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، لەو کۆبوونەوانەدا بە شێوەیەکی گشتی باسمان لە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە هاوکاری کردنی یونیتاد کردووە بۆ سەرخستنی ئەرکی کە خۆی لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنی تیرۆریستانی داعشدا دەبینێتەوە لەسەر ئەو تاوانە نێودەوڵەتییانەی کە ئەنجامیداوە بە لایەنە عێراقییەکان بگەیەنرێت.

یەکێک لەو تەحەددییە بەردەوامانەی کە ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتحادی دەبێتەوە لەگەڵ یونیتاد بریتییە لە بابەتی بەڵگەنامەکان، ئەرکی یونیتاد خۆی لە کۆکردنەوەی بەڵگەکان، لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنی تاوانباران دەبینێتەوە. تیمی یونیتاد جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەرشیفکردن و دیکیۆمێنتکردنی بەڵگەکان پرۆسەیەکی درێژخایەنە و بەردەوامە بۆ چەندین ساڵی داهاتوو، بۆیە پێویستە بەشێوەیەک ئەنجام بدرێت کە بەڵگەکان پارێزراو بن.

بەشێکی زۆری بەڵگەکان لە شێوەی کاغەزییەوە گوازراونەتەوە بۆ ئەلیکترۆنی بە بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای سەردەم، بۆ ئەم مەبەستەش چەند خولێکی مەشق لە بارەگاکانی یونیتاد ئەنجامدراوە لە بەرزترین ئاستدا و ئەم پرۆسەیە دەرفەتێک بووە بۆ دابینکردنی هەلی زیاتر بۆ بەشداربووان لە بەغدا و هەرێم و یەکێتی ئەوروپا ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ هاوکاری کردن لەم ڕووەوە.

لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد (NCC)، بەردەوام دووپاتی کردۆتەوەکە پێویستە پەلە بکرێت لە ئەنجامدانی پرۆسەی ئەرشیفکردنی و دیکیۆمێنتکردنی بەڵگەکان و (جگە لە هەرێمی کوردستان) وەک پێویست ئەنجام نادرێت، ئێمە دەمانەوێت دەرەنجامی کارەکانمان ببینین، چونکە بەبێ سەرکەوتن لە پرۆسەی ئەرشیفکردنی و دیکیۆمێنتکردنی بەڵگەکان ناتوانین هەنگاوەکانی دیکە ئەنجام بدەین بەتایبەتی دادگایی کردنی تاوانباران. پێویستە سوود لە هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا وەربگرین سەبارەت بەم پرۆسەیە و بە زووترین کات کۆتایی بەم بابەتە بهێنرێت.

(NCC) بە راشکاوانە نیگەرانیی خۆی لە کۆتایی نەهاتنی پرۆسەی ئەرشیف کردنی بەڵگەنامەکان و پێدانی بە لایەنی عێراقی راگەیاندووە و پێی وایە تا ئیستا یونیتاد وەڵامێکی روونی نەبووە لەم رووەوە لەکاتێکدا بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش پێویستە لایەنی عێراقی ئاگاداری دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکان بێت، تەنانەت لە دوایین کۆبوونەوەدا ماوەی سێ مانگ وەک مۆڵەت بۆ یونیتاد داناوە بۆ رادەستکردنی بەڵگەکان، ئەگەر بەو ماوەیە پابەند نەبێت هەڵوێست و نارەزایەتی خۆیان بە حکومەتی عێراق و یونیتاد رادەگەیەنین.

<u>ئەمەی خوارەوە ئەو کار و چالاکیانەن کە لە ساڵی ٢٠٢٣ بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی هەماهەنگی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد (NCC) ئەنجامدراون:</u>

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٢٤ لە وەزارەتی دەرەوە لە بەغدا شاندی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشدار بوو لە کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیکاری عێراقی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد (NCC)، لەو کۆبوونەوەیەدا تیشکیان خستە سەر چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی هەماهەنگیی لەگەڵ یونیتاد لەوانەش: پرۆسەی ئەرشیفکردن و بە دیکیۆمێنت کردنی بەڵگەکانی تاوانەکانی داعش، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی زۆری بڕیوە بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و ئەم پرۆسەیە بەردەوامە بە هەماهەنگی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هاوکاری تەواوی تیمی یونیتاد دەکەن بۆ سەرخستنی ئەرکەکانی. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا چەندین بابەتی دیکە خرانەڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٥-٩-٢٠٢٣ لە بەغدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەڕێز وەزیری دادی حکومەتی ئیتحادی/سەرۆکی لیژنەی نیشتمانی نووسینی ڕاپۆرتی ئەو ڕێککەوتننامانەی عێراق پەسەندی کردوون و وەڵامدانەوەی ئەو تێبینی و راسپاردانەی تایبەتن بە ڕێککەوتننامەکان کرد. تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە پێداچوونەوە بە هەماهەنگی نێوان نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و لیژنەی نیشتمانی نووسینی ڕاپۆرتی ئەو ڕێککەوتننامانەی عێراق پەسەندی کردوون و وەڵامدانەوەی ئەو تێبینی و راسپاردانەی تایبەتن بە ڕێککەوتننامەکان و هەنگاوەکانی داهاتوو بۆ بەرەو پێش بردنی ئەو مەلەفە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/١٥ لە وەزارەتی دادی حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا کۆبوونەوەی لیژنەی نیشتمانی نووسینی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان ئەنجامدرا بە مەبەستی دیاریکردنی شاندی حکومەتی هەرێم لە کۆبوونەوەکانی گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی خولیی پێنجەمی کۆماری عێراق تایبەت بۆ ڕێککەوتننامەی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان کە بریار وایە لە ڕۆژانی (٢٠٢٤/٢/١٩،٢٠) لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە جنێڤ بەڕێوە دەچێت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/١٠ لە شاری بەغدا بەشداریمان لە دووەمین کۆنفرانسی پلانی نیشتمانی بۆ مافەکانی مرۆڤدا کرد کە لە (٧٥)یەمین ساڵیادی جاڕی جیهانی مافەکانی مرۆڤ بە ئامادەبوونی بەڕێزان محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی حکومەتی ئیتحادی، فائیق زێدان سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق، د. خالید شوانی وەزیری دادی و ژمارەیەک وەزیری حکومەتی ئیتحادی، سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان، دام و دەزگا نیشتمانییەکان، دبلۆمات و نوێنەرانی وڵاتان و ژمارەیەک ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و ڕێکخراوە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان بەسترا. لە کۆنفرانسەکەدا وتاری حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش کرا و تێیدا تیشک خرایە سەر هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ و هەوڵەکانی پاراستن و بەرەوپێشبردنی رەوشی مافەکانی مرۆڤ و ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە دەستووردا هاتووە.

- دوای بڕیاری ژمارە ٢٣٧٩ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢١ ئەیلولی ٢٠١٧ تایبەت بە دامەزرانی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەوپێشبردنی لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، پێکهێنانی یونیتاد لەسەر داوای حکومەتی عێراقی بووە بە ئامانجی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و هاریکاری کردن عێراق بۆ دادگایی کردنی تیرۆریستانی داعش، بۆ ئاگادار بوون لە کارو چالاکییەکانی یونیتاد و هاوکاری کردنی حکومەتی ئیتحادی لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ هەماهەنگی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد (NCC) بەپێی فەرمانی دیوانی ژمارە ٢١٩ لە ساڵی ٢٠٢٠.

- ڕێکەوتی ٢٥ /٢/ ٢٠٢٣ بە فەرمانی وەزیری دەرەوەی عێراق بەڕێز محمد حسين بحر العلوم بریکاری وەزیری دەرەوەی بۆ کاروباری پەیوەندیی دوو لایەنە وەک سەرۆکی لیژنەی (NCC) دەستنیشانکرا لە شوێنی بەڕێز قەحطان تەها خەلەف، رۆژی ٢٠٢٣/٨/٢ نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراقی فەرمانی دیوانیی ژمارە (٢٣٦٧٦)ی دەرکرد، بەپێی ئەم فەرمانە بەڕێز زیدان خەلەف عەتوانڕاوێژکاریسەرۆک وەزیران بۆ مافی مرۆڤ وەک سەرۆکی لیژنەی (NCC) دەستنیشانکرا و مەلەفەکەش لە وەزارەتی دەرەوە گواسترایەوە نووسینگەی تایبەتی سەرۆک وەزیران. لیژنەکەش لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێکهاتووە:

- د. زێدان خەلەف،ڕاوێژکاریسەرۆک وەزیران بۆ مافی مرۆڤ سەرۆکی لیژنە.
- د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان، نوێنەری حکومەتی هەرێم.
- د. عیصام حاتەم حوسێن، جێگرێراوێژکاریئاسایشی نیشتمانی.
- غەسان لعیبی مەناتی، نوێنەری نووسینگەی سەرۆک وەزیران.
- مورتەزا حەسەن نەشعان نوێنەری دەزگای هەواڵگری عێراقی.
- فکرەت حوسێن عەلوان، نوێنەری ئەنجومەنی باڵای دادوەری.
- جاسم حکیم حسين ، نوێنەری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەستەی باڵا بۆ هەماهەنگی کردن لە نێوان پارێزگاکان.
- ئەحمەد رەعد نوێنەری وەزارەتی دەرەوە.
- ئەحمەد عەباس وەزارەتی دەرەوە (بڕیاردەری لیژنە)
- د. زەید علی عباس بەڕێوەبەری گشتی پزیشکی دادی/ وەزارەتی تەندروستی ئیتحادی.
- ضیاء کریم طعمة بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی کاروبار و پاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان/ دەزگای شەهیدی عێراقی.

## بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی مانگانەی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی (NCC)

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٢٤ لە وەزارەتی دەرەوە لە بەغدا کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیکاری عێراقی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد (NCC) ئەنجامدرا بۆ تاوتوێکردنی چەند بابەتێک کە لەلایەن راوێژکاریەتی ئاسایشی نەتەوەیی پێشکەش کرابوون، بابەتەکانیش بریتی بوون لە پێداچوونەوەی کاری لیژنە و مامەڵە کردن لەگەڵ یونیتاد، مەشق پێکردنی پسپۆرانی کۆمەڵایەتی ئەوانەی لە چاکسازییەکان کار دەکەن، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و پەرەپێدانی لەلایەن داعشەوە، مەشق پێکردنی ئەندامانی لیژنەی گرنگترین داواکراوەکان و دانانی ناویان لە لیستی سزا نێودەوڵەتییەکان و پێشکەش کردنی بەڵگەنامەکان بە لایەنی عێراقی.

- لە ڕێکەوتی (١٦ و ٢٠٢٣/٤/١٧) کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد (NCC) لە وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، کۆبوونەوەکە بە سەرپەرشتی بەڕێز (محمد حسن بحر العلوم) سەرۆکی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی و ئامادەبوونی نوێنەرانی، ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق، نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئاسایشی نیشتمانی عێراق وڕاوێژکاریئاسایشی نەتەوەیی عێراق بەڕێوەچوو.

- تەوەرەکانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە تاوتوێ کردنی دوایین هەنگاوەکانی هەماهەنگی نێوان حکومەتی ئیتحادی و حکومەتی هەرێم لەگەڵ یونیتاد و هەڵسەنگاندنی کار و چالاکییەکانی یونیتاد لە ماوەی ڕابردوودا، بەرنامەی کاری هاوبەشی داهاتوو لەگەڵ یونیتاد دەستبەکاربوونی بەڕێز (محمد حسن بحر العلوم) وەک سەرۆکی نوێی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٣١ لە وەزارەتی دەرەوە لە بەغدا کۆبوونەوەی لیژنەی نیشتمانی عێراقی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد (NCC) بۆ تاوتوێکردنی چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد بە ئامادەبوونی کریستین ریتسشرڕاوێژکاریتایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی تیمی یونیتاد بە یاوەری تیمێکی پسپۆران و سەرۆکی یەکەکانی یونیتاد ئەنجامدرا، لە کۆبوونەوەکەدا هەریەکە لە محمد بحر العلوم سەرۆکی لیژنەی هەماهەنگیکاری عێراقی (NCC). نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان، نووسینگەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی،ڕاوێژکاریسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، دەزگای هەواڵگری عێراقی، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و دەسەڵاتی دادوەری عێراقی ئامادەبوون.

- لە ڕۆژانی ٣١ی مایس و ١ی حوزەیرانی ٢٠٢٣ وۆرکشۆپێک بۆ بونیادنانی تواناکانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی بۆ نەهێشتنی توندڕەوی لە چاکسازییەکان لە بەغدا بە سەرپەرشتی یونیتاد ئەنجامدرا، لەم وۆرکشۆپەدا (٦) توێژەری کۆمەڵایەتیی پەیوەندیدار لە چاکسازی گەوران و منداڵان و ئافرەتانی پارێزگاکانی هەرێم بەشدار بوون دوای دەستنیشان کردنیان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. ئەم وۆرکشۆپە هەنگاوێکی گرنگ بوو دوای پرۆسەی بە دیکیۆمنت کردنی بەڵگەنامەکان و بونیادنانی تواناکانی دادوەر و لێکۆڵەران، بۆ بەشداری

کردنی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم لەو چالاکیانەی کە (یونیتاد) لە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ بونیادنانی تواناکان ئەنجامی دەدات و دەبێتە هۆی سوودوەرگرتنی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتە لە چالاکییەکانی یونیتاد.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٢٥ لە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە بەغدا کۆبوونەوەی لیژنەی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد (NCC) ئەنجامدرا کە یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەی ناوبراو بوو دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (٢٦٩٧) تایبەت بە درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی یونیتاد تەنیا بۆ یەک ساڵ. تەوەرە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە هەڵسەنگاندنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (٢٦٩٧). دانانی نەخشە ڕێگایەک بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی وردەکارییەکانی بڕیارەکە.

- ڕێکەوتی ٢١-٢٠٢٣/٦/٢٢ دووەم کۆبوونەوەی (ساڵانە)ی گفتوگۆی ستراتیژی نێوان یونیتاد، لیژنەی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد (NCC) وحکومەتی هەرێم لە بەغدا بەسترا، و تێیدا چەند تەوەرێک باس کران لەوانە: ستراتیژیەتی لێکۆڵینەوەی تایبەتی یونیتاد، بونیادنانی تواناکان لە بواری هەڵکۆڵینی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و لە بواری پزیشکی دادی، توانا نیشتمانییەکان لە بواری پاراستنی شایەدحاڵەکان و پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و لە بواری یاسای تاوانکاری و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، مامەڵە کردن لەگەڵ بەڵگەکان و پرۆژی بە دیجیتاڵکردنیان، پۆستە نیشتمانییەکان لە یونیتاد، گواستنەوە لە قۆناغی لێکۆڵینەوە بۆ قۆناغی دادگایی کردن و پرەنسیپە ستراتیژییەکان.

- ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٧/٢٣) کۆبوونەوەی نێوان لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد (NCC) و تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) بە سەرپەرشتی بەڕێز کریستیان ریتشرڕاوێژکاریسکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و محمد بحر العلوم بریکاری وەزارەتی دەرەوە سەرۆکی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی و نوێنەرانی ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراق، نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق، ئاسایشی نیشتمانی عێراق وڕاوێژکاریئاسایشی نەتەوەیی عێراق ئەنجامدرا. کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە دوایین ڕاپۆرتی کریستیان ریتشرڕاوێژکاری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە تاوانەکانی داعش لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و جیندەر هەروەها دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لەو رووەوە خستە ڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٢٢ لە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە بەغدا کۆبوونەوەی لیژنەی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد (NCC) و تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) ئەنجامدرا. تەوەرە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە گفتوگۆ کردن دەربارەی وەڵامی یونیتاد سەبارەت بە نیگەرانییەکانی لیژنەی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد (NCC). هەنگاوەکانی داهاتووی هەماهەنگی لەگەڵ (یونیتاد).

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٢٥ لە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە بەغدا کۆبوونەوەی لیژنەی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد (NCC) ئەنجامدرا کە یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەی ناوبراو بوو دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (٢٦٩٧) تایبەت بە درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی یونیتاد تەنیا بۆ یەک ساڵ. تەوەرە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە: هەڵسەنگاندنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (٢٦٩٧) ودانانی نەخشە ڕێگایەک بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی وردەکارییەکانی بڕیارەکە.

- ڕێکەوتی ٢٥-٩-٢٠٢٣ لە بەغدا د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەڕێز د. زێدان خەلەفڕاوێژکاریسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بۆ مافەکانی مرۆڤ/ سەرۆکی لیژنەی هەماهەنگی نشتیمانی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یۆنیتاد (NCC) کرد. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە هەماهەنگی زیاتری نێوان نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە لە بارەی کەیسەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و دانانی میکانیزمێک بۆ ئەم مەبەستە، و کاری هاوبەشی زیاتر بۆ پێشخستنی مەلەفەکە.

- ڕێکەوتی ٢٦-٩-٢٠٢٣ لە شاری بەغدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم سەردانی نووسینگەی سەرەکی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) کرد. لەلایەن بەڕێزان دفنی ئەکجا سەرۆکی نووسینگەی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان و ئەنیس ئەحمەد سەرۆکی نووسینگەی بەڕێوەبەری بەڵگەنامەکان بە نوێنەرایەتیڕاوێژکاریتایبەت کریستن ریتشر سەرۆکی یونیتاد تیمی یونیتاد پێشوازیی لێکرا. تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکە باس کردنی میکانیزمی هەماهەنگی کردن بوو لەگەڵ یونیتاد دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (٢٦٩٧) تایبەت بە نوێکردنەوەی ویلایەتی یونیتاد، بەتایبەتی لە بوارەکانی رادەستکردنی بەڵگەنامەکان، پێدانی زانیاری.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/١٨ لە شنگال مەراسیمی دانانی مینۆمێنتی جینۆسایدی شەهیدانی ئێزیدی ئەنجامدرا، لەم مەراسیمەدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەنوێنەرایەتی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئامادەبووان، هەروەها نوێنەری سەرۆکی حکومەتی ئیتحادی، ئەنجومەنی رۆحانی ئێزیدی، ژمارەیەک وەزیرانی حکومەتی ئیتحادی، یۆنامی، ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی و ژمارەیەک لە کەسوکاری قوربانیانی دەستی داعش ئامادە بوون.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/١٠ لە شاری بەغدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و شاندی یاوەری کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێز زێدان خەڵەف سەرۆکی لیژنەی هەماهەنگیگاری نیشتمانی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش ئەنجامدا. کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە دوایین پێشهاتەکانی پرۆسەی وەرگرتنی

لێکۆڵینەوە و بەڵگەکان و جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ژمارە (٢٦٩٧)ی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە درێژکردنەوەی ماوەی ئەرکی تیمی لێکۆڵینەوە تا ١٧ی ئەیلوولی ٢٠٢٤.

- ڕێکەوتی (٢٠٢٣/٧/١٧) یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەی تەکنیکی بۆ دیراسەت کردنی ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەربارەی حاڵەتی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە ئایینییەکان بە ئامادەبوونی بەڕێز حسین الصافی سەرۆکی فەرمانگەی مافەکانی مرۆڤ لە وەزارەتی دەرەوە و نوێنەری نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و وەزارەتەکانی داد، ناوخۆ، بەرگری، ئاسایشی نیشتمانی، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حکومەتی ئیتحادی و حەشدی شەعبی بەڕێوەچوو. ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ساڵانە بەشێوەیەکی فەرمی وەڵامی ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەربارەی حاڵەتی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە ئایینییەکان دەداتەوە وێنەیەکمان لە وەڵامی نووسینگەی ڕێکخەر بۆ دوو ڕاپۆرتی ئاماژە پێکراو پێشکەش بە لیژنەکە کردووە بۆ ئەوەی ئیزافەی ڕاپۆرتی کۆماری عێراق بکرێت لەم ڕووەوە.

<u>کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی فەرمانگەکانی مافی مرۆڤ، یاسایی، ڕێکخراوەکان و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان لە وەزارەتی دەرەوە:</u>

- ڕێکەوتی ٢٦-٩-٢٠٢٣ لە شاری بەغدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەڕێز عومەر بەرزنجی بریکاری وەزیری دەرەوەی عێراق بۆ کاروباری یاسایی و فرە لایەن کرد. لە کۆبوونەوەیەکدا تیشک خرایە گرنگی بەشداری کردنی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان، هاوکارییە مرۆییەکان، یاسایی و فرە لایەن.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/٢٦، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی کرد، تایبەت بە کاری هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان لە چوارچێوەی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ. بەڕێزان عەلی ئەلبەریر بەرپەرسی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوانی ڕێکخراو (UNODC) لە هەولێر، ئاژانسەکان نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوەکان، نوێنەرانی وڵاتانی کۆمەک بەخش، پەرلەمانی کوردستان لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و داواکاری گشتی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون, لە کۆبوونەوەکەدا باس لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان کرا و تیشک خرایە سەر ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، وڵاتانی کۆمەک بەخش و ڕێکخراوەکان لە یارمەتیدانی حکومەتی هەرێم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٤/١٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە کۆبوونەوەی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) بە سەرپەرشتی بەڕێز دۆناڵد شولتر لەگەڵ خاتوو

کوێستان عبدالله بەڕێز وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی, مەبەستی کۆبوونەوەکەیان بۆ گفتوگۆکردن بوو سەبارەت بە ژمارە و بارودۆخی گیراوانی داعش لە چاکسازیەکان و ڕێکارەکانی ئاڵوگۆری زانیاری لە نێوان وەزارەتی ناوبراو و تیمی یونیتاد.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٤/١٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە کۆبوونەوەی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش ( یونیتاد ) بە سەرپەرشتی بەڕێز دۆناڵد شولتر لەگەڵ بەڕێز عەقید زریان بەرپرسی هۆبەی شەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە ئاسایشی گشتی کۆبوونەوە، مەبەست لەم کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن بوو سەبارەت بە مەودای لێکۆڵینەوەکانی تیمەکە لەو تاوانانەی داعش لە عێراق ئەنجامیداوە لە نێوان سالآنی ٢٠١٤-٢٠١٧ دژی مەسیحیەکانی دەشتی نەینەوا، قەرەقوش, بەرتلە و حەمدانیە, هەروەها ئەو تاوانانەشی داعش دژی هێزە ئەمنیەکانی عێراق ئەنجامیانداوە لە باشووری ناوچەی حەمام ئەلعەلیل.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی کرد لە بەغدا، و کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێز عومەر بەرزنجی بریکاری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری فرەلایەن و یاسایی و سەرۆکی فەرمانگەکانی مافی مرۆڤ، یاسایی، ڕێکخراوەکان و کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان ئەنجامدا. مەبەست لە کۆبوونەوەکە ئاڵوگۆڕی زیاتری زانیاری بوو دەربارەی ئامادە بوون و بەشداری کردنی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو کۆبوونەوە و کۆنفرانسانەی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە بارەی مافی مرۆڤەوە دەبەسترێن.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداریی لە کوبوونەوەیەکی ڕاوێژکاری کرد کە لەلایەن پەیمانگای قورتوبە بۆ ئاشتی - جنێف بە بەشداریراوێژکاریسەرۆک وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ژمارەیەک پسپۆر و شارەزای یاسایی سازکرابوو بۆ تاوتوێ کردنی ڕەشنووسی یاسای بێسەروشوێنبووان، لەم کۆبوونەوەیەدا باس لەو قۆناغ و شێوازانە کرا کە تێیدا گەلی کوردستان بۆتە قوربانی تاوانی بێسەروشوێنبوون لە سەردەمی رژێمی بەعس تا دەگاتە هێرشەکانی داعش، لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تیشکی خستە سەر گرنگیدانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم بەم بابەتە لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە یارمەتیدانی کەسوکاری قوربانیانی تاوانی بێسەروشوینبوون و گرنگی بوونی دەستەیەکی تایبەت بە کاروباری بێسەروشوێنبووان کرد لە چوارچێوەی یاسایەک بۆ ڕێکخستنی ئەم پرسە و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان.

- ڕێکەوتی٢٠٢٣/٨/٢٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لە کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیگاری نیشتمانی و تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) بەژداربوو کە لە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی

عێراق لە بەغدا بە سەرپەرشتی بەڕێز د. زێدان خەلەفراوێژکاریسەرۆک وەزیرانی عێراق، سەرۆکی لیژنەی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد (NCC) ئەنجامدرا، کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە گفتوگۆ کردن دەربارەی وەڵامی یونیتاد سەبارەت بە نیگەرانییەکانی (NCC) و حکومەتی هەرێم و هەنگاوەکانی داهاتووی هەماهەنگی لەگەڵ (یونیتاد).

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٣٠ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان کۆبوونەوەیەکی لە نێوان دژە تیرۆر و تیمی پێنجی سەر بە یونیتاد ڕێکخست، کۆبوونەوەکە پەیوەست بوو بە چاوپێکەوتنی گیراوانی داعش و بنیاتنانی کەیس بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتیەکان، هەروەها باسیش لە بەڕێوەچوونی پرۆژەی ئەرشیفکردن و بەدیجیتاڵکردنی بەڵگەی تاوانەکانی داعش کرا لە دژە تیرۆر.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٢٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان یەکەم کۆبوونەوەی ئامادەکاری کۆنفرانسی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان لە وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ بەڕێز د. سامان بەرزنجی وەک سەرۆکی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان ئەنجامدا، کۆبوونەوەکە گفتوگۆکردن بوو لەسەر ئامادەکاری ئەم کۆنفرانسە هەردوولا کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئامانج لەم کۆنفرانسە یەکخستنی هەوڵەکانی لایەنی نێودەوڵەتی و دامودەزگاکانی حکومی بێت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، لە کۆتاییدا بەڕێز وەزیری تەندروستی سوپاسگوزاری خۆی بۆ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەربڕی لە دەستپێشخەری بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە کۆنفرانسە و پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ سەرخستنی خستەڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٢٥ ستافی نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان لە شاری بەغدا بەشداریان کرد لە کۆبوونەویەکی لیژنەی هەماهەنگی نشتیمانی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یۆنیتاد (NCC) کۆبوونەوەکە بۆ تاوتوێکردن و دانانی نەخشەڕێگای جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (٢٦٩٧) تایبەت بە نوێکردنەوەی ویلایەتی یونیتاد بۆ ماوەی ساڵێک، لە کۆبوونەوەکەدا جەخت کرایە سەر دانانی میکانیزمێک بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەکان و ئاشکرا کردنی ئەو لایەنانەی کە بەڵگەنامەکانیان پێدراوە لەگەڵ جۆر و بڕیان، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەی بەوە کرد کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی داهاتوو ڕۆڵێکی کاریگەری دەبێت لەو تیمانەی بڕیارە (NCC) پێکیان بهێنێت لە بوارەکانی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی، پزیشکی دادی، ئیدارە کردنی مەلەفە ئەلیکترۆنییەکان و تیمی یاسایی دادوەری بۆ وەرگرتنی کەیسەکان و هەڵسەنگاندنیان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣ /١٠/١٠ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە بەردەوامی هەماهەنگیەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و یونیتاد، سەرپەرشتی یازدەهەمین کۆبوونەوەی ئاڕاستەکاری کردن، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە

بەرەوپێشچوونەکانی پرۆژەی ئەرشیفکردن و بەدیجیتاڵکردنی بەڵگەکانی تایبەت بە تاوانەکانی داعش کرا لە دادگای تاوانی دووی هەولێر و دادگای تاوانی یەکی دهۆک،بڕیاریش وایە لە ماوەیەکی نزیکدا دەست بە ئەرشیفکردن و بەدیجیتاڵکردنی بەڵگەی تاوانەکانی داعش بکرێ لە دادگای تاوانی سلێمانی و دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی کەرکوک-گەرمیان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٢٣ بە سەرپەرشتی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان کۆبوونەوەیەک لە نێوان نوێنەری پەرلەمان ، ئەنجومەنی شورا، وەزارەتی شەهیدان، ئاسایشی گشتی، و داواکاری گشتی بەڕێوەچوو، بە مەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت بە بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵ پەیوەست بە ڕەشنووسی پرۆژەی یاسای هەرێم بۆ دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش، هەروەها تیشکیش خرایە سەر ڕەشنووسی پرۆژەی یاسای حکومەتی فیدراڵ بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/١٥ بە سەرۆکایەتی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشدار بوو لە کۆبوونەوەی نێوان شاندی حکومەتی هەرێم و شاندێکی یۆنامی بە سەرۆکایەتی ڤۆلکەر پێرتس، سەرۆکی تیمی سەربەخۆی پێداچوونەوەی ستراتیژی بە ئەرکی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، سەرۆکی حکومەت جەختی لە پێویستی مانەوەی ئەرکی یونامی لە عێراق و هەرێمی کوردستان و گرنگیی کاراتربوونی ڕۆڵی یونامی کرد بۆ یارمەتیدانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگ و ئاڵنگارییەکان و سەقامگیریی سیاسیی و پتەوکردنی بنەما و دامەزراوە دیموکراتییەکان و پاڵپشتی سیستەمی فیدراڵی و جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستوور بە تایبەتی ماددەی ١٤٠ و ڕێزگرتن و پاراستنی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان و گشت پێکهاتەکانی عێراق.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/١٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە بەغدا کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ دکتۆر زیدان خەڵەف سەرۆکی لیژنەی هەماهەنگی نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش ئەنجام دا، کە تێیدا باس لە دوایین پێشهاتەکان کرا سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (٢٦٩٧)ی ئەنجومەنی ئاسایش تایبەت بە درێژکردنەوەی ماوەی ئەرکی تیمی لێکۆڵینەوە تا ١٧ی ئەیلوولی ٢٠٢٤، ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی چوار تیم بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە ئەوانیش: تیمی لێکۆڵینەوەی یاسایی دادوەری تایبەتمەند بە یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکان و مافەکانی مرۆڤ بۆ گفتوگۆکردن و شیکردنەوەی بەڵگەکان، تیمی تەکنیکی تایبەتمەند لە بەڕێوەبردنی فایلە ئەلیکترۆنییە ئەرشیفکراوەکان، تیمێکی تایبەتمەند لە پزیشکی دادوەری و گۆڕی بەکۆمەڵ و تیمی داخستنی بارەگەکانی یونیتاد لە هەرێمی کوردستانیش بە سەرپەرشتی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان چوار تیمی هاوشێوە پێکدەهێنرێن بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤ /١/١١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان بەشداربوو لە کۆبوونەوەی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ڤیرجینیا گامبا، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری منداڵان و

ململانێی چەکداری، لە کۆبوونەوەکەدا جەخت کرا لە گرنگی پاراستنی مافەکانی مداڵان ، هەروەها ستایشی هەوڵ و ڕێکار و پلانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کرا لە بواری پاراستنی مافەکانی منداڵان، لە دیدارەکەدا سەرۆکی حکومەت ئامادەیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەربڕی بۆ هاریکاری و هەماهەنگیکردن و ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە پاراستنی مافی منداڵان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی دوازدەیەمین کۆبوونەوەی لیژنەی ئاڕاستەکاری کرد بە ئامادەبوونی تیمی بەدیجیتاڵکردنی یونیتاد بە سەرپەرشتی بەڕێز الحاج بابەکار، بەرپرسی بەشی ڕێکخستنی سیستەمی زانیاری، و بەڕێز هۆگر باپیر بەڕێوبەری پەیمانگای پەرەپێدانی ئەمنی و کارگێڕی و تەکنەلۆجیای زانیاری لە وەزارەتی ناوخۆ، لە گفتوگۆکەدا باس لە بەرەوپێشچوونی پرۆژەی ئەرشیفکردن و بەدیجیتاڵکردنی بەڵگەی تاوانەکانی داعش کرا لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و دادگاکان. پرۆژەکە لە دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی جێبەجێدەکرێت و لە ماوەیەکی نزیکیشدا لە دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوک-گەرمیان جێبەجێبکرێت، مەزەندەش دەکرێت تاکو کۆتایی مانگی ئابی ئەمساڵ پرۆژەکە کۆتای پێ بێت، زیاتر لە ٥٠٠،٠٠٠ لاپەڕەی تایبەت بە تاوانەکانی داعش بێنە ئەرشیفکردن و بەدیجیتاڵی بکرێن بە بەرزترین ستانداردی نێودەوڵەتی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەکو نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەژداری کرد لە کۆبوونەوەی شاندی حکومەتی عیراق لەگەڵ ڤلوگەر تورک کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ تاوتوێکردنی پەیماننامەی مافە ئابووری و کومەڵایەتی و کولتوورییەکان لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێڤ.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە کۆبوونەوەیەکدا لە گەڵ دامو دەزگای حکومەت، قونسلەکان، دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، دووەم ڕاپۆرتی ساڵانەی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکانی بڵاوکردەوە، و باس لە پێویستی ستراتیژییە یەکگرتووەکانیان کرد لە بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، گرینگترین بابەتەکان بریتیبوون لە پێشکەوتن لە یەکەکانی چارەسەرکردن، هەڵمەتەکانی هۆشیاری، ڕۆڵی میدیا و زانایانی ئاینی لە ڕێگەی میمبەر و بانگخوازی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ کونسوڵی هۆڵەندا بۆ تاوتوێکردنی دوایین نوێکارییە سیاسییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە تێیدا قوڵبوونەوە لە پرسەکانی بودجەی نێوان بەغدا و هەولێر، هەروەها تەوەری پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و یەکگرتنی پێشمەرگە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ڕودۆڵف جێگری کونسوڵی فەرەنسا، باسیان لە کێشەی ماددە هۆشبەرەکان کرد ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سوپاسی پشتیوانی فەرەنسای کرد لە ڕاهێنانی کەرتی پەروەردە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم پرسە گرنگە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٢٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ شاندی دەستەی بەڕێوەبەری فیدراسیۆنی ژنانی دیاسپۆرای کوردستانی کۆبوونەوە، کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان سەرۆکی فیدراسیۆن شیرین زەکی، هەردوو ئەندامان دەریا خۆشناو، و هێوا حسێین کۆبوونەوە ، لە کۆبونەوەکەدا باس لەناساندن و کارەکانی فیدراسیۆن کرا و تاوتوێی پرۆژە و چالاکیەکانی داهاتوو و هاوکارییە هاوبەشەکان کران.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٢٩ کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ بەڕێز بەشار بەڕێوەبەری پرۆژە لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار (ILO) ئەنجام دا، تیشک خرایە سەر هاوکارییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوی (ILO) سەبارەت بە مافی کار و خاوەن پێداویستی تایبەت هەروەها هاندانی ئاسۆکانی پێشخستنی پلانی کار، جەخت کرا لەسەر گرینگی هاوبەش لە پێشخستنی مافەکانی کار و گشتگیری کەمئەندامان لە هەنگاونان بەرەو پێشەوە، هاوکاری حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوی کار ئامانجی ئەوەیە گۆڕانکارییەکی جدی بکرێت، وە کار بۆ ڕوانگەیەکی گشتگیرتر بۆ مافی کرێکار بکرێت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٣٠ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کۆبوونەوەیەکیان لە گۆڤاری کوردستان کرۆنیکل Kurdistan Chronicle ئەنجامدا، دەستپێشخەری هاوبەش و ئاڵوگۆڕی زانیاری زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لەوەی خەڵک لە کوردستان و دەرەوەی وڵات ئاگاداری پێشهاتەکانی حکومەتی هەرێم لە کەرتە جیاجیاکاندا بمێننەوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/١٣ لە شاری بەغدا، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ عومەر بەرزنجی، بریکاری وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی فیدراڵ بۆ کاروباری یاسایی و فرەلایەن کۆبووەوە، مەبەست لە کۆبوونەوەکە ئاڵوگۆڕی زانیاری، بیروڕا و نزیککردنەوەی هەڵوێستەکان و ڕاوێژکردن لە تەوەرە پەیوەندیدارەکان و گرینگیی بەشداریکردنی کارای نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەو کۆبوونەوانەی کە لە بواری مافی مرۆڤ، پەیماننامە و ڕێککەوتننامە.

- ڕیکەوتی ٢٠٢٤/٥/١٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ جەنابی سەرۆک کۆمار د.عبداللطیف جەمال ڕەشید لە کۆشکی بەغدا کۆبووەوە، باسیان لە بابەتە سەرەکییەکانی تایبەت بە پەیوەندییەکانی حکومەتی فیدراڵی وە حکومەتی هەرێمی کوردستان و جەختکردنەوە لەسەر گرنگی مافی هاووڵاتیانمان کرد، وە گرنگی گفتوگۆی بنیاتنەر، لە ڕێگاکانی چارەسەرکردنی پرسە دەستوورییەکان و چاکسازییە دەستوورییەکانمان لێکۆڵیەوە، جەنابی سەرۆک کۆمار تیشکی خستە سەر پێویستی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی

مافەکانی مرۆڤ و داکۆکی لە چاکسازییەکانی پەروەردەیی کرد سەبارەت بە بەرەوپێشبردنی لێبوردەیی و پێکەوەژیان. هەروەها جەختی لەسەر هەماهەنگی نێوان وەزارەتەکانی پەروەردە و ڕۆشنبیری و هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ کردەوە.

- ڕیکەوتی ٢٠٢٤/٥/١٤ لەمیانەی کۆبوونەوەیەکی نێوان ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم وەک نوێنەری حکومەتی هەرێم لەگەڵ یونیتاد و د. زیدان خەڵەف، ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیرانی عێراق - سەرۆکی لیژنەی نیشتمانی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لەو تاوانانەی داعش ئەنجامیداون (یونیتاد)، گفتوگۆ لەبارەی دوایین پێشهاتەکان لە مەلەفی دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعش کرا.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/١٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ د. خالید شوانی، وەزیری دادی حکوومەتی عێراقی فیدراڵ کۆبووەوە، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە کۆبوونەوەکەدا جەختی لە پێویستی بوونی هەماهەنگی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە بارەی مافەکانی مرۆڤ کردەوە، لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر گرینگی بەشداریی حکوومەتی هەرێم لەو کۆبوونەوە و گفتوگۆیانەی لە دەرەوەی عێراق لە بواری مافەکانی مرۆڤ دەبەسترێن وەک ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانیان و پەرەپێدان بەو میکانیزمەی پەیڕەو دەکرێت لە چوارچێوەی لیژنەی نیشتمانی وەڵامدانەوەی ڕاپۆرت و ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی ئەو ڕێککەوتننامانەی عێراق تێیدا ئەندامە لە بارەی مافەکانی مرۆڤ و مرۆیی.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/١٦ بەڕێز عومەر بەرزنجی بریکاری وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی ئیتحادی بۆ فرەلایەن و کاروباری یاسایی سەردانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی کرد، لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر ئاڵوگۆڕی زانیاری، بیروڕا و نزیککردنەوەی هەڵوێستەکان و ڕاوێژکردن لە تەوەرە پەیوەندیدارەکان بە مافەکانی مرۆڤ، بریکاری وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی ئیتحادی بۆ فرەلایەن وکاروباری یاسایی دووپاتی کردەوە کە بەشداری کارای حکومەتی هەرێم لەو کۆبوونەوانەی لە بواری مافی مرۆڤ، پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و خستنەڕووی دیدگای حکومەتی هەرێم لە کۆنفرانس و کۆنگرە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان کە لە دەرەوە دەبەسترێن هەنگاوێکی گرنگە بۆ حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێم.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/٢٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان وەکو نوێنەری حکومەتی هەرێم بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ تیمەکانی یونیتاد و لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ یونیتاد (NCC) لە گفتوگۆیەکی ئۆنلاین بەشداربوو، کە لەلایەن هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (CJR) ڕێکخرابوو، گفتوگۆکە بۆ مەبەستی سەرنج خستنەسەر هەڵوێستی لایەنەکان بوو لە حکومەتی ئیتیحادی و هەرێم، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و لایەنی نێودەوڵەتی سەبارەت بە بابەتی بە کۆتا هاتنی ئەرکی پێسپێردراوی یونیتاد لە عێڕاق لە ١٧ ئەیلولی ئەمساڵ، بەشداربووانی گفتوگۆکە بریتی بوون لە هەر یەک لە بەڕێزان ئانا پێریۆ

لۆپێس ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی بە وەکالەتی یونیتاد، هێلینا کەنەدی پارێزەری دادگای باڵای سکۆتلەندا و ئەندامی پارتی کرێکاران و ئەنجومەنی لۆردان،ناتیا نەڤرۆزۆڤ سەرۆکی ڕێکخراوی یەزدا، حەسەن جەمیل ئەندامی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (CJR)، خەلەف سنجاری ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ کاروباری ئێزیدییەکان، سارا سانبەر شرۆڤەکاری هیومان ڕایتس ووچ بۆ عیراق، د. ئێویلینا ئۆچاب دامەزراوەی مافی مرۆڤی کۆمەڵەی پارێزەرانی نێودەوڵەتی (IBAHRI)، نیکۆلێت والدمان ڕاوێژکاری باڵای قەیرانەکانی ڕێکخراوی ئەمنێستی نێودەوڵەتی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٦/٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران، لە دەستپێکی کۆبووەنەوەکەدا، سەرۆک وەزیران ئاماژەی بە ڕۆژی جیهانی ژینگە کرد و ئاماژەی بەوە دا کە پێویستە هەموو ڕۆژێک ڕۆژی پاراستنی ژینگە بێت و دەبێ هەموو هەوڵێک لە پێناو پەرەپێدانی فەرهەنگی ژینگەپارێزی بخەینە گەڕ، لە بڕگەی یەکەمی کۆبوونەوەدا، ڕاپۆرتی ساڵی دووەمی جێبەجێکردنی پلانی حکوومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ (٢٠٢٥-٢٠٢١) لەلایەن ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان خرایەڕوو، دوای ئەوەی ئەم پلانە لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٢١ لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پەسەندکرا و کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٦/١١ لەبارەی کۆتایی هاتنی کارەکانی تیمی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) لە هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم، ئەم کۆبوونەوەیە ئامادەکاری بوو بۆ ئەنجامدانی خولی مەشق و ڕاهێنان کە بڕیارە لەلایەن تیمی یونیتاد ئەنجام بدرێت بۆ ڕادەستکردنی ئەو بەڵگە و دۆسیانە کە لە ماوەی کارکردنیان لە هەرێم و عێراق کۆیانکردبووەوە وەک کەیسی ئامادەکراو بۆ دادگاکان پۆلێن کردووە.

- بە مەبەستی هەماهەنگی زیاتر لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر هەروەها ڕاگەیاندنی پرۆژەی پشتیوانی دارایی کەنەدی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادی لە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ی تەمموزی ٢٠٢٤ کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بە سەرپەرشتی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئەنجامدرا، لە کۆبوونەوەکە هەریەکە لە کریستینا ئالبرتین نوێنەری هەرێمیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا لە ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە ماددەی هۆشبەر و تاوان (UNODC) و عەلی ئەلبەریر بەرپرسی ئۆفیسی عێراقی (UNODC) و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بەشداربوون، لەم بارەیەوە ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وتی: بۆ بەرەنگار بوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان حکومەتی هەرێم هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات، سەردانی شاندی ناوبراویش بۆ هەمان مەبەست بووە، بەتایبەتی ڕاگەیاندنی پرۆژەی پشتیوانی دارایی کەنەدی بۆ حکومەتی

هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادی، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە میانەی هەماهەنگیمان لەگەڵ (UNODC) توێژینەوەیەکی وردیان بە ناونیشانی شێوازەکانی بە قاچاخ بردنی ماددەی هۆشبەر لە ڕێگای عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئەنجامگەیاندووە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/٢٩ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشدارییان کرد لە کۆبوونەوەی لیژنەی نیشتمانی نووسینی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان کە لە بەغدا ئەنجامدرا، ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە ئامادەکارییەکان بۆ گفتوگۆ کردنی ڕاپۆرتی کۆماری عێراق تایبەت بە ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی جیاکاری ڕەگەزپەرستی کە بڕیار وایە لە مانگی ئابی داهاتوو لە جنێڤ ببەسترێت، وە هەروەها گفتوگۆ کردنی ڕەشنووسی ڕاپۆرتی کۆماری عێراق تایبەت بەڕێککەوتننامەی پاراستنی هەموو کەسەکان لە شوێنبزربوونی زۆرەملێ بۆ بەرزکردنەوەی بۆ ئەمینداریەتی گشتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی بە مەبەستی پەسەند کردنی.

<u>بەشێک لەو زانیاریانەی ئاڵ و گۆڕیان پێکراوە لەگەڵ یوئێن و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان:</u>

- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٩ پێشوازیمان کرد لە بەڕێز نۆێل کوتوتوا هەڵسوڕێنەری نوێی کاروباری مافی مرۆڤ لە نووسینگەی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (UNAMI).
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٦ سەردانی بەڕێز (جێمس سۆرنتون) کونسوڵی گشتی شانشینی بەریتانیامان کرد لە هەولێر.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٩ پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (شتیڤان ئێمری) کونسوڵی گشتی هەنگاریا لە هەولێر.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٢ پێشوازیمان کرد لە شاندێکی ڕێکخراوی (NCCI) بەسەرپەرشتی خاتوو (اود میلیت) بەڕێوەبەری هەماهەنگی و پەیوەندیەکان.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٦ پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (احمد جیهاد) باڵیۆزی کۆماری میسر لە عێراق.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢ پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (هیمیار عبدالغني) جێگری نوێنەری سندوقی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٤ پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (پاترێک کیزیت) سەرۆکی نووسینگەی ڕێکخەری پەرەپێدانی ناوچەیی لە نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق (UNAMI).
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٥ لە بەغدا سەردانی بەڕێز (فارس عیسا) سەرۆکی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستانمان کرد.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٥ لە بەغدا سەردانی بەڕێز (فاروق ئەمین شوانی) وەزیری دادی حکومەتی فیدڕاڵمان کرد.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/١٠ پێشوازیمان کرد لە کونسوڵی گشتی تورکیا لە هەولێر بەڕێز (هاکان کاراچای).
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/١٨ سەردانی خاتوو (خانزاد احمد) ئەمینداری گشتی ئەنجومونی باڵای کاروباری خانمانمان کرد.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/١٨ پێشوازیمان کرد لە بەڕێزان (سەوسەن محمد میرخان) سەرۆکی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و ئەنفال و زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان و (سۆزان خالد احمد) راویژکار لە پەرلەمان و (ئەمیر عوسمان) بەڕێوەبەری پێکەوە ژیان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/١٩ پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (ئاندرۆ ڵینتز) سەرۆکی کاروباری سیاسی و ئابووری کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەولێر.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/١٩ پێشوازیمان کرد لە بەڕێز خاتوو (سیسیلیا داماری) بڕیاردەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئاوارەکانی ناوخۆ.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٣ لە ئەنجومەنی وەزیران بە مێوانداری بەڕێز (فاروق شوانی) وەزیری دادی عێراق سەرپەرشتی کوبوونەوەیەکی فراوانمان کرد.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٤ لەگەڵ بەڕێز (فاروق ئەمین شوانی) چاوپێکەوتنمان ئەنجامدا لەگەڵ هەریەک لە بەڕێزان (حاکم بەنگین) سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری، (فرسەت احمد) وەزیری داد و بەڕێز (سەفین دزەیی) بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/٣ پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (عبدالرحمن مصطفی) پارێزگاری کەرکوک.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/٣ پێشوازیمان کرد لە بەڕێز خاتوو (ایتا شویت) ڕێکخەری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR) لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/٤ پێشوازیمان کرد لە بەڕێز خاتوو (خانزاد) ئەمینداری ئەنجومەنی بالای خانمان.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/٩ پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (ئەنیث ئەبراهام) بەرپرسی IOM لە ئوفیسی هەولێر.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١٥ پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (مازن طلعت) نوێنەری هەرێمی پڕۆگرامی یوئین بۆ نیشتەجێکردنی مرۆیی.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٣ بەشدار بووین لە کۆبوونەوەی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەگەڵ بەڕێز کەریم خان ڕاوێژکاری تایبەتی تیمی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد).
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٣٠ سەرپەرشتی کوبوونەوەیەکمان کرد بە ئامادەبوونی ئەندامانی تیمی یۆنیتاد و نوێنەرانی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٣ بەشداریمان کرد لە کۆنگرەی یەکەمی ڕێکخراوی (Staunch Mountain Aid) بە ناوی ئێزیدیەکان دوای داعش.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١٢ پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (کارولین بویسمەن) گەورە بەرپرسی یاسایی لە یۆنیتاد.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٢٥ پێشوازیمان کردن لە خاتوو (دینا زۆربا) نوێنەری یوئێن بۆ کاروباری ژنان و خاتوو (خانزاد) سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای خانمان.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٢٦ پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (سۆنیل ئەنتۆنی) سەرۆکی ئاسایشی یوئێن لە هەرێمی کوردستان.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/١٨ پێشوازیمان کرد لە خاتوو (ئاشلی دوریک) کونسۆلی گشتی کەنەدا لە هەولێر.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٨ پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (ڤینسینت گویلاوم) کونسۆلی گشتی یەکیتی ئەوروپا لە هەولێر.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٦ پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (چۆی) کونسۆلی گشتی کۆریا لە هەولێر.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١١ پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (ئاشلی دۆریک) کونسۆلی کەنەدا لە هەولێر.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١ کوبوونەوەیەکمان ئەنجامدا بە ئامادەبوونی وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی و سەرۆکی ئەنجومەنی خانمان و بەشێک لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٩ پێشوازیمان کرد لە بەرێز (چۆی کوانگژین) کونسۆلی گشتی کۆریا لە هەولێر.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٢ سەردانی بەڕێز حەمەی حەمە سەعید وەزیری رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان کرد.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٧ پێشوازیمان کرد لە بەرێز (نصرالله ڕەشنودی) کونسۆلی گشتی ئێران لە هەولێر.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٨ پێشوازیمان کرد لە بەرێز (میشێل نەجیب) سەرۆکی کلدانییەکان لە موسڵ و ئاکرێ.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٦ لە چوارچێوەی شاندی حکومەتی عێراق بەشداریمانکرد لە کۆبوونەوەکانی خولی (١٩)ی لیژنەی تایبەت بە ڕێککەوتننامەی پاراستنی هەموو کەسەکان لە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٦ سەردانی بەرێز (دادوەر سالار عبدالستار) وەزیری دادی حکومەتی فیدراڵمان کرد لە بەغدا.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٦ سەردانی بەرێز (د. فؤاد حسێن) وەزیری دەرەوەی عێراقمان کرد لە بەغدا.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٢٠ لە نووسینگەی ڕێکخەر پێشوازیمان کرد لە بەرێز (تۆم هاید) سەرۆکی تیمی سیاسی کونسۆلخانەی بەریتانیا لە هەولێر و خاتوو (فیۆنا) لە بالیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٤ لە ڕێگای پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا کوبوونەوەکمان ئەنجامدا لەگەڵ بەرێز (کاتی کیسیر) کونسۆلی گشتی (بەوەکالەت) نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٨ پێشوازیمان کرد لە بەرێز (ئیفثیمیۆس کوستۆپولۆس) کونسۆلی گشتی یۆنان لە هەولێر.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٩ پێشوازیمان کرد لە خاتوو (ناگایاما یۆشیکو) کونسۆلی گشتی یابان لە هەولێر.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١١ پێشوازیمان کرد لە خاتوو (د. هانا نعمان) ئەندام پەرلەمان لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٧ پێشوازیمان کرد لە بەرێز (نەزمی هزوری) کونسۆلی گشتی فەلەستین لە هەولێر.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٢٣ سەردانی بەرێز (د. ئارام محمد) وەزیری خویندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیمان کرد.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/١٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە بەرێز نی-ڕۆچی کونسۆلی گشتی چین لە هەولێر کرد، لە کۆبوونەوەکەدا چەند پرسێک خرایە بەر باس، لەوانە بەرەوپێشبردنی هەماهەنگی ئابووری، کێشە هەڵپەسێردراوەکانی هەولێر و بەغدا، پرسی مافی مرۆڤ، و ئەو بەها دیموکراتییانەی لە هەرێم بەرقەرارن و کاریان پێدەکرێت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/١٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز ڤینسنت گولیامی، بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی یەکێتی ئەوروپا، لە دیدارەکەدا تیشک خرایە سەر ڕۆڵی یەکێتی ئەوروپا لە بەرەوپێشبردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ، هەروەها پابەندبوونی حکومەتی هەرێم بە پرەنسیپە دیموکراتییەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/٢٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز نی-ڕوچی، کونسوڵی گشتی چین، لە دیدارەکەدا گفتوگۆ لەبارەی چەند پرسێک کرا کە بریتیبوون لە دادگاییکردنی تیرۆرستانی داعش، قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی تیرۆر لە شەنگال، بوژانەوەی هەماهەنگی ئابووری، و ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێم.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز (نوێل کۆتتوا) بەرپرسی نوسینگەی مافەکانی مرۆڤی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یۆنامی)، لە دیدارەکەدا گفتوگۆ لەبارەی گرینگی دەستپێکردنی هەنگاوەکانی سەرەتایی تایبەت بە پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێداچوونەوەی پانۆڕامای خولی گشتگیر وەک بەشێک لە ڕاپۆرتی پلانی نیشتیمانی عێراقی بۆ ساڵی ٢٠٢١-٢٠٢٥ کرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/١٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە کونسوڵی گشتی میسر بەڕێز (محمد احمد وجیە حجازی)، لە کۆبوونەوەکەدا گفتووگۆ کرا لەبارەی دۆسییەی مافی مرۆڤ بەگشتی و بەشداری کارای حکومەتی هەرێم لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ئەو ڕێککەوتننامانەی کە عێراق واژووی لەسەر کردووە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/١٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە شاندێکی تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) کە پێکهاتبوو لە بەڕێز سیمۆ فاتانین بەرپرسی بەشی پاراستنی شایەدحاڵ و قوربانیان، لە دیدارەکەدا باس لە میکانیزمی پێویست بۆ پاراستنی شایەدحاڵ و قوربانیان کرا لە کاتی ئەنجامدانی دادگایی کردنی تاوانباران بۆ مسۆگەر کردنی سەرکەوتنی پرۆسەی دادگاییەکە و تیشک خرایە سەر یاسا ناوەخۆییەکانی تایبەت بەو بوارە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/١٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە شاندێکی تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) کە پێکهاتبوو لە بەڕێز شادراک کاتوو بەرپرسی بەشی دیجیتاڵیزەیشن (بەئەلیکترۆنیکردن)، لە کۆبوونەوەکەدا میکانیزمی پرۆسەی بەئەلیکترۆنیکردن خرایە ڕوو و گرتنەبەری هەنگاوەکانی داهاتوو بۆ پرۆسەی بەئەلیکترۆنیکردنی بەڵگەی تاوانەکانی داعش .

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازیکرد لە تیمێکی خاچی سووری نێودەوڵەتی کە پێکهاتبوون لە جێگری سەرۆکی ڕێکخراوی خاچی سووری، جێگری هەماهەنگی پاراستن، لێپرسراوی دۆخی گیراوان و شارەزای گرتووخانەکان، لە کۆبوونەوەکەدا گفتووگۆ لەبارەی ڕەوشی گیراوانی داعش و میکانیزمی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی قوربانیانی ماددە هۆشبەرەکان و چەند پرسێکی دیکە کرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/١٥ لە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرا لە بەڕێز دانیال بێڵ، بەرپرسی نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی لە عێراق، لە دیدارەکەدا تیشک خرایە سەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لە چاکسازییەکان و لە بواری ئازادی ڕۆژنامەوانی و ئازادی ڕادەربڕین، و چەند پرسێکی تری پەیوەندیدار.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/١٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز ڤینسنت گولیامی، بەرپرسی نووسینگەی هەماهەنگیی ئەوروپا، لە کۆبوونەوەیەکدا تیشک خرایە سەر پەیوەندی حکومەت لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی، هەروەها باس لە دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم ئازادی ڕۆژنامەوانی کرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٤/٢١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەرپرسی بەشی مافی مروڤ لە نووسینگەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاریکاری کردنی عێراق (یۆنامی)، لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر چەند بابەتێک لەوانەش چۆنیەتی جێبەجێکردنی پانۆرامای خولی گشتگیر (UPR) و دانانی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مروڤ لە هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی یۆنامی لە هاوکاری کردنی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم لەم ڕووەوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز کلیمنتس سیمنتر، کونسوڵی گشتی ئەڵمانیا. لە دیدارەکەدا باس لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا بۆ ناساندنی تاوانەکانی داعش دەرهەق بە پێکهاتەکانی هەرێم بەتایبەتی ئەوانەی بەرامبەر ئێزیدییەکان ئەنجامدراوە و دەچێتە خانەی تاوانەکانی جەنگ، تاوان دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/١٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز ئالبێرت جۆزێف، بەرپرسی بەشی موسڵ، لە تیمی لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد). لە دیدارەکەدا هەماهەنگی و پاڵپشتی حکومەتی هەرێم بۆ یونیتاد بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش، هەروەها یاسای پەرلەمانی کوردستان بۆ دادگاییکردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان باسکرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/٢٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز لارس ڕۆناس باڵیۆزی سوید لە عێراق، لە کۆبوونەوکەدا ئاماژە بە هەوڵە بەردەوامەکانی حکومەتی هەرێم درا بۆ دادگاییکردنی تاوانەکانی داعش لە ژێر ڕۆشنایی یاسا نێودەوڵەتییەکان، هەروەها تیشک خرایە سەر پابەندبوونی حکومەتی هەرێم بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/١٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز ئاراکاوە میکهیرۆ، کونسوڵی گشتی یابان لە هەرێم، لە دیدارێکدا میکانزمی (نووسینگەی ڕێکخەر بۆ ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان) بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەهەندەکانی مافی مرۆڤ تاوتوێ کرا، هاوکات ئاماژە بە ڕۆڵی یابان درا لەبەر هاوکاریە بەردەوامەکانیان بۆ حکومەتی هەرێم.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/١٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە هەردوو ڕێکخراوی (یەزدا) و (تۆڕی ڕزگاربووانی ئێزیدییەکان). لە کۆبوونەوەکەدا پرۆژە یاسای حکومەتی هەرێم بۆ دادگاییکردنی داعش لەژێر ڕۆشنایی تاوانە نێودەوڵەتییەکان تاوتوێ کرا. هاوکات، باس لە گرنگی تێبینیەکانی ڕزگاربووانی ئێزیدی کرا بۆ داڕشتنی پرۆژە یاساکە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٦/٢٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد پێشوازی لە ستافێکی تەکنیککاری تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کۆکردنەوە و لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) کرد، کە هاوکاری پرۆسەی بەئەلیکترۆنیکردنی ئەرشیڤی تایبەت بە تاوانەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە هەولێر دەکەن. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە هەنگاوە کردەییەکان کرا بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەکان و ئامادەکردنیان بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی کونسوڵی گشتی کۆریا و بەڕێوبەری ڕێکخراوی (کۆیکا)ی کرد، لە دیدارەکەدا جەختی لە ڕۆڵی هاوتا نێودەوڵەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی قوربانیانی ماددە هۆشبەرەکان کردەوە تەریب لەگەڵ چڕبوونەوەی تەقەلا ناوەخۆییەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٣٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە دانیال بێل، بەرپرسی نووسینگەی مافی مرۆڤی یۆنامی لە عێراق. لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لە خانە چاکسازییەکان، هەروەها گفتوگۆ لەبارەی دانانی میکانیزمێک بۆ چاودێری ڕەوشی گیراوان بە گوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان کرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٢٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێزان جەیسن ئانتلی و مارتن هاکێت، پسپۆڕانی یاسایی لە ڕێکخراوی ئۆکسیۆمی بەریتانی. لە دیدارەکەدا تیشک خرایە سەر پەرەپێدان بە توانا دادوەرییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی پەیوەست بە تیرۆر، پابەندبوون بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لە داڕشتن و جێبەجێکردنی یاسادا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٢٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز شڤایز گوت، کونسوڵی ئەڵمانیا بۆ کاروباری یاسایی و مرۆیی. لە کۆبوونەوەکەدا جەخت کراوە لە گرنگی برەودان بە ڕەوشی مافی مرۆڤ، هاوکات تیشک خرایە سەر ئاستەنگەکانی جێبەجێکردنی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە بۆ تاوانبارانی داعش بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز پالادینۆ، کونسوڵی گشتی ئەمریکا لە هەولێر. لە کۆبوونەوەکەدا بنەماکانی حوکمڕانی چاک و سەروەری یاسا تاوتوێ کرا. بەڕێز پاڵادینۆ پێگەی هەرێمی کوردستانی بەرزنرخاند و ستایشی هەوڵەکانی جەنابی سەرۆک وەزیرانی کرد لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی جێندەری.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٦ لە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازیمان کرد لە بەڕێز هیشام مەندودی، بەرپرسی نووسینگەی هەولێری خاچی سووری نێودەوڵەتی. لە دیدارەکەدا تیشک خرایە سەر چەند بابەتێک، لەوانەش پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان و سیستەمی بەڕێوەبردن لە خانە چاکسازییەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز گێراڵد کەیسی، بەڕێوبەری کاروباری تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، لە کۆبوونەوەکەدا ئەنجامی کارەکان و هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێم و یونیتاد کە لە ساڵی ٢٠٢١ دا بەدیهاتوون تاوتوێ کرا. هەروەها باس لەو بەرەوپێشچوونی کۆکردنەوە و بەئەلیکترۆنیکردنی بەڵگەنامەکانی تاوانەکانی داعش کرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە تیمی ئەرشیفکردن و بەئەلیکترۆنیکردنی لە یونتیاد، لەبارەی بەرەوپێشچوونی هەنگاوەکانی کۆکردنەوە و بەئەلیکترۆنیکردنی بەڵگەنامەی تاوانەکانی داعش بەدیهاتوون گفتوگۆکرا، ئەمەش بەردی بناغەی پرۆسەی دادگاییکردنی تیرۆرستانی داعشە لەژێر ڕۆشنایی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/١٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە خاتوو ماری پارێت، بەرپرسی نوێی نووسینگەی یەکێتی ئەوروپا لە هەولێر. لەم دیدارەدا باس لە و ڕۆڵی یەکێتی ئەوروپا و سەرکەوتنی هەڵبژاردنی ئەم دواییەی عێراق کرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی ناساندنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ سەردانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کرد، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە پلان و نەخشەڕێگا و میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم پلانە ڕوون بکاتەوە، هەروەها چۆنیەتی بەشداری و ڕۆلی وەزارەتی ناوبراو لە جێبەجێکردنی پلانەکە بخاتە ڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی ناساندنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ سەردانی وەزارەتی تەندروستی کرد. لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانەکە بۆ ئەوەی ڕۆڵی وەزارەتی تەندروستی و چۆنیەتی بەشداری لە جێبەجێکردنی پلانەکە بخەینە ڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠/١٠/ ٢٠٢١ نووسینگەی ڕێکخەر بە مەبەستی ناساندنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ سەردانی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی کرد، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە پلان و نەخشەڕێگا و میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم پلانە ڕوون بکرێتەوە، هەروەها چۆنیەتی بەشداری و ڕۆڵی وەزارەتی ناوبراو لە جێبەجێکردنی پلانەکە بخرێتە ڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٤ بۆ مەبەستی ناساندنی پلان هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخەر سەردانی وەزارەتی پێشمەرگەی کرد و لەلایەن بەڕێز وەزیری پێشمەرگە و بەڕێزان سەربەست لەزگین بریکاری وەزارەت و جەمال ئیمنکی سوپاسالاری پێشمەرگە و لیوا قارەمان شێخ کەمال جێگری سوپا سالاری پێشمەرگە و جەبار یاوەر ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە پێشوازی کرا. مەبەست لەم کۆبوونەوەیە ئەوەیە تا لە نزیکەوە نەخشە ڕێگا و میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی ڕوون بکرێتەوە و بەشداری و رۆلی وەزارەتی پێشمەرگە لە جێبەجێکردنی پلانەکە بخرێتە ڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٤ بۆ مەبەستی ناساندنی ئەم پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی وەزارەتی دادی کرد، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە نەخشەڕێگا و میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی ڕوون بکاتەوە و بەشداری و ڕۆڵی وەزارەتی داد لە جێبەجێکردنی پلانەکە بخاتە ڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ ئەوەی لە نزیکەوە پلان و نەخشەڕێگا و میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕوون بکاتەوە، هەروەها چۆنیەتی بەشداری و ڕۆڵی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە جێبەجێکردنی پلانەکە بخاتە ڕوو بەتایبەتی لە بابەتی پاراستنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و چەندین بابەتی دیکە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەڕێز محمد حەمە سەعید وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد. لە دیدارێکدا ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرانی گشتی وەزارەت ئامادەبوون، باس کرا لە بایەخی بوونی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گرنگی بڵاوکردنەوەی ئەم کەلتوورە لە کۆمەڵگادا، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ئەرکێکی زۆری دەکەوێتە سەر شان بەتایبەتی سەبارەت بە مافی پێکهاتەکان، ئازادی ڕادەربڕین، پاراستنی ڕۆژنامەنووسان، پاراستنی مافەکانی منداڵان و ئافرەتان، مافەکانی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت، نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان، پاراستنی ژینگە، پاراستنی کەلتور و بڵاوکردنەوەی کەلتووری مافەکانی مرۆڤ وچەندین بابەتی دیکە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەڕێز ئاوات جەناب نوری وەزیری دارایی و ئابوری کرد بۆ ئەوەی لە نزیکەوە پلان و نەخشەڕێگا و میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕوون بکاتەوە، هەروەها چۆنیەتی بەشداری و ڕۆڵی وەزارەتی دارایی و ئابوری لە جێبەجێکردنی پلانەکە بخرێتەڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز ئاراکاوا، کونسوڵی گشتی ژاپۆن لە هەولێر. لە کۆبوونەوەکەدا، تاوتوێی ڕۆڵی ژاپۆن کرا لە پەرەپێدانی ژێرخانی هەرێمی کوردستان، هەروەها ڕۆڵی ئەو وڵاتە باسکرا لە دابینکردنی پشتگیری بۆ پلانی هەرێمی مافەکانی مرۆڤ.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێزان (نۆیل کۆتتوا و زەیتۆ سیانی) لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یۆنامی). لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لەوە کرا کە نەخشەڕێگای جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی مافەکانی مرۆڤ ئامادەیە، هاوکات یۆنامی ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هەر هاوکاری و هەماهەنگییەک لەم لایەنە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەڕێز دادوەر عەبدولجەبار عەزیز حەسەن سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستانی کرد بە مەبەستی ناساندنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، هاوکات لە نزیکەوە میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانەکە و بەشداری و ڕۆڵی ئەنجومەنی دادوەری خرایەڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٧ بۆ مەبەستی ناساندنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەڕێز محمد شکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کرد کە تێیدا لە نزیکەوە میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ گفتوگۆی لێوەکرا و بەشداری و ڕۆڵی دەستەی وەبەرهێنان لە جێبەجێ کردنی پلانەکە خرایەڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٧ بۆ مەبەستی ناساندنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەڕێز بارزان ئەکرەم مەنتک سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کرد، لە سەردانەکەدا گفتوگۆ کرا لە بارەی میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی و بەشداری و ڕۆڵی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان .

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز ئارشاک مانۆکیان کونسوڵی گشتی ئەرمینیا. لە دیدارەکەدا، کونسوڵی گشتی ئەرمینیا داڕشتنی پلانی هەرێمی بە هەنگاوێکی گرنگ وەسفکرد.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی وەزارەتی پلان دانانی کرد. لە دیدارەکەدا، تیشک خرایە سەر گرنگی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و بەشداری و ڕۆلی وەزارەتی پلان دانان لە جێبەجێکردنی پلانەکە و ئەو بوارانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە وەزارەتی ناوبراوەوە هەیە بەتایبەتی مافەکانی کەم ئەندامان، یارمەتیدانی ئاوارە و پەنابەران، مافی موڵکیەت، دەستەبەری تەندروستی و کۆمەڵایەتی، مافی کرێکاران و چەندین بابەتی دیکە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی کرد. لە دیدارەکەدا، تیشک خرایە سەر گرنگی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ڕۆڵی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە جێبەجێکردنی پلانەکە و ئەو بوارانەی راستەوخۆ پەیوەندییان بە ژینگەوە هەیە بەتایبەتی هەموار کردنی یاسای پاراستنی ژینگە، کەمکردنەوەی گازە ژەهراوییەکان، ڕەچاو کردنی پاراستنی ژینگە لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، گرنگی زیادکردنی ناوچەی سەوزایی و چەندین بابەتی دیکە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمانی کرد. لە دیدارەکەدا تیشک خرایە سەر گرنگی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و بەشداری و ڕۆڵی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە جێبەجێکردنی پلانەکە و ئەو بوارانەی راستەوخۆ پەیوەندییان بە ئەنجومەنی ناوبراوەوە هەیە

بەتایبەتی مافەکانی ئافرەتان، کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت، منداڵان، یارمەتیدانی ئاوارە و پەنابەران و چەندین بابەتی دیکە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی دەزگای گشتی کاروباری مینی کرد بۆ ناساندنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ. لە دیدارەکەدا، میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانەکە و ڕۆڵی دەزگای ناوبراو بەتایبەتی لە بابەتی پاراستنی مافی کەم ئەندامان، وقوربانیانی مین، قەرەبووکردنەوە و پاککردنەوەی ئەو زەویانەی بە مین چیندراون و پاراستنی ژینگە ڕوونکرایەوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکانی کرد. لە کۆبوونەوەکەدا، پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ڕوونکردنەوەی میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانەکە، و بەشداری و ڕۆلی وەزارەتی ناوبراو لە جێبەجێکردنی پلانەکە بەتایبەتی لە بابەتی پاراستنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و پاراستنی ژینگە خرایە ڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٤، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی کرد. لە کۆبوونەوەکەدا، پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ڕوونکردنەوەی میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانەکە، و بەشداری و ڕۆڵی وەزارەتی ناوبراو لە جێبەجێکردنی پلانەکە خرایە ڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کرد. لە دیدارەکەدا تیشک خرایە سەر گرنگی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ڕۆڵی دەستەی دەستپاکی لە جێبەجێکردنی پلانەکە و ئەو بوارانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە شەفافیەت و نەهێشتنی گەندەڵییەوە هەیە بەتایبەتی خستنەڕووی دەستکەوتەکانی حکومەتی هەرێم لەم بوارە و جێبەجێکردنی پرۆژەی چاکسازی کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم دەستیپێکردووە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی وەزارەتی کارەبای کرد بۆ مەبەستی ناساندنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و بەشداری وەزارەتی ناوبراو لە جێبەجێکردنی پلانەکە. هاوکات، هەوڵەکانی وەزارەتی کارەبا لە زیاد کردنی کاتژمێرەکانی کارەبا، بەرهەمهێنان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، پاراستنی ژینگە ، دابینکردنی تەزوی کارەبا لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کەمپی ئاوارەکان، هەنگاوی گرینگن و ڕەنگدانەوەی ئەرێنیان دەبێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی کرد. مەبەست لەم سەردانە گفتوگۆ کردن بوو لەسەر پلانی هەرێمی ٢٠٢١-٢٠٢٥، بۆ ئەوەی ڕۆلی وەزارەتی ناوبراو لە پلانی هەرێمی و میکانیزم و قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەت بخرێتە ڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز هاکان کاراشای کونسوڵی گشتی تورکیا لە هەرێم، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە ناوەڕۆکی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ کرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز محەمەد حیجازی کونسوڵی مسرِ لە هەولێر. لە کۆبوونەوەکەدا، پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ تاوتوێ کرا، هاوکات برەودان بە توانا مرۆییەکان، داڕشتنی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی نێودەوڵەتی، بەشداریکردنی کارایانە لە کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کرد. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ کرا لەسەر پلانی هەرێمی مافەکانی مرۆڤ ٢٠٢١-٢٠٢٥، هاوکات ڕۆڵی کۆمسیۆنی ناوبراو لە پلانی هەرێمی و میکانیزم و قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە کۆمسیۆنی باڵا خرایە روو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی وەزارەتی پەروەردەی کرد. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ کرا لەسەر پلانی هەرێمی مافەکانی مرۆڤ ٢٠٢١-٢٠٢٥، هاوکات ڕۆڵی وەزارەتی نابراو لە پلانی هەرێمی و میکانیزم و قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەت خرایە روو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز سوباش کەین، کونسوڵی گشتی هیندستان لە هەرێم، لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆکرا لەبارەی ناوەڕۆکی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و بەڕێز کەین پشتیوانی خۆی بۆ پلانێکی لەمشێوەیە دەربڕی و بە هەنگاوێکی گرنگ وەسفیکرد.

- ڕۆژی سێشەممە ڕێککەوتی ٢٠٢١/١١/١٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کرد. مەبەست لەم سەردانە گفتوگۆ کردن بوو لەسەر پلانی هەرێمی مافەکانی مرۆڤ ٢٠٢١-٢٠٢٥، ڕۆڵی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پلانی هەرێمی و میکانیزم و قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە فەرمانگە خرا ڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەڕێز ڕۆبێرت پاڵادینۆ، کونسوڵی گشتی ئەمریکای لە هەرێم کرد. لە گفتوگۆیەکی دۆستانەدا، چەند پرسێک وەک جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، هەماهەنگی لەگەڵ تیمی لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، ڕەوشی کۆچبەران، بارودۆخی ئاوارەکان تاوتوێکرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز ئانیس ئەبراهام، بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) کرد، بۆ مەبەستی تاوتوێکردنی هاوکارییەکانی ڕێکخراوەکە لە بارەی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، بە تایبەتی لە بواری ڕێگریکردن لە بازرگانیکردن بە مرۆڤ و توندوتیژی

جێندەری و باشترکردنی دۆخی ئاوارەکان. هاوکات، باسمان لە ڕەوشی کۆچبەران کرد لەسەر سنووری بیلاڕووسیا و پۆڵەندا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٢٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی دکتۆر عەلی تەتەر، پارێزگاری دهۆکی کرد بەمەبەستی ناساندنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ. هاوکات، گرنگی هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەکانی تیمی لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش ( یونیتاد) لە دهۆک باسکرا بۆ بەردەوامیدان بەپرۆسەی هاوبەشیکردنی زانیاری و ئەرشیفکردنی بەڵگەکان.

- ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز جەیمس هەنت، کونسوڵی گشتی بەریتانیا لە هەرێم. تاوتوێی ناوەڕۆکی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ کرا ، هاوکات باس لە هەماهەنگییەکانی نووسینگەی ڕێکخەر لەگەڵ تیمی یونیتاد کرا.

- ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە ژمارەیەک کونسوڵی گشتی و نوێنەرانی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا کرد، کە پێکهاتبوو لە کونسڵی (هەنگاریا، ئەڵمانیا، بولگاریا، هۆڵەندا، پۆڵەندا، ئیتاڵیا، یۆنان و بەرپرسی نووسینگەی یەکێتی ئەوروپا)، باس لە هەنگاوەکانی بەرەوپێشبردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ کرا. هەروەها گفتوگۆ لەسەر ئەو بوارانە کرا کە پێویستییان بە هەماهەنگی و هاوکاری زیاترە. نێردە بیانییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ڕووی ڕاوێژکارییەوە بۆ جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازیکرد لە خاتوو ئانێت لیث سەرۆکی نوێی نووسینگەی مافی مرۆڤی یۆنامی لە هەولێر. خاتوو لیث پشتگیری خۆی پیشاندا بۆ میکانیزمی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا باس لە ناوەڕۆکی پلانی هەرێمی کرا و تاوتوێی ئەو بوارانەکرا کە دەکرێ بە هاوکاری یۆنامی بەرەو پێشببرێت.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/٢٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی

- کرد لە بەڕێز چۆی کونسوڵی گشتی کۆریای باشوور، کە لە ماوەی ئەرکەکەی لە هەرێمی کوردستاندا چالاکانە کاری کردووە و تێکەڵی کەلتووری کوردی بووە. بەرپرسی نووسینگەی کۆیکا یاوەری کونسڵی گشتی بوو لە کۆبوونەوەکەدا و گفتوگۆکرا لەسەر هەندێک تەوەری تایبەت بە مافی مرۆڤ کە گرینگترینیان دابینکردنی سەنتەری شیاندنەوە بوو بۆ قوربانییانی ماددەی هۆشبەر.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/٣٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە خاتوو ئانا هاڵفۆرد، بەرپرسی نوێی شاندی لاوەکی کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی و پلانی هەرێمی مافی مرۆڤ تەوەری سەرەکی گفتوگۆکان

بوو. خاتوو ئانا ستایشی پلانەکەی کرد، بە تایبەتی کە پرۆسەی ئامادەکردنی یەکەم ڕاپۆرتی جێبەجێکردنی پلانەکە دەستی پێکردووە.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کرد، مەبەست لەم سەردانە گفتوگۆ کردن بوو لەسەر پلانی هەرێمی مافەکانی مرۆڤ ٢٠٢١-٢٠٢٥، بۆ ئەوەی ڕۆلی وەزارەتی ناوبراو لە پلانەکە و میکانیزمی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە وەزارەت بخرێتەڕوو.
- لە ٢٠٢٢/٤/٦٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەڵەتییەکان لە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە جنیف وەک نوێنەری حکومەتی هەرێم ئامادە بوو لە کۆبوونەوەکانی ڕێکەوتننامەی نەهێشتنی ئەشکەنجەدان و وتاری حکومەتی هەرێمی لە چوارچێوەی ڕاپۆرتی کۆماری عێراق پێشکەش کرد.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز دوڤاڵ، بەرپرسی نووسینگەی باڵیوزخانەی کەنەدا لە هەولێر. لە کۆبوونەوەکەدا میکانیزمی هەماهەنگی حکومەتی هەریم لەگەڵ تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) و پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ تەوەری سەرەکی گفتوگۆکان بوو.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە نوێنەرانی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یۆنامی)، سندوقی هاریکاریکردنی منداڵان سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، و سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی دانیشتووان. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە ناوەڕۆکی پلانی هەرێمی کرا و تاوتوێی ئەو بوارانە کرا کە دەکرێ بە هاوکاری هەمەلایانە بەرەوپێش ببرێن. وە جەخت لە هەمواركردنەوەی یاساكانی پەیوەست بە مافی ژنان و منداڵان و ئازادییەکان کرایەوە.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز جهورگۆ و خاتوو سەجا لە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و تاوان. لەم دیدارەدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان جەختی کردەوە لە هەماهەنگی هەمەلایەنە بۆ داڕشتنی میکانیزمی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٢٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە خاتوو شێری سەرۆکی ڕێکخراوی سید. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆکرا لەبارەی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ و هاوکات ئەو بوارانە دەستنیشان کران کە ڕێکخراوی سید دەتوانێ هاوکاری نووسینگەی ڕێکخەر بێت تێیدا لە پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی دادوەر سالار عبدالستار وەزیری دادی حکومەتی ئیتیحادی کرد. لە دیدارەکەدا گفتوگۆکرا لەسەر هەماهەنگی نێوان نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و لیژنەی نیشتمانی نووسینی ڕاپۆرتی ئەو ڕێکەوتننامانەی عێراق پەسەندی کردوون، هەروەها بەدواداچوونکرا بۆ ئەو تێبینی و ڕاسپاردانەی تایبەتن بە ڕێککەوتننامەکان و ئاراستەی عێراق کراون.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە شاری بەغدا سەردانی بەڕێز زیاد خەلیفە ئەلتەمیمی بریکاری وەزیری دادی حکومەتی ئیتیحادی کرد. لەدیدارێکدا باس لە گرنگی بەشداری هاوبەشی هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی کرا لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانی تایبەت بەو ڕێکەوتننامانەی عێراق پەسەندی کردوون لە بواری مافی مرۆڤ.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/١٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەڕێز شێخ باز بەرزنجی کرد، لە دوای ئەم هێرشە ناڕەوایەی کرایە سەر ماڵەکەی کە تەنیا خێزانەکەی لێ نیشتەجێن. ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەی بەوە دا کە ئەمە پێشێلکارییەکی زەقی یاسا نێودەوڵەتییەکان و بنەماکانی مافی مرۆڤە.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/١٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز دەیڤید هەنت کونسوڵی گشتی بەریتانیا. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆکرا لەسەر پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ. بەڕێز هەنت ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ پشتیوانی پلانەکە لەڕێی بەستنی وۆرکشۆپ و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان لەڕێی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی بەریتانیاوە.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز بەڵکیس وەیلڵی لە ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ، لە دیدارەکەدا گفتوگۆکرا لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە عێراق و هەرێمی کوردستان ، باس لەو بوارانە کرا کە دەکرێت هەماهەنگی لە نێوان نووسینگەی ڕێکخەر و ڕێکخراوی ناوبراودا بکرێت لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٥ ریکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە چەند ئەندامێکی ڕێکخراوی یەزدا کرد. لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی ڕێگەچارەکانی دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش کرا لەژێر ڕۆشنایی یاسا نێودەوڵەتییەکان، هاوکات تیشك خرایەسەر ڕۆڵی حکومەتی هەرێم لە پێشوازیکردنی ئاوارە ئێزیدییەکان و ناساندنی تاوانەکانی دژیان وەک جینۆساید و تاوانی نێودەوڵەتی.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێزان یۆهانا ویدتمان بەڕێوەبەری نووسینگەی ئاشتی و مافەکانی مرۆڤی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی سویسرا و جان بابتیست بەرپرسی بەشی کۆچ و ڕاگوێزانی زۆرەملێ لە نووسینگەی ناوبراو. لە دیدارێکدا تیشک خرایەسەر هەوڵەکانی

حکومەتی هەرێم بۆ پابەندبوون بە بەها و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئەو تەحەدیانەی ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێم دەبنەوە بەتایبەتی دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆسەر هەرێم.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/١٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە خاتوو کارۆڵین کارمەندی یاسایی و سەرپەرشتیاری ئەرشیڤی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، لەم دیدارە گفتوگۆ لەبارەی دوایین هەنگاوەکانی بە ئەرشیفکردنی داتا و زانیارییەکان کرا لە هەرێمی کوردستان.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز کریستیان ڕیتچەر، ڕاوێژکاری تایبەتی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێشخستنی لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، لەم دیدارەدا جەخت لە بەردەوامیدان بە هەماهەنگی دوولایەنە کرایەوە بۆ سەرخستنی پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش، کە بەشێک لە خەمی قوربانیانی تیرۆر دەڕەوێنێتەوە و دەروازەیەک دەبێت بۆ سەلماندنی ڕوودانی تاوانی نێودەوڵەتی لە عێراق و هێنانەدی دادپەروەری.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز خاتوو کارۆلاین سەرۆکی یەکەی لێکۆڵینەوە و بەڕێز بابەکر بەرپرسی پرۆژەی بە دیجیتاڵکردن لە تیمی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، ئەم کۆبوونەوەیە بە ئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو. حکومەتی هەرێم بەردەوامە لە تۆمارکردنی تاوانەکانی تیرۆریستانی داعش و ڕێکخستنەوە و ئەرشیفکردن بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ مەبەستی دادگاییکردنی تیرۆریستان لە دادگایەکی دادپەروەرانەی نێوخۆیی لەژێر ڕۆشنایی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، جینۆساید و تاوانە نێودەوڵەتییەکان.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/١١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستانی کرد، لەلایەن بەڕێز دادوەر عەبدولجەبار عەزیز حەسەن سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکرا، لەم دیدارەدا تیشک خرایە سەر ڕۆلی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ. ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، کونسولگەری وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پشتگیری لە جێبەجێکردنی پلانەکە دەکەن و ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ هەماهەنگی و هاوکاریکردن لەمبارەیەوە. بەڕێز دادوەر عەبدولجەبارعەزیز حەسەن سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هەماهەنگی لە جێبەجێکردنی پلانەکەدا و بە هەنگاوێکی گرنگی وەسفکرد بۆ پابەندبوون بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەلایەنی نێودەوڵەتییەوە.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/١٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم سەردانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی کرد، لە دیدارێکدا لەگەڵ بەڕێز خاتوو ڕێواز فائیق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆیان کرد لەبارەی پلانی هەریمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ و گرنگی بەشداری دام و دەزگاکانی هەرێم لە جێبەجێکردنی

پلانەکەدا ، هەروەها تیشک خرا سەر گرنگی ڕۆڵ و بەشداری کردنی پەرلەمانی کوردستان کە دەتوانێت کاریگەری بەرچاوی هەبێت لە بەرەوپێشبردنی هەنگاوەکانی پلانی هەرێمی بەتایبەتی لە بابەتی دەرکردن و هەموار کردنی یاساکان. خاتوو ڕێواز فائیق سەرۆکی پەرلەمان پشتگیری تەواوی پێشاندا بۆ سەرخستنی پلانەکە و پێکهێنانی لیژنەیەکی پسپۆری بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی، بە هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/١٢ ئەندامانی سکرتاریەتی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەڕێز دادوەر دارا محمد ئەندامی دادگای تەمییزی هەرێمیان کرد، بەڕێزیان سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمین لە ئەنجومەنی دادوەری. لە کۆبوونەوەکەدا دوایین هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی و ئامادەکارییەکانی یەکەم ڕاپۆرتی جێبەجێکردنی پلانەکە خرانە ڕوو، هەروەها باس لەو بەشەی پلانە کرا کە پەیوەستە بە ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا کە ئەنجومەنی دادوەری بە ڕاپۆرتێک وەڵامی ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی تایبەت بەخۆیان بداتەوە دوای گفتوگۆکردنیان لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پلانەکە لە ئەنجومەنی دادوەری.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢ /٩/١٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی کرد و لەگەڵ بەڕێز کاک فەوزی حەریری سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا. لەم دیدارەدا گفتوگۆکرا سەبارەت بە ڕۆڵی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی پلانی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ. سەرۆکایەتی هەرێم پاڵپشتی پلانی هەرێمییە و لیژنەیەکی پێکهێناوە بۆ پێشخستن و جێبەجێکردنی پلانەکە.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/١٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز خاتوو ئانا سۆئاڤێ بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری UN-Habitat و تیمی یاوەری. لە دیدارەکەدا جەخت کرا لەسەر ڕۆڵی ئاژانسی ناوبراو لە هەوڵەکانیان بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان. UN-Habitat گرنگییەکی زۆر بە دەستەبەرکردنی گەڕانەوەی شکۆمەندانەی ئێزدییەکان دەدات بۆ ناوچەی شنگال و دەوروبەری.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە تیمێکی یونیتاد بە سەرۆکایەتی بەڕێز ئەنیس ئەحمەد سەرۆکی نوێی بەشی بەڕیوەبردنی بەڵگەکان لە تیمی یونیتاد، لە دیدارەکەدا گفتوگۆکرا لەبارەی هاوکاری و هەماهەنگی تیمی ناوبراو و نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بۆ بەدواداچوون و کارئاسانی لەبارەی بەڵگەی تاوانەکانی تیرۆریستانی داعش.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە گەڵ بەڕێز دادوەر سالار عبدالستار وەزیری دادی حکومەتی فیدراڵ، سەردانی خاتو کوێستان محمد وەزیری کار و کاروباری حکومەتی هەرێمیان کرد. لە دیدارێکدا باسیان لە ڕەوشی چاکسازییەکان و واژۆ کردنی یاداشتنامەی لەیەکتێگەیشتن لە نێوان هەردوولا کرا، لەتەوەرێکی

دیکەی ئەم دیدارە هەماهەنگی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم بۆ یارمەتیدانی خێزانە هەژارەکان تاتوێ کرا.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری لە ئاهەنگی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیای کرد، کە لەلایەن کونسوڵخانەی ئەو وڵاتە لە هەولێری پایتەخت سازکرابوو. ئاهەنگەکە دەرفەتێک بوو بۆ ئاشنابوونەوە و بەسەرکردنەوەی نێردەی ئەڵمانیا و نێردە دیبلۆماسییەکانی تر. بەم بۆنەیەوە، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پیرۆزبایی خۆی ئاڕاستەی گەڵ و حکومەتی ئەڵمانیا کرد.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٢٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی نوێنەرایەتی حکومەتی عێراقی لە جنێف کرد و لەلایەن بالیۆز عبدالكريم هاشم نوێنەری عێراق لە بارەگای یوئێن لە جنێڤ پێشوازی لێکرا. لە دیدارێکدا باس لە گرنگی پلانی هەرێمی کوردستان و پلانی نیشتمانی مافەکانی مرۆڤ کرا لە پێشخستنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق و هەرێم و ڕۆڵی پلانەکە لە گۆڕینی تێڕوانینی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەربارەی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٢٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی شاندی هاوبەشی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتحادی سەردانی لیژنەی بێسەروشوێنبووانی زۆرەملێی سەر بە کۆمیساری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە جنێڤ کرد و لەلایەن ئەلبێن پاپلیید و ئێما بۆنیای زۆتکس ئەندامانی لیژنە پێشوازییان لێکرا.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٢٨ لە بارەگای سەرەکی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە کۆشکی ویڵسن لە جنێڤ شاندی هاوبەشی حکومەتی هەرێم وحکومەتی ئیتحادی سەردانی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە بێسەروشوێنبوونی زۆرەملێیان کرد و لەلایەن کوت ئالف و ئانا فیشەر نوێنەرانی تیمی ناوبراو پێشوازییان لێکرا. لە کۆبوونەوەیەکدا کە بە سەرپەرشتی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئەنجامدرا، باس لە بوونی سەدان گۆڕی بە کۆمەڵی کورد و شیعە کرا کە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو وەک قوربانیانی دەستی ڕژێمی بەعس، هەروەها گۆڕە بەکۆمەڵەکانی قوربانیانی دەستی داعش لە گشت پێکهاتەکان، کە تا ئێستا وەک پێویست کاریان لەسەر نەکراوە و پێویستە میکانیزمێک دابنرێت بۆ کارکردن لەسەر ئەو گۆڕانە.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٢٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بارەگای سەرەکی کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سووری نێودەوڵەتی کرد لە جنێڤ و لەلایەن ئەدیب نەحاس جێگری بەڕێوەبەری هەرێمایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی دوور و ژمارەیەک لە بەرپرس وشارەزایانی بارەگای سەرەکی کۆمیتەی ناوبراو پێشوازییان لێکرا. لە کۆبوونەوەیەکدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان داوای لە بەرپرسانی خاچی سووری نێودەوڵەتی کرد کە لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی کوردستان و پلانی نیشمانی مافەکانی مرۆڤ لە بابەتی بێسەروشوێنبووان پاڵپشتی لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بکەن لەڕووی بونیاتنانی تواناکان، لۆجستی، مەشق و ڕاهێنان و ئاڵوگۆڕی پسپۆڕی، تۆماری بێسەروشوێنبووانی لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێم و ناوەند و بەستنەوەی داتابەیسەکانی

هەردولا بەیەکتر و دانانی میکانیزمێکی هاوبەش و باوەڕپێکراو لەسەر ئاستی عێراق و دەرەوە. نوێنەری خاچی سووری نێودەوڵەتی ئاماژەیکرد بەوەی کە هەرێمی کوردستان هاوبەشێکی گرنگ وفیعلیە لە ناوچەکە. لە کۆبوونەوەکەدا جەخت کرا لەسەر گرنگی بەشداری خاچی سوور لە پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی، . بەوەی تا ئێستا چەندین وۆرکشوپی ڕێکخستووە

- لەم بارەیەوە و جەخت لەسەر بەردەوام بوونی خاچی سووری نێودەوڵەتی کرایەوە لەو بوارەدا .

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز بارزان مەنتک بەرپرسی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حکومەتی هەرێم، بە مەبەستی تیشک خستنەسەر ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بەرەوپێشچوونی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێم، هەروەها گفتوگۆکرا لەسەر دەستنیشانکردنی ئەو ڕێکخراوانەی کە چالاکن لە هەرێم لە بواری مافی مرۆڤدا بۆ ئەوەی بەشداربن لە جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە بۆنەی ڕۆژی یادکردنەوەی ئەو کەسانەی کە گیانیان لە پێناو بەریتانیادا کردە قوربانی لە جەنگی جیهانی یەکەم، ئەم بۆنەیە لەلایەن کونسڵگەری گشتی بەریتانیا لە هەولێر لە بارەگای فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم ڕێکخرابوو. لەم چالاکییەدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پەیامی هاوسۆزی بۆ کوژراوانی جەنگ لە بەریتانیا بە کونسوڵی گشتی ئەم وڵاتە گەیاند.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز خاتوو ئانا و خاتوو ماریکا لە کۆمیتەی خاچی سوور بۆ باسکردنی چەند پرسێکی هاوبەش. تیمی خاچی سوور هاوکاری جێبەجێکردنی پلانی هەرێمین لەڕێی پێدانی ڕاوێژ بۆ بەڕێوەبردنی زیندانەکان، نەهێشتن و دیارنەمانی زۆرەملێ و بەرجەستەکردنی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی لە یاسا ناوەخۆییەکاندا.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە شاندێکی وەزارەتی کار و کاروباری کومەڵایەتی بەسەرپەرشتی بەڕێز احسان عبدالرحمن بەڕێوبەری چاکسازیەکانی هەرێم. تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکە تاوتوێی پرۆژە یاسای چاکسازی لەچوارچیوەی پلانی هەرێمی بۆمافەکانی مرۆڤ و پێداویستیەکانی سەنتەری چارەسەری شیاندنەوەی ئاڵودەبووان بوو. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا سەرنج و تێبینیەکان خرانەڕوو بۆدروست کردنی سەنتەری شیاندنەوەی ئاڵوودەبووانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان کە لە ئێستادا چاکسازییەکان ژمارەیەکی زۆر لە کەیسی ماددەی هۆشبەری تێدایە و پێویستیان بە چارەسەر کردنە.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە شاندێکی لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ، کە پێکهاتبوو لە بەڕێز کارمێن ڕۆزا ڤێلا کوینتانا سەرۆکی لیژنە و

باربارا لۆچبیلەر جێگری سەرۆکی لیژنەکە و محەمەد ئایات جێگری سەرۆکی لیژنەکە و نوێنەری نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یۆنامی). لەدیدارێکدا تیشک خرایە سەر تاوانی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ کە گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە گەورەترین قوربانیی بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ بووە لە سەردەمی رژێمی بەعس تا دەگاتە تاوانەکانی داعش و تا ئێستا ئاسەوارەکانی لەسەر کۆمەڵگای کوردی ماوە و دەیان هەزار هاووڵاتی کورد چارەنووسیان دیار نییە و کەسوکاریان بەدەست ئاسەوارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانییەوە دەناڵێنن. لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باسمان لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد لەمبارەیەوە.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پێشکەوتنانەی لە ئەرشیفکردنی ئەو بەڵگانەی پەیوەست بە تاوانەکانی داعش بەدەست هاتوون و هەنگاوەکانی پێشخستنی پڕۆژەکە، هەروەها جەخت کرا لەسەر پشتگیریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر دەستپێشخەری بنیاتنانی کەیس بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانبارانی داعش و دادگاییکردنی داعش لەسەر بنەمای تاوانە نێودەوڵەتییەکان.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز خاتوو ئەلیشا، بەڕێوەبەری پڕۆژە لە ڕێکخراوی قبوڵکردنی بەرانبەر (AOO). ڕێکخراوی ناوبراو پاڵپشتی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافی مرۆڤ پیشاندا، جەخت کرایەوە لەسەر بەشداریکردن لە ڕێگای پشتیوانی تەکنیکی و ڕاهێنان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم پلانەکە.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە بەڕێز موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی کرد و بەڕێزیان پاڵپشتی خۆیان بۆ سەرخستی پلانی هەرێمی دووپات کردەوە. چەند تەوەرێکی پەیوەندیداری پلانەکە دیاریکرا بە مەبەستی کارکردنی هاوبەش.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان چاویکەوت بە بەڕێز لۆرد ئەحمەد، پەرلەمانتار و نوێنەری تایبەتی سەرۆک وەزیران بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی جێندەری لە ململانێدا. ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سوپاسی بەڕێز لۆرد ئەحمەدی کرد بۆ بانگهێشتگردنی شاندی حکومەتی هەرێم بۆ کۆنفرانسەکە لە لەندەن و جەختی کردەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بایەخەوە لەو بابەتە دەڕوانێت.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢٩ لە کۆنفرانسی نەهێشتنی توندوتیژی جێندەری لە پێکدادانەکاندا لە لەندەن، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان چاویکەوت بە بەڕێز کەریم خان داواکاری گشتی لە دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان و ڕاوێژکاری پێشووی تیمی یونیتاد، لە گفتوگۆیەکدا باسیان لە هەماهەنگی پێشوو کرد بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری بۆ ئێزیدییەکان لەڕێی دادگاییکردنی تاوانبارانی تیرۆریستانی داعشەوە.

- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەڕێز ڕازسبێرگەر بەرپرسی پێشکەوتووی نووسینگەی مافی مرۆڤی یۆنامی-هەولێر ئەنجامدا، لەم کۆبوونەوەدا گفتوگۆ کرا سەبارەت بە پاڵپشتی تەکنیکی و هەماهەنگی دوولایەنە لە درێژەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی. بەڕێز ڕاسزبێرگەر پاڵپشتی یۆنامی دووپاتکردەوە بۆ پلانی هەرێمیی مافەکانی مرۆڤ.

- له ڕێکەوتی٢٠٢٢/١٢/٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە ڕیگەی ئۆنلاین کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ئەنجامدا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەوڵەکانیان لە بواری ئازادی ڕادەربڕین لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی و هەنگاوەکانی داهاتوو و ڕێوشوێنەکانی قۆناغی داهاتووی هەماهەنگییان لەگەڵ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان، لەم ڕووەوە و بەریتانیا ڕۆڵی پێشەنگ دەگێڕێت لە جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی.

- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە خاتو ئیکرام ئێلهونی جێگری بەڕێوبەری پڕۆگرامی خۆراکی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و تیمەکەی کرد. لە دیدارێکدا باس لە ئاسایشی خۆراک کرا لە هەرێمی کوردستان، هەروەها تیشک خرایە سەر هەماهەنگی دوو لایەنە لە قۆناغی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی.

- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری لە مەراسیمی ماڵئاوایی کردنی بەڕێز دەیڤید هەنت کونسوڵی گشتی بەریتانیا کرد بە بۆنەی کۆتایی هاتنی ئەرکەکەی لە هەولێر. بە درێژایی ئەرکە دیپلۆماسییەکەی لێرە، بەڕێز دەیڤد وەک کەسێکی هاوکار و دڵسۆز ناسرابوو هیوای سەرکەوتنمان بۆ خواست لە ئەرکی داهاتوویدا.

- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە خاتو یۆکۆ فوجیمورا سەرۆکی نووسینگەی کۆچی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە دیدارێکدا باس لە گرنگی بەرەوپێشبردنی هەوڵەکان کرا بۆ پیادە کردنی بەرنامەیەکی گشتگیر لە قۆناغی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، هەروەها جەخت لەسەر پاراستنی ئاوارە ناوخۆییەکان و کۆچبەرەکان و بەتایبەتی بازرگانیکردن بە مرۆڤ کرایەوە.

- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز دکتۆر یاما تۆرابی بەرپرسی پڕۆگرامی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە عێراق لە نووسینگەی UNDP سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان. لەم دیدارەدا باس لە گرنگی هەنگاوەکانی داهاتوو کرا لە بواری نەهێشتنی گەندەڵی وەکو بەشێکی گرنگی پلانی هەرێمی لە کابینەی نۆیەم. بەڕێز تۆرابی ستایشی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ئەو چاکسازیانەی کردوویەتی، هەروەها ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ پاڵپشتی هەرێم لە سەرخستنی پلانەکە لە ڕێگای پسپۆریەتییەکانیان لە چەندین لایەنی گرنگی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ.

- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە تیمێک لە کونسوڵخانەی گشتی بەریتانیا-هەولێر کە پێک هاتبوو لە بەڕێزان خاتو کارۆلین مۆناگان بەرپرسی بەشی سیاسی لە قونسڵخانەی گشتی بەریتانیا لە هەولێر و خاتو هەنار مارف بەرپرسی سیاسی. لەم دیدارەدا تاوتوێی قۆناغەکانی داهاتوو کرا بۆ هەماهەنگی لە جێبەجێکردنی بەشە پەیوەندیدارەکان بە جێندەر لە پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە پانێڵێک بەشداربوو کە کۆمسیۆنی باڵای لالش ڕێکیخستبوو، لەم پانێڵەدا باس لە گەڕاندنەوەی دامەزراوە فەرمییەکان کرا بۆ شەنگال، هاوکات تاوتوێی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم کرا بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی ئێزیدی و دادگاییکردنی داعش بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمی یونیتاد.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١٦ لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی دەزگای خێرخوازی بارزانی کرد, لەم سەردانەدا یاداشتێکی لەیەکتێگەیشتن لە نێوان دەزگای بارزانی و نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان واژوو کرا. بەپێی ئەم یاداشتە، بە هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی ڕێکخەر و دەزگای خێرخوازیی بارزانی (١٢) وۆرکشۆپ لە ساڵی ٢٠٢٣ ڕێکدەخرێت بەپێی بەشە جیاجیاکانی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ. دەزگای خێرخوازی بارزانی لە جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بەشدارە بەتایبەتی لە بواری ئاوارە و پەنابەران .

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە بەڕێز زیدان خلف العطواني ڕاوێژکاری بەڕێز محمد شیاع ئەلسودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ مافی مرۆڤ کرد، لەم دیدارەدا باس لە ڕەوشی مافی مرۆڤ بە گشتی و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی ئیتحادی کرا، لە بەشێکی دیکە ئاماژە بە گرنگی هەماهەنگی نێوان نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی و نووسینگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق کرا لە بارەی مافی مرۆڤ و هەنگاوەکانی داهاتوو کە لە بەرژەوەندی هەردوو لا بێت. لەلایەن خۆیەوە بەڕێز زیدان خلف العطواني سوپاسی هاوکاری نووسینگەی ڕێکخەری کرد و ئامادەیی و خۆی دەربڕی بۆهەر جۆرە هەماهەنگییەکی هاوبەش لە داهاتوودا بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی مەلەفی مافەکانی مرۆڤ.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٢٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە شاندێکی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێم کرد. لەم کۆبوونەوەیەدا گفتوگۆکرا لەبارەی چاودێریکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەستەی ناوبراو و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ هەماهەنگی زیاتر لەم بارەیەوە. وە هەوڵدان بۆ بەشداریکردنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت لە کاتی ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و خولەکانی ڕاهێنان لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی. هەروەها پێشنیارکرا لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەتەوە مانگانە ڕاپۆرتی تایبەت پێشکەش بکەن لەبارەی هەنگاوەکانیان سەبارەت بە جێبەجێکردنی پلانەکە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٢٤ لە بەغدا شاندی نووسینگەی ڕیکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشدار بوو لە کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیکاری عێراقی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد (NCC)، باس لە چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا لە چوارچێوەی هەماهەنگیی لەگەڵ یونیتاد لەوانەش پرۆسەی ئەرشیفکردن و بە دیکیۆمێنت کردنی بەڵگەی تاوانەکانی داعش، حکومەتی هەرێم هەنگاوی زۆری بڕیوە بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و ئەم پرۆسەیە بەردەوامە بە هەماهەنگی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت کە هاوکاری تەواوی تیمی یونیتاد دەکەن بۆ سەرخستنی ئەرکەکانی.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٢٣ لە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرا لە سەرۆکی داواکاری گشتی بەڕێز دادوەر کاوە فتحی معصوم و خاتوو سهام عبدالقادر نبی جێگری سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم. و گفتوگۆکرا لەبارەی پلانی هەرێمی کە وەک دەستەکەوتێک بۆ چەسپاندنی پێوەرەکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی بەوپێیەی داواکاری گشتیی هەرێمی کوردستان کارەکانی لەسەر سکاڵای مافی گشتیی هاووڵاتییان چڕ دەکاتەوە دەتوانێت لەم ڕێگەیەوە ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی هەبێت بۆ بەدواداچوون و چارەسەری کێشەکان. باس لەوەش کرا کە پێویستە یاسای داواکاری گشتی هەموار بکرێتەوە بۆ ئەوەی داواکاری گشتیی هەرێمی کوردستان زیاتر دەست کراوە بن لە یەکلاکردنەوەی دۆسیەکان. بە پێویست زاندرا داواکاری گشتی لە نزیکەوە ئاگاداری بەرەوپێشچوونەکانی کاری تیمی یونیتاد بێت.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٢٣ لە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرا لە شاندێکی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێم کرد. لەکۆبوونەوەیەدا گفتوگۆکرا لەبارەی چاودێریکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ هەماهەنگی زیاتر لەم بارەیەوە. هەوڵدان بۆ بەشداریکردنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت لە کاتی ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و خولەکانی ڕاهێنان لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی. پێشنیارکرا کە لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەتەوە مانگانە ڕاپۆرتی تایبەت پێشکەش بکەن لەبارەی هەنگاوەکانیان لە جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی مافەکانی مرۆڤ.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٣١، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز حەیدەر ئەلیاس سەرۆکی ڕێکخراوی جیهانی یەزدا. تیشک خرایە سەر چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تیرۆرستانی داعش بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی نێودەوڵەتی. هەروەها باس لە ڕۆڵی حکومەتی هەرێم کرا لە گرتنەخۆی ئێزیدییەکان و ڕزگارکردنی هەزاران ڕفێندراوی ئێزیدی لە دەستی تیرۆریستانی داعش.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٣١، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتیەکان پێشوازی کرد لە خاتوو ڕۆزی کونسوڵی گشتی بەریتانیا نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکانی کۆبوونەوەیەکی گرنگی ئەنجامداوە لەگەڵ ناوبراو بۆ

تاوتوێکردنی بەرەوپێشچونەکانی پلانی هەرێمی مافەکانی مرۆڤ، لەم کۆبوونەوەیادا جەختکراوە لەسەر گرنگی بە کرداری کردنی هەنگاوەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتیەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز دکتۆر کازم غەریب ئابادی جێگری دەسەڵاتی دادوەری لە کۆماری ئیسلامی ئێران و شاندی یاوەری کە پێک هاتبوو لە بەڕێزان نەسرولا ڕەشنودی کونسڵی گشتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر، عەباس ئابادی کونسڵی پلە یەک، عبدالله ئاکرەیی بەڕێوەبەری گشتی لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم بۆ دۆسییەی کۆماری ئیسلامی ئێران, لەم دانیشتنە تیشک خرایە سەر ڕەوشی مافی مرۆڤ و باس لە هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق کرا لە بەشداری نێودەوڵەتی تایبەت بە ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەولەتییەکانی مافی مرۆڤ.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لە ڕێگەی چاوپێکەوتنێکی ڕاستەوخۆوە بە شێوازی zoom meeting لەگەڵ خاتوو مێرڤەت ڕاوێژکاری سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ و خاتوو ئیڤا بەڕێوەبەری کرداری جێندەر بۆ ئاشتی و ئاسایش (GAPS) لە کونسوڵخانەی بەریتانیا کۆبووەوە,دەربارەی ئامادەکاریەکانی هەردوولایەن بوو لەسەر ئەنجامدانی چەند وۆرکشۆپێک تایبەت بە نەهێشتنی توندووتیژی دژی ژنان کە وا بڕیارە ئەنجام بدرێت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١٢ ڕیکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان بەشداریکرد لە ٤٤هەمین ساڵیادی ڕۆژی نەتەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە هەولێر سازکرابوو. وە پیرۆزبای لە بەڕێز نەسڕوڵا ڕەشنوودی کونسوڵی گشتی کۆماری ئسلامی ئێران کرد بەم بۆنەیەوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان پێشوازی لە خاتوو ڕەیچەڵ بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ڕێکخراوی (Bellwether NGO)ی ناحکومی کرد. گفتوگۆکرا سەبارەت بە ڕێکارەکانی یارمەتیدان و گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی خۆیان، باس لە بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی داعشیان کرا کە لەدژی ئێزیدیەکان

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان پێشوازیکرد لە بەڕێز کلاوس شترایشەر کونسوڵی نوێی ئەڵمانیا لە هەولێر، و سوپاسی حوکمەتی هەرێمی بە بەڕێز کونسڵی گشتی ئەڵمانیا ڕاگەیاند سەبارەت بە ناساندنی جینۆسایدی یەزیدیەکان لە لایەن وڵاتەکەیانەوە. تاوتوێی هەنگاوی داهاتووکرا دەربارەی یارمەتیدان و هاوکاریکردنی قوربانیانی دەستی تاوانبارانی داعش .

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لە هەولێر بەشداری لە ئاهەنگی ڕۆژی نیشتمانی ژاپۆندا کرد ، لەم ئاهەنگەدا بەڕێز فوتوسی ماتسومۆتۆ باڵوێزی ژاپۆن لە عیراق ئامادەبوو، لەم بۆنەیەدا ستایشی دڵسۆزانە و پیرۆزبایی ئاراستەی حکومەت و گەڵی ژاپۆن کرد.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان پێشوازی کرد لە خاتوو ڕۆزی کونسوڵی گشتی بەریتانیا، بە مەبەستی تاوتوێکردنی بابەتی توندوتیژی جێندەری لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی، بەوپێیەی بەشێکی زۆر لە ڕاسپاردەکانی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ پەیوەندیان بە هۆشیاری کۆمەڵایەتیەوە هەیە پێویستە گرینگی بەم لایەنە بدرێت. لەبەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا هەنگاوەکانی داهاتووی هەماهەنگیەکانی نێوان هەردوولا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی جێندەری خرایەڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز لیۆنێل لافۆرگیو ڕێکخەری پرۆگرامی جێندەر و مافەکانی مرۆڤ لە ئاژانسی سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA) و شاندی یاوەری. کۆبوونەوەکە سەبارەت بە پلانی پرۆژەیەک بۆ ئاژانسی ناوبراو بوو کە بڕیاروایە پێشکەش بکرێت، ئامانجیش لە خستنەڕووی ئەم پرۆژەیە هەماهەنگیکردنە لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/٢١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتیەکان بەشداریکرد لە بۆنەی بەهارەی کونسوڵخانەی بەریتانیا لە هەولێر, پیرۆزبای لە جێگری نوێی کونسوڵی گشتی کرد و ماڵئاوایی لە جێگری پێشوی کونسوڵگەری بەریتانیا کرد.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/٢٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە هەولێر پێشوازی کرد لە د. تۆرکیلد بیگ، نوێنەری پەیوەندیەکانی یەکێتی ئەوروپا. باسیان لە ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و هاریکاری کردنی توشبوان کرد.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/٢٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی خاتوو د. ڕێواز فائق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی کرد. لە دیدارەکەدا دوایین وێنەی ڕاپۆرتی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمان کرد و سوپاس خۆی پێڕاگەیاند بۆ پێکهێنانی لیژنەیەک کە ڕاستەوخۆ لەلایەن نووسینگەی بەرێزیانەوە چاودێری دەکرێت بۆ بەدواداچوونی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، بۆ مەبەستی هەماهەنگی زیاتر لە جێبەجێکردن و وەڵامدانەوەی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانکە پەیوەستن بە پەرلەمانی کوردستانەوە، بڕیاردرا نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ لیژنەی چاودێریکردنی پلانی هەرێمی لە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدەن.

- ڕیکەوتی ٢٠٢٣/٢/٢٨ ئیڤێنتی هاوبەشی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم و گروپی کۆمپانیاکانی هێمن وەک کەرتی تایبەت ئەنجامدرا. لەم بۆنەیەدا بەرپرسانی حکومەتی هەرێم، دیبلۆمات و قونسڵخانەکان، ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و عەشایەرییەکان بەیەکەوە کۆبوونەوە. مەبەست لەم ئیڤێنتە پشاندانی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بوو لە بەرەوپێشبردنی پرەنسیپەکانی ئازادی ئاینی و جیاکاری نەکردن لە نێوان پێکهاتەکاندا

بەتایبەتی لە ڕووی هەلی کار و نەهێشتنی هەژاری، لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئامادەکراوە، ئامانجیش هاوتاکردنی پێوەرە ناوخۆییەکانە لەگەڵ ستانداردی نێودەوڵەتی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/٢٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە تیمی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی UNHCR بە سەرپەرشتی خاتوو ڤالێری سڤۆبۆدۆڤا، یاریدەدەری نوێنەری بەشی پاراستن. گفتوگۆ کرا سەبارەت بە لایەنە پەیوەندیدارەکان بە مافی ئاوارەکان کە لە پلانی هەرێمیدا بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە، خاتوو ڤالێری ستایشی ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ لەخۆگرتنی ئاوەرەکان و دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانیان،باسیشی لە گرنگی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم کرد لە تەرخان کردنی بەشێکی تایبەت بە مافی ئاوەرەکان لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٣/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە میانەی هەماهەنگی نێوان نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و پەیمانگای قورتوبە بۆ ئاشتی - جنێڤ و لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی بەشداری کرد لە مەراسیمی کۆتایی هاتنی خولی ڕاهێنان کە بۆ (٢٥) ئەفسەر و پلەداری وەزارەتی پێشمەرگە تایبەت بە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی ڕێکخرابوو، مەراسیمەکە کە لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەنجامدرا. یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی یەکێکە لە بەشەکانی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردندایە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٣/٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەرێز کریستیان ڕیتشەر، سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد). لە دیدارەکەدا ڕۆشنایی خرا سەر هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێم و تیمی یونیتاد لە بوارە هاوبەشەکان، لەوانە بنیاتنانی تواناکانی دادوەران، ئەرشیفکردنی بەڵگەکان و بنیاتنانی کەیسەکان لە چوارچێوەی سیستەمێکی بەهێزی هاوبەشدا، هەروەها ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان جەختی لە گرنگیی ئاڵوگۆڕی زانیاری و پتەوکردنی پەیوەندیی حکومەتی هەرێم لەگەڵ بەغدا لەڕووی هەماهەنگی لە بڵاوکردنەوەی زانیاری بە پشتبەستن بە ڕۆڵی ڕاوێژکاری یونیتاد کردەوە، و ڕاشکەیاند کە ئەو چالاکییانەی لە دەرەوە و ناوەوەی عێراقدا ئەنجام دەدرێن، لە چوارچێوەی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتمانی عێراقی بۆ هەمانگیکردن لەگەڵ یونیتاد (NCC)، پێویستە حکومەتی هەرێم بەشداری کارای تێدا هەبێت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٣/١٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی بەرەوپێشبردن و چاودێری جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ بە هاوکاری لەگەڵ کونسوڵخانەی گشتی بەریتانیا لە هەولێر کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا سەبارەت بە ڕێوشوێنەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی جێندەری (GBV) و مافەکانی ژنان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٣/١٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە بەڕێز کاردۆ و خاتوو تاڤگە ڕەوف کرد بە مەبەستی پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ (DHRD). تیشک خرایە سەر هەوڵەکانی حکومەت بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ،باس لە گرنگی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پلانی هەرێمی کرا لە بەرەوپێشبردنی مافەکانی مرۆڤ لە ناوچەکە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٤/٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە تیمێکی یونیتاد کرد، بە سەرپەرشتی بەڕێز الحاج بابەکار بەرپرسی یەکەی ڕێکخستنی سیستەمی زانیاری لە تیمی ناوبراو. کۆبوونەوەکە بە ئامادەبوونی نوێنەرانی وەزارەتی ناخۆ ئەنجامدرا و مەبەست لێی گفتوگۆکردن بوو سەبارەت بە پرۆسەی بەرێوەچوونی پرۆژەی ئەرشیفکردن دۆکیومێنت و بەڵگەکانی پەیوەست بە تاوانەکانی داعش لە وەزارەتی ناوخۆ کە وەک ناوەندی کاری پرۆژەکە دەستنیشانکراوە، تاکو ئێستا بە سەرپەرشتی تیمی یونیتاد توانراوە زیاتر لە ١٠٠،٠٠٠ بەڵگە و دۆکیومێنت ئەرشیف بکرێن و بگۆڕدرێن بۆ فۆڕماتی دیجیتاڵی, هاوکات ئەم پرۆژەیە پرۆژەی ئەرشیفی هەرێمی کوردستانە، چەندین دام و دەزگای هەرێم بەڵگەکانیان کە پەیوەستن بە تاوانەکانی داعش لە وەزارەتی ناوخۆ بە سەرپەرشتی و هاوکاری تیمی یونیتاد دەگۆڕدرێن بۆ فۆرماتی دیجیتاڵی و لە داتابەیسی تایبەت هەڵدەگیرێن.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٤/١٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری لە پانێڵێک کرد بەناونیشانی ڕۆڵی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەرێمی کوردستان. ئەم پانێڵە لەلایەن رێکخراوی دیدار ڕێکخرابوو، گفتوگۆکرا لەبارەی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکان کە رۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە پێشخستنی کارەکانی حکومەت و باشتر کردنی ئەدای حکومەت، پێویستە هەوڵبدرێت ئەو بەربەست و ڕێگریانە هەڵبگیرێن کە ڕووبەڕووی ڕێکخراوەکان دەبنەوە لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی زانستیانە کار بکەن و بتوانن لە لای خۆیانەوە هاوکارێکی باشی حکومەت بن لە راپەراندنی کارەکانی و دەستنیشانکردنی کەموکوڕی و پێداویستییەکانی خەڵک بۆ چارەسەر کردنیان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٤/١٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە دیدارێک بە ناونیشانی جینۆسایدی کورد دەرفەتەکانی ناساندن و قەرەبوو کردنەوەی قوربانییان، دیدارەکە بەبۆنەی (٣٥) ەمینساڵیادی شاڵاوەکانی ئەنفال کردنی گەڵی کوردستان بوو کە لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێم ساز کرابوو. کوردستان بە گشت پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانییەوە گەورەترین قوربانی بێسەروشوێن کردنی زۆرەملێ بووە، وەک بێسەروشوێنکردنی کوردە فەیلییەکان لە نێوان ساڵانی (١٩٨٠- ١٩٩٠)و ئەنفال کردنی هەشت هەزار بارزانی و (١٨٢) هەزار کەس لە گەرمیان و بادینان، هەروەها لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە بە هەزاران هاووڵاتی کوردی ئێزیدی بێسەروشوێنکران، کە تا ئێستاش چارەنووسی زۆریان دیار نییە، ئەمەش درێژەپێدەری هەوڵەکانی تری بێیەروشوێنکردنی گەڵی کوردستانە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٤/١٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز د.گریگۆری ستانتۆن دامەزرێنەری هاوپەیمانی دژی جینۆساید. لەم دیدارەدا گفتوگۆکرا لەبارەی هەماهەنگیەکانی نێوان تیمی یونیتاد و حکومەتی هەرێم، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دوپاتیکردەوە لە ئامادەباشی حکومەت بۆ هاریکاریکردنی پرۆسەی بەڵگەنامەکردن و ئەرشیفکردنی تاوانەکانی داعش، هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژی جینۆساید دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی دیارە و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و دروستکردنی کۆدەنگی جیهانی دەربارەی تاوانەکانی جینۆساید.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٤/١٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەڕێز کاک سەفین دزەیی سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کرد، لەکۆبوونەوەکەدا بەوردی تیشک خرایەسەر کارەکانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەک پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و هەماهەنگی نووسینگە لەگەڵ تیمی یونیتاد و وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها باس لە کاری هاوبەش و هەماهەنگی زیاتر کرا لەماوەی داهاتودا. باس لە گرنگی پەیوەندیە بەردەوامەکانی نێوان نووسینگەی ڕیکخەر و فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەکرا بۆ بەردەوام بوون لە گەشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان لەوانە، دڵنیابوون لە جێبەجکردنی پلانی هەرمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، پاراستن و بەرەوپشبردنی پاڵپشتیە نێودەوڵەتیەکان و تووندوتۆڵکردنی هەماهەنگیە نیودەوڵەتیەکان لەگەڵ ڕێکخراوە حکومی و نا حکومیەکان. بەڕێز سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە دووپاتی لە پشتیوانی فەرمانگە کردەوە بۆ کارەکانی نووسینگەی ڕێکخەر.

- ڕێکەوتی ٤/١٨/ ٢٠٢٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە کۆنفرانسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یادی ١٢٥ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا کە کۆنفرانسێکی لەژێر ناونیشانی (میدیای کوردی قۆناغ و بەرپرسیارێتی) ڕێکخست. لە بەشی دووەمی کۆنفرانسەکە کە تەرخانکرابوو بۆ کاریگەری ڕاگەیاندن و تێڕوانینی ڕێکخراو و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وتارێکیان پێشکەشکرد و تیشکیان خستە سەر ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکان و باسیان لەو ڕاسپاردە نێودەولەتیانە کرد کە لە چوارچێوەی پلانی هەرێمیدا هاتووە و تایبەتن بە کاری ڕاگەیاندن و ئازادی ڕادەربڕین

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە وەفدێکی بەریتانیا کرد بە سەرۆکایەتی ئەسیم حافز، بەڕێوەبەری ستراتیژی و بەشداریی و ڕاسپاردنی نێودەوڵەتیی وەزارەتی ناوەخۆی بەڕیتانیا, پرسی سەرەکی کۆبوونەوەکە بریتیبوو لە تاوتوێکردنی بەرەوپێشچوونەکانی پرسی مادده هۆشبەرەکان لە ناوچەکە، تەشەنەسەندنی کەیسەکانی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر، دیاریکردنی ئەو ڕێگەیانەی کە تێیدا دەتوانرێت سوود لە هاریکاریەکانی کونسوڵخانەی بەڕیتانیا وەربگیرێ لە هەولێر. هەروەها ئاماژە بەو لایەنانە کرا کە تێیدا حکومەتی هەرێم پێویستی بە هاریکاری لایەنە نێودەوڵەتیەکان هەیە، لەوانەش هاریکاری پسپۆڕی، دابینکردنی تەکنیک و ئامێری سەردەم بۆ بەرەوپێشبردنی تواناکانی حکومەتی هەرێم بۆ ڕووبەڕوبونەوەی تەشەنەسەندنەکانی مادده هۆشبەرەکان لە ناوچەکە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان شان بە شانی بەرپرسە بەڕێزەکان و نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان لە هەولێر بەشداری لە بۆنەی تاج لەسەرنانی شا چارلز و شاژن کامیلا کرد کە لەلایەن کونسوڵخانەی گشتی بەریتانیا لە هەولێر ڕێکخرابوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/١٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە تیمێکی هاوبەشی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) بە سەرپەرشتی بەڕێز ئەنێس ئەحمەد بەرپرسی نووسینگەی بەڕێوەبردنی بەڵگەکان، نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتی دژە تیرۆر و وەزارەتی ناوخۆ. خێراکردنی پرۆژەی ئەرشیفکردنی تاوانەکانی تیرۆریستانی داعش پرسی سەرەکی کۆبوونەوەکە بوون.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/١٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز فلۆریان ڕازێسبێرگەر بەرپرسی باڵای مافی مرۆڤ و بەڕێز زیتۆ سیانی بەرپرسی مافی مرۆڤ لە یونامی، لە کۆبوونەوەکەدا تیشکیان خستەسەر بەردەوامی هەردوولا بۆ بەرەوپێشبردنی هەماهەنگیە هاوبەشەکان سەبارەت بە پەرەپێدانی میکانیزمی کاراتر بۆ جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/١٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە ژمارەیەک دیپلومات و ئاژانسی UN ، ڕێکخراوی نێودەولەتی، بەرپرسی حکومی و نوێنەری پێکهاتە ئاینیەکان کرد بۆ خوانی نیوەڕۆ لە دەڤەری گەشت و گوزاری باکرمان و سروشتی جوانی کوردستان، مەبەست لەم میواندارییە بۆ زیاتر پتەوکردنی پەیوەندیەکان و هەماهەنگی زیاتر و پێکەوە کارکردنە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٢٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە بەڕێز ئاری سەرۆکی ڕێکخراوی (AOO) و بەڕێز ئەمیر عوسمان بەڕێوەبەری پێکەوەژیان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کرد، لەم دیدارەدا تیشک خرا سەر گرنگی جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پرسی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ. ڕێکخراوی ناوبراو پاڵپشتی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافی مرۆڤ پیشاندا لە ڕێگای پێشکەشکردنی پشتیوانی تەکنیکی و ڕاهێنان بەتایبەتی لە بواری یاسایی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٢٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە بەڕێز داستان حەمە کەریم نوێنەری ڕێکخراوی (SFCG) کرد، گرنگی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پلانی هەرێمیان دووپاتکردەوە بۆ بەرەوپێشبردنی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوی ناوبراو پاڵپشتی خۆیان بۆ سەرخستی پلانی هەرێمی پێشاندا لە ڕێگای ئەنجامدانی چەندین چالاکی، مەشق و خولی ڕاهێنان کە پەیوەندیدارن بە پلانەکەوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە یادی ڕۆژی نیشتمانی ئیتالیا. لەم ئیڤێنتەدا چاوی کەوت بە کامێرۆتا کونسوڵی گشتی ئیتاڵیا. بەم بۆنەیەوە هیوای بەختەوەری و ئاسوودەی بۆ ئیتاڵیەکان خواست لە سەرانسەری جیهان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز شێرکو حەبیب نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە قاهیرە، باسیان لە گرنگی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتی میسر کردەوە، لەبەر بوونی پەیوەندییەکی مێژوویی لە نێوان میسر و هەرێمی کوردستان لە قۆناغە جیاجیاکان تا دەگات بە ئەمرۆ، هەروەها تیشکیان خستە سەر پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم و کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی کە بارەگاکەی لە قاهیرەیە لە مەلەفی مافەکانی مرۆڤ.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/١١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە خزمەت بەڕێز جەنابی سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی گەیشت، لەم کۆبوونەوەیەدا تێڕوانینێکی گشتگیر و پەیوەست بە ئەرکەکانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکانی خستەڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/١٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز بالیوز نازمی هەزووری، کونسوڵی گشتی فەلەستین لە هەولێر، گفتوگۆیەکی دۆستانەیان لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرایەتی عەرەبی ئەنجامدا. جەختیان لەسەر گرنگی پتەوکردنی پەیوەندییە هاوبەشەکانی نێوان هەردوولا کردەوە بە تایبەتی باسیان لە بارودۆخی ئاوارەکان کرد.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/١٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری لە ڕێوڕەسمی ناساندنی براند و وێبسایتی ئینڤێست کوردستان کرد، بە دەستپێشخەری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان، د.محمد شوکری، سەرۆکی حکومەت بەڕێز مەسرور بارزانی وتارێکی تایبەتی پێشکەش کرد بۆ هاندانی وەبەرهێنانی بیانی و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ ڕەخساندنی هەلی کار.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/٢٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە شاندێکی یەکێتی ئەوروپا کرد بە سەرۆکایەتی جۆریس هیرێن، ڕاوێژکاری یەکەمی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا (مینا)، هاوشان لەگەڵ ئەندامانی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، لە کۆبوونەوەکەدا باسیان لە بەرەوپێشبردنی کارە سەرکەوتووانەکانی یونیتاد و خێراکردنی پرۆسەی بە دیجیتاڵکردن و دۆکومێنتکردنی تاوانەکان و ئەنجامدانی دادگایکردنی تیرۆرستان کرد.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/٢١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەڕێز عەمید دلێر فەرزەندە زێبارییان کرد، سەردانەکە بەبۆنەی دەستنیشانکردنیان بوو وەک فەرماندەی ناوچەی یەکی پاسەوانی سنوور، بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایییمان لێکرد و هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواست لە ئەرکە تازەکەی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/٢٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە بەڕێز قەشە پاتریک دیبوا و بەڕێز ناستاسی کۆستێل بەڕێوەبەری پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، قەشە پاتریک دامەزرێنەری ڕێکخراوی (یاهاد ئین ئونوم)ە ، نووسینگەی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە دەکەوێتە شاری پاریس و کار و پسپۆڕێتییەکەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیە لەسەر جینۆساید، گفتوگۆ کرا دەربارەی ئەو تاوانانەی کە لەلایەن ڕژێمی پێشوو لە دژی گەلی کوردستان ئەنجام دراون، بەتایبەتی کەیسی ئەنفالی هاوڵاتیانی کوردستان کە تا ئێستا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەک پێویست نەناسێندراوە و کاری پێویست ئەنجام نەدراوە بۆ قەرەبوو کردنەوەیان، بۆ ئەو مەبەستە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە و بەنیازن کار لەسەر پرۆژەیەک بکەن کە لەبەردەستیانە بۆ زیاتر ناساندنی کەیسی ئەنفال و بە جینۆساید ناساندنی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەروەها ئامادەیی خۆمان دەربڕی بۆ هەر هاوکاری و هەماهەنگییەک کە پێویست بێت لەمبارەیەوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/١٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە بۆنەی یادی چوار ساڵەی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن فەرمانگەی میدیا و زانیارییەوە ڕێکخرابوو، لە بۆنەکەدا دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی کابینەی نۆیەم خرانەڕوو، سەرەڕای ڕووبەڕوبونەوەی چەندین بەربەست و ئاستەنگی کابینەی نۆیەم بەردەوام بوو لەسەر کارکرد بۆ بن بڕکردنی گەندەڵی و فەراهەمکردنی هەلی یەکسان و پابەند بوون بە پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکان. لەپاڵ ئەم دەستکەوتانەشدا چەندین پرۆژەی ستراتیژی و چارەنوسساز خراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/١٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان پێشوازی کرد لە شاندێکی بەریتانیا بە سەرۆکایەتی خاتوو شێریل، بەڕێوەبەری هەرێمی لە دەزگای تاوانی نیشتیمانی بەریتانیا بۆ ئەوروپای دوور و یاوەری خاتوو کەیت جێگری کونسوڵی بەڕیتانیا و دێریک ئەپتۆن بەرپرسی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە کونسوڵخانەی گشتی بەڕیتانیا، لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر چەند پرسێک، لە گرنگترینیان بریتیبوون لە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ، هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان، هەروەها بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/٢٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز دان باربەر، بەڕێوبەری نوسینگەی باڵیۆزخانەی کەنەدا بە وەکالەت لە عێراق، هەولێر. باس لە ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کاریگەریان کرا لە هەرێمی کوردستان، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان جەختیان لە پابەندبوونی حکومەتی هەرێم کردەوە بۆ پابەندبوون بە بەشداریکردنی چالاکانەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمدا کە لە ناوەڕۆکی سیاسەتەکەماندایە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/٣١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە خاتوو ڕۆزی کەیڤ، کونسوڵی گشتی بەڕیتانیا لە هەولێر، لە کۆبوونەوەکەدا باسیان لە مافەکانی ئافرەتان، توندوتیژی خێزانی، ئازادی ڕادەربڕین کرد. ئاماژەدرا بە پێشکەوتنەکانی پرۆسەی جێبەجێکردنی قۆناغەکانی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ. لە ئێستادا نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان دواین ڕاپۆرتی بەراوردکاری خۆی دەربارەی جێبەجێکردنی پلانی

هەرێمی ئامادەکردووە، لە ڕێگەی ڕاپۆرتی جێبەجێکردنەوە توانیویانە بینە چاودێر بەسەر جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی و بەم هۆیەشەوە بەرەوپێشچوونی بەرچاو بەدی دەکرێت لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بە ڕێژەی ١٠٪ زیادی کردووە کە جێگەی دڵخۆشیە و ئەم بەرەوپێشچوونە یەکێکی دیکەیە لە دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەم.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/٣١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە دۆناڵد شوڵتز سەرۆکی تیمی پێنجەمی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لەتاوانەکانی داعش (یونیتاد)، لە کۆبوونەوەکەدا چەند تەوەرێکی گرنگ باسکران لەوانە ئەو زیانە کارەساتبارانەی کە بەر شوێنەواری ناوچەکە کەوتووە لە ئەنجامی هێرشە دڕندانەکانی تیرۆرستانی داعش، و ئەو زیانەنەی کە بەر تیمی ئاسایشی عێراق کەوتووە و قەرەبووکردنەوەی ئەم تاوانانە، هەروەها پێشنیاری دامەزراندنی هێڵێکی نوێی لێپێچینەوە کرا بۆ جێبەجێکردنی خواستەکانی ئەو هێزانەی پێشمەرگە کە زیانلێکەوتوو بوون.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/٣١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە پاولۆ فۆنتانی، بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخراوی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و زانستی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ) لە عێراق. خاڵی سەرەکی گفتوگۆکە بریتیبوو لە پاراستن و پەرەپێدانی شوێنەوارە کوردستانیەکان و نۆژەنکردنەوە و بوژاندنەوەی قەڵای دێرینی هەولێر، باس لە وەچەرخانی قەڵای هەولێر کرا بۆ کردنی بە زەمینەیەکی گشتی زیندوو کە خەڵکی ڕۆژانە ڕووی تێبکات. بۆ ئەوەی ببێت بە ناوەندێک بۆ چالاکیی و ئەزموونە کولتوورییەکان، گۆڕینی قەڵای هەولێر بۆ فەزای گشتی توانای هاندانی گەشەی ئابووری هەیە لەڕێگەی پێشخستنی گەشتیاری و پاڵپشتیکردنی بازرگانی ناوخۆیی، بەمەش سوودێکی زیاتر دەگەیەنێت بە هەرێمی کوردستان.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداربوو لە نۆیەمین ساڵیادی جینۆساید کردنی کوردانی ئێزیدی بەسەرپەرشتی و ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر مەراسیمێک سازکرا، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وتارێکی پێشکەش کرد، ئاماژەی بەوە دا کە کارەساتی جینۆسایدی ئێزیدییەکان هەموو لایەکمان ناچار دەکات پابەندبین بۆهێنانەدیی دادپەروەری بۆ کۆمەڵگەی ئێزیدی، ئاماژەی بەوەش کرد کە بەپێی ڕاسپاردەکانی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئەو پەڕی هاوکاری لە تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاڵوگۆڕی زانیاری دەکات بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتا و دیکیۆمێنت کردنی بەڵگەکان بە مەبەستی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر تاوانەکانی داعش و دادگایی کردنیان و قەرەبووکردنەوەی قوربانیان و کەسوکاریان.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە پێشوازیکردنی ڤۆلکەر تورک، کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداربوو، لە دووتوێی کۆبوونەوەیەکەدا بیروڕای هاوبەش ئاڵووگۆڕکرا دەربارەی چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ لە

ناوچەکە.گرنگترین باسەکانی کۆبوونەوەکە بریتیبوون لە کەیسی دادگایکردنی تیرۆرستانی داعش، دووپاتکردنەوەی مەترسی لە بەردەوامی هەڕەشەی گرووپە تیرۆرستیەکان، گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان، جوڵاندنی بابەتی کەشوهەوا، بابەتی مادده هۆشبەرەکان، هەروەها کارەساتەکانی جینۆساید و تاوانەکانی ڕژێمەکانی پێشوو دژی کورد.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵتییەکان سەردانی خاتوو (د.نەزەند بەگیخانی) یان کرد لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کە ڕاوێژکارن بۆ کاروباری جێندەری و سەرۆکی بۆردی ژنانن لە سەرۆکایەتی هەرێم، گفتوگۆکرا لەسەر دۆسییە جیاجیاکانی تایبەت بە بواری جێندەری و ئەو هەنگاوانی کە لە هەرێم نراون، هەروەها ئەو پەیوەندی و هەماهەنگیانە لەگەڵ قونسڵگەرییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بەم دۆسیەیە تائێستا کاری لەسەرکراوە، دوپات کراوە لەسەر گرینگی هەبوونی هەماهەنگی زیاتر لەنێوان دامودەزگاکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەبواری داکۆکی لەسەر مافەکانی ئافرەت بۆ ئەوەی تواناکان زیاتر ڕێکبخرێن بۆ خزمەتکردنی زیاتر و دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکان و گونجاندنی یاسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی ئافرەتان لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٣٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژی جیهانی بێسەروشوێنبووان بەشداریان لە گفتوگۆیەکی کراوە کرد کە لەلایەن کۆمیتەی نێودەوڵەتی کاروباری کەسانی بێسەروشوێنبووان ئەنجامدرا، و وتارێکیان پێشکەش کرد و تێیدا تیشکیان خستە سەر قۆناغەکانی بێسەروشوێن کردنی میللەتی کورد لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تا دەگاتە قۆناغی هاتنی تیرۆریستانی داعش و ئەو زیانە گیانی و ماددیانەی کە تووشی گشت پێکهاتەکانی کوردستان هاتن، هەروەها باسیان لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم کرد بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی تاوانی بێسەر و شوێنبوون و کەسوکاریان لەرووی یاسایی و پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەوە و هەماهەنگی لەگەڵ تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، ئەوەشیان ڕوونکردەوە کە لە میانەی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ (٣٨٩) ڕاسپاردە ئاڕاستەی حکومەتی هەرێم کراون لەوانە (٩) یان تایبەتن بە تاوانی بێسەروشوێن کردن و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم کار دەکەن بۆ جێبەجێکردنیان.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٣٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە جاکۆ بیرێندز، کونسوڵی گشتی هۆڵەندا . مەبەست لەم کۆبوونەوەیە بریتیبوو لە تاوتوێکردنی بەڵگەدارکردنی فایلی تاوانەکانی داعش. کونسوڵی گشتی هۆڵەندا لە هەولێر ستایشی ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کرد لە درێژەدان بە ئەرشیفکردنی بەڵگەی تاوانەکانی تیرۆرستان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٣٠ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان کۆبوونەوەیەکی لە نێوان جەنەڕاڵ ئەسکەندەر حاجی ساڵح لە سەرۆکایەتی هەرێم و تیمی پێنجی سەر بە یونیتاد ڕێکخست، تیشک خرایە سەر چڕکردنەوەی هەماهەنگیەکانی نێوان هەردوولا سەبارەت بەو تاوانانەی داعش دژی پێکهاتەی مەسیحییەکان ئەنجامدراوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٣١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان بەشداری کرد لە کۆنفرانسی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش دژی پێکهاتەی مەسیحیەکان لە عێراق، نوێنەری کریسچن ڕیتشەر ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد), سەفین دزەیی، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، ڕۆدۆلف ڕیچارد کونسوڵی گشتی فەڕەنسا بە وەکالەت، مارک سترۆ کونسوڵی گشتی ئەمریکا لە هەولێر و ستیڤن ڕاپ، سەرۆکی کۆمیسیۆنی دادپەروەری نێودەوڵەتی و لێپرسینەوە ئەمادەبوون. ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان وتارێکی پێشکەشکرد دەربارەی دادکۆکیکردن لە مافی مەسیحیەکان و بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ ئەو خێزانە مەسیحیانەی کە ڕووبەڕووی تاوانی دڕندانەی داعش بوونەوتەوە. لە هەرێمی کوردستان هەوڵی پێویستدراوە بۆ لەخۆگرتنی ئاوارە مەسیحیەکان و بەدیهێنانی دادپەروەری بۆیان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕیز مەمەت مەولود یاکوت، کونسوڵی گشتیی تورکیا لە هەولێر، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە ڕێگاکانی پتەوکردنی هەماهەنگییەکان کرا, وە تیشک خرا سەر ڕۆڵی کابینەی نۆیەم لە پێشخستنی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە ڕازاو سالەی، توێژەر لە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، تەوەری کۆبوونەوەکە بریتیبوو لە تاوتوێکردنی توندوتیژی خێزانی بۆ دروستکردنی کەشێکی یەکسان و پاراستنی مافی ژنان، پێویستە هۆشیاری و ڕۆشنگەری دەربارەی پاراستنی یەکسانی زیاتر پەرەی پێبدرێت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز مەشعەل عبداللە کونسوڵی گشتی قەتەر بەوەکالەت لە هەولێر، لە کۆبوونەوەیەکی بەرهەمداردا بیروڕا لەسەر کۆمەڵێک تەوەر ئاڵوگۆڕ کرا لە بابەتی مرۆییەوە، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پلانی هەرێمی خستەڕوو بۆ مافەکانی مرۆڤ، وڵاتی قەتەر ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان پێشوازی لە شاندێکی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) بە سەرپەرشتی خاتوو نینا ندوکی بەرپرسی نووسینگەی یونیتاد لە هەولێر، هاوکارانمان لە وەزارەتی ناوخۆ و دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان کرد،ئامانجی کۆبوونەوەکە بۆ پێداچوونەوە بوو بە هەماهەنگیەکانی نێوان دام و دەزگاکانی هەرێم و تیمی یونیتاد، کە زیاتر لە سێ ساڵە تیمەکە لە هەرێم سەرقاڵی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەن لەسەر تاوانەکانی داعش کە لە عێراق ئەنجامیان داون.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان پێشوازی لە خاتوو کارۆلینا مۆرینۆ دیاز جێگری نوێی بەرپرسی نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی لە هەولێر و بەڕێز زیتۆ سیانی کرد، لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرا سەر تێڕوانینی کابینەی نۆیەم لە گرنگی کارکردن بە بنەما نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤ، باس لە پێشوە چوونەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ کرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٢٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەڵەتییەکان لە سەردانێکدا بۆ داواکاری گشتی لەگەڵ دادوەر کاوە فتحی سەرۆکی داواکاری گشتی جەختمان لەسەروەری یاسا و ڕۆڵی داواکاری گشتی لە پاراستنی موڵک و ماڵی هاووڵاتیان کرد، هەروەها تیشک خرایە سەر جێبەجێکردنی یاساکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ لە ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کە لە چوارچێوەی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستادا هاتووە و گرنگییەکی زۆر بە پرۆسەی سەروەری و سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری دەدات بۆ ئەوەی یاسا ڕێڕەوی خۆی بگرێتەبەر.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٢١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەڕێز وارشین سلمان قایمقایمی ئامێدی کرد، لە دیدارێکدا باس لە گرنگی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و دابین کردنی پێداویستی هاوڵاتیانی ئەم دەڤەرە کرا بە مەبەستی بەهێزکردنی جوڵەی گەشتوگوزار و پیشەسازی و کشتوکاڵ لەم دەڤەرەدا کە پێی ناسراوە، لای خۆیەوە قایمقایم تیشکی خستە سەر هەوڵەکان بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان بە هاووڵاتیان و ئەنجامدانی پرۆژە جۆراوجۆرەکان، لە بەشێکی دیکە باس لە پرسی بەردەوامی بۆردومانی سنوور کرا کە بۆتە هۆی چۆڵکردنی ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی ئەو ناوچەیە و زیانێکی گیانی و ماددی زۆری بە ئابووری ژێرخانی ناوچەکە گەیاندووە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٢١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە شاری دهۆک سەردانی بەڕێز عەلی عەونی بەرپرسی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد، باس لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم کرا بۆ بژاندنەوەی دەڤەرەکە لە ڕێگای پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان و دابین کردنی پێداویستی هاوڵاتیان، ئەوەش خرایە ڕوو کە لەچوارچێوەی پلانی هەرێمی مافەکانی مرۆڤ حکومەتی هەرێم پابەندە بە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و تا ئێستا بە دەیان ڕاسپاردە جێبەجێکراون و پرۆسەکەش بە هەماهەنگی دام و دەزگاکانی هەرێم بەردەوامە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٢٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان لە شاری بەغدا سەردانی بەڕێز د. زێدان خەلەفڕاوێژکاریسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق/ سەرۆکی لیژنەی هەماهەنگی نشتیمانی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یۆنیتاد (NCC) کرد، لە کۆبوونەوەکە باس لە دانانی نەخشەڕێگای جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (٢٦٩٧) تایبەت بە نوێکردنەوەی ویلایەتی یونیتاد کرد، لە بەشێکی دیکەی دیدارەکە باس لە چۆنیەتی بەهێز کردنی هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتحادی کرا لە بارەی مەلەفەکانی مافی مرۆڤ.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٢٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان لە شاری بەغدا سەردانی بەڕێز فارس عیسا سەرۆکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمیان لە بەغدا کرد، لەم دیدارەدا تیشک خرا سەر هەماهەنگی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە بارەی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەتی پابەندبوونی حکومەتی هەرێم بە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە لایەکی دیکەوە سەردانی بەڕێز بەختیار حەجی بەڕێوەبەری گشتی بەدواداچوون لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی کرد.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٢٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان لە شاری بەغدا سەردانی بەڕێز عومەر بەرزنجی بریکاری وەزیری دەرەوەی عێراق بۆ کاروباری یاسایی و فرە لایەن یان کرد، لەم دیدارەدا تیشک خرایە سەر ئەرک و چالاکییەکانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و هەماهەنگی بەتایبەتی لە بواری مافەکانی مرۆڤ، هەروەها باس لەو مەلەفانە کرا کە پەیوەندیدارن لە نێوان نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وفەرمانگەکانی وەزارەتی دەرەوە لەوانە مافی مرۆڤ، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، یاسایی و فرەلایەن، هەروەها باس لە بەشدارییەکانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کرا لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٢٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان لە شاری بەغدا سەردانی نووسینگەی سەرەکی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) کرد، و لەلایەن بەڕێزان دفنی ئەکجا سەرۆکی نووسینگەی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان و ئەنیس احمد سەرۆکی نووسینگەی بەڕێوەبەری بەڵگەنامەکان بە نوێنەرایەتیراوێژکاریتاییەت کریستن ریتشر سەرۆکی یونیتاد تیمی یونیتاد پێشوازییان لێکرا، لە کۆبوونەوەکەدا، باس لە میکانیزمی هەماهەنگی کردن لە یونیتاد کرا دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (٢٦٩٧) تایبەت بە نوێکردنەوەی ویلایەتی یونیتاد، بەتایبەتی لە بوارەکانی ڕادەستکردنی بەڵگەنامەکان، پێدانی زانیاری، لە لایەن ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکانەوە تیشک خرا سەر ئەوەی کە ئەم هەماهەنگییە گرنگییەکی زۆری هەیە و دەبێ کاری بۆ بکرێت ، لە بارەی ڕادەستکردنی بەڵگەنامەکان ئەوە ڕوون کراوە کە پێویستە ئەم پرۆسەیە بەپێی شوێنی جوگرافی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بەم پێیەش پێویستە ئەوکەیس و بەڵگەنامانەی لە کوردستان دەستکەوتوون و ئامادە کراون بدرێنە حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی لە داهاتوو لە پرۆسەی دادگایی کردنی تیرۆریستان سوودیان لێ وەربگیرێت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣ /٩/٢٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان ماڵئاوای کرد لە خاتوو ڕۆزی کەیف، کونسوڵی گشتی بەریتانیا لە هەولێر. لە کۆبوونەوەکەدا زۆر سوپاسی هەوڵە سەرکەوتووەکانی کونسوڵی گشتی بەریتانیا کرا دەربارەی بەرەوپێشبردنی مافەکانی ژنان و هەماهەنگیەکانیان بۆ ئەنجامدانی چەند مێزگردێک لەو بارەیەوە، لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا تیشک خرا سەر بابەتی ئازادی ڕادەربڕین و برەودان بە گفتووگۆی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەشەنەسەندنەکانی مادده هۆشبەرەکان.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان لە سەردانێکدا بۆ کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا بەخێرهاتنی مارک سترۆ، کونسوڵی نوێی ئەمریکای کرد ، باس لە چەند بابەتێکی پەیوەندیدار کرا سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، بازرگانیکردن بە مرۆڤ، مادده هۆشبەرەکان. تیشک خرایە سەر هەوڵە هاوبەشەکان بۆ جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە شاندێکی کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان (CPJ). شاندەکە پێکهاتبوو لە هەریەک لە لوقمان فەتاحی، بەڕێوبەری داکۆکیکار و دوجا داود، پەیامنێری کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باس لە ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕەوشی خانمانی ڕۆژنامەنووس کرا، جەختکراوە لە پێداچوونەوەی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی هەرێمی کوردستان وەک نموونەیەکی سەرکەوتوو بۆ پاراستنی ئازادی ڕادەربڕین.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە سەردانێکدا بۆ قونسولخانەی گشتی تورکیا لە هەولێر لە گەڵ کونسوڵی گشتی بەڕێز مەممەت مەولود یاکوت کۆبووە، لەم کۆبوونەوەیەدا باس لە چەند بابەتێکی پەیوەندیدار کرا، تیشکیان خستەسەر هەوڵەکانیان بۆ دووپاتکردنەوە و فراوانکردنی هەماهەنگی نێوانیان لە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و چەند پرسێکی پەیوەندیدار.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەخێرهاتنی شاندێکی فەڕەنسی کرد بە سەرۆکایەتی ڕۆدۆڵف ڕیچارد، کونسوڵی گشتی فەڕەنسا بە وەکالەت و یاوەری ڕۆموالد مولەر، بەرپرسی ئاسایشی ناوخۆی لە باڵوێزخانەی فەڕەنسا لە عێراق، ئەڵوگۆڕی بیروڕایان کرد دەربارەی بڵاوبونەوە و تەشەنەسەندنی خێرای ماددەهۆشبەرەکان لە ناوچەکە، هەردوولا هاوڕابوون لە دەستنیشانکردنی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان وەک دیارترین مەترسی لەسەر ناوچەکە.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣ /١٠/١٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری لە دیداری مێری کرد. لەم دیدارەدا تاوتوێی قووڵ کرا دەربارەی ڕەوشی هەرێمی کوردستان، باس لە چەندین بابەتی گرنگ کرا لەوانە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداد، بارودۆخی ئابووری و سەرنجی تایبەت لەسەر ئاسایشی ناوچەکە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/١١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە د.سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، لە کۆبونەوەی هاوبەشدا کورتەیەک دەربارەی دوایین ئامادەکارییەکانی بەستنی کۆنفرانسی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان خرایە ڕوو کە بڕیار وایە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٥-١٠-٢٠٢٣ لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ بەڕێوە بچێت، هەروەها باس لە میکانیزمی هاوکاری هاوبەشی نێوانیان کرا سەبارەت بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پلانی حکومەت هەرێم ، بەڕێز وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ سەرخستنی کۆنفرانسەکە و هەماهەنگی لەم ڕووەوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٢٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان سەردانی ئەنجومەنی دادوەریان کرد لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن بەڕێز حاکم عبدالجبار سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری پێشوازیان لێکرا، لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ کرا لەبارەی دوایین هەنگاوەکانی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، هەروەها دوپات کراوە لەبارەی پێویستی هەبوونی یاسایەک بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش لەسەر تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و جینۆساید لە دادگایەکی ناوخۆیی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٢٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ئەمەریکی دهۆک بەشداربوو لە چوارەمین فۆڕمی ئاشتی و ئاسایش بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (مێپس)، ئەم فۆڕمە توانی زۆرێک لە هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان و کەسایەتییە دیارەکان لە تەواوی عێراق کۆبکاتەوە، فۆڕمەکە بووە دەستپێکێکی باش بۆ کردنەوەی دایەلۆگ دەربارەی گۆڕانی کەش و هەوا لە ناوچەکە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٢٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە شاندێک بە سەرپەرشتی خاتوو ناتیا بەڕێوبەری داکۆکیکاری یاسایی لە ڕێکخراوی یەزدا، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە پاڵپشتی و هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم کرا بۆ ئێزیدیەکان و بەدەستهێنانی دادپەروەری بۆ قوربانیانی تاوانەکانی داعش لە ڕێگای دادگایی کردنی تۆمەتبارانی داعش بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتیەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٢٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە بەڕێز پاولۆ فۆنتانی نوێنەری ڕێکخراوی یونسکۆ لە عێڕاق کرد سەبارەت بە بەرەوپێشچوونەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە هەوڵەکانی داهاتوو کرا بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ ڕێکخراوی ناوبراو سەبارەت بەو بابەتانەی پەیوەستن بە مەودای کارەکانیان لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٢٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە تۆڕی هەماهەنگی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێوەدەوڵەتییەکان لە سەرجەم وەزارەتەکان، ئامانج لەم کۆبوونەوەیە بریتی بوو لە هەڵسەنگاندی ڕاپۆرتی ساڵی دووەمی جێبەجێکرنی پلانی هەرێمی، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان داوای لە

لایەنەکان کرد ئەو ئاستەنگانە بخەنە ڕوو کە وەزارەتەکانیان دووچاری بوونەتەوە، ئەمەش بە مەبەستی خێراکردنی پرۆسەی جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانەی کە لە پرۆسەی جێبەجێکردندان یاخود جێبەجێ نەکراون.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە شاندێکی کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هەولێر، بە سەرۆکایەتی خاتوو پامێلا، جێگری کونسوڵی گشتی و بە یاوەری خاتوو ئانن ماسۆن بەرپرسی بەشی سیاسی و کاروباری ئابووری کونسوڵخانەکە، ئامانج لە کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە تیشک خستنە سەر ئەو ڕاسپاردانەی پلانی هەرێمی، کە تێیدا لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێویستییان بە هاوکاری زیاترە بۆ جێبەجێکردنیان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە شاندێکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی یەکێتی ئەوروپا لە هەولێر، بە سەرۆکایەتی د. تۆرکیڵد سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی ئەوروپا لە هەولێر و بە یاوەری ڕاوێژکاری باڵای ستراتیژی لەسەر تاوانی ڕێکخراو، بەڕێز ئاری لاهتیلا، کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە ئاڵوگۆڕکردنی بەرەوپێشچوونەکانی ڕەوشی ماددە هوشبەرەکان، بە تایبەت تاوتوێکردنی هەنگاوەکانی دوای کۆنفراسی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان کە لە مانگی کانوونی یەکەمی ئامساڵ بەڕێوە چوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە خاتوو تریفە عەزیز، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا، لە کۆبوونەوەکە باس لە چەند پرسێکی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ کرا، لەوانە ئازادی ڕادەربڕین، سەربەخۆی دادگاکان، مافەکانی ژنان و ئاستەنگیەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی ، هەروەها جەخت لە گرنگی ناساندن و پێشکەشکردنی پلانی هەرێمی کراوە لە واشنتۆن، لە ڕێگەی بەشداریکردن لە چالاکییەکانی تەریب لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی، ئەمەش بە مەبەستی بەدەستهێنانی پاڵپشتی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی کرد و لەلایەن بەڕێز عومەر بەرزنجی بریکاری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری فرەلایەن و یاساییەوە پێشوازی لێکرا، لە میانەی کۆبوونەوەیەکدا کە سەرۆکی فەرمانگەی یاسایی، فەرمانگەی مافی مرۆڤ و فەرمانگەی ڕێکخراو و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان لە وەزارەتی دەرەوە ئامادە بوون. ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تیشکی خستە سەر پلانی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ و ڕایگەیاند: نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پلانی مافی مرۆڤی ئامادە کردووە کە هاوتەریبە لەگەڵ پلانی نیشتمانی مافی مرۆڤ، تا ئێستا (٥) ڕاپۆرت لەسەر جێبەجێکردنی پلانەکە بڵاوکراوەتەوە، هەروەها (٩) ڕێکار دەرکراوە بۆ دام و دەزگاکانی هەرێم بە مەبەستی جێبەجێکردنیان ئێستاش لە پرۆسەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵی دووەم جێبەجێکردنداین وە تائێستا (٤٠) ڕاپۆرت لەگەڵ لیژنەی نیشتمان نووسینی ڕاپۆرتی ڕێکەوتننامەکان ئاڵوگۆڕ کراوە و لە چوارچێوەی شاندی کۆماری عێراق

بەشداریمان لە (٩) گفتوگۆی ڕاپۆرتەکان کردووە لە ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە جنێف و لیژنەی مافی مرۆڤ لە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی، بەشداریکردنی حکومەتی هەرێم تەواوکەری ڕاپۆرتەکانی کۆماری عێراق بووە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/١٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ شاندێکی ڕێکخراوی ئازادیە ئاینیەکان بە سەرۆکایەتی جێریمی بارکەر، بەڕێوبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕێکخراوەکە کۆبوونەوە، لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی بابەتی بازرگانی کردن بە مرۆڤ کرا لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان جەختی لە بەشداری ڕێکخراوە ناحکوومییەکان کردەوە لە برەودان بە پرۆسەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پەیوەست بە ئازادی ئاینی و بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە پلانی هەرێمی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/١٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە ژمارەیەک لەو ڕێکخراوە ناحکومیانە کرد کە سیفەتی ڕاوێژکارییان هەیە لە ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (ECOSOC) و لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە گرنگی هەماهەنگی نێوان ئەم ڕێکخراوانە و حکومەتی هەرێم کرا لە بابەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری و هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کە لایەنە پەیوەندیدارە بە مەلەفی مافەکانی مرۆڤ لە حکومەتی هەرێم.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/٢٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەڕێز ئاوات شێخ جەناب وەزیری ئابووری و دارایی حکومەتی هەرێمی کرد، لە کۆبوونەوەکەدا سوپاسی بەڕێزیانیان کرد لە گرنگیدانی بە جێبەجێکردنی پلانی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ، هەروەها ڕێنماییەکانییان بەرز نرخاند لە پاڵپشتی کردنیان لە پلانەکە و کاری هاوبەشی نێوان وەزارەتی دارایی و نووسینگەکەی بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/٢١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان سەردانی کونسوڵخانەی گشتی دەوڵەتی کوێتیان لە شاری هەولێر کرد، لەم سەردانەدا پرسە و سەرەخۆشی خۆیان بە کونسوڵخانەی گشتی کوێت ڕاگەیاند بەبۆنەی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو شێخ نەواف ئەحمەد جابر ئەلسوباح میری دەوڵەتی کوێت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان پێشوازی لە بەڕێز ئایدن مەعروف وەزیری کاروباری پێکهاتەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، لەم دیدارەدا باس لە گرنگی پاراستنی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان کرا کە حکومەتی هەرێم بە ئەولەویاتی کارەکانی دەزانێت و ئەرکی هەموو لایەکە پاڵپشتی لە پتەوکردنی ئەم پێکەوە ژیانە بکەن کە ئەزموونێکی نوێ و بێ وێنەیە لە ناوچەکە بە گشتی. باس لەو ئیشکالیاتانە کرا کە لە بابەتی کۆتای پێکهاتەکان درووستکراوە و هەوڵێک هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئاست و پێگەیان، گرنگە سیستمی هەڵبژاردن بەو جۆرە بێت کە لە بەرژەوەندی پێکهاتەکان بێت و بەو شێوەیە بێت کە خۆیان دیاریی دەکەن و لە هەر دەستکاری کردنێک ڕای پێکهاتەکان وەربگیرێت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە لە نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی بە سەرپەرشتی بەڕێز فلۆریان ڕازسبێرگەر بەرپرسی باڵای مافەکانی مرۆڤ، لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ کرا سەبارەت بە پلانی ئەمساڵ بۆ بەردەوامیدان بە هەماهەنگیە هاوبەشەکان لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ بە تایبەت لە مەودای کارکردن لە بواری مافی منداڵان و ئازادی ڕادەربڕین٠

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە خاتوو سارا سانبەر، توێژەر لە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (هیومان رایتس ووچ ) لە عێراق، باس لە پێشکەوتنە بەرچاو و گرنگەکانی هەرێمی کوردستان کرا لەبارەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کە کاریگەری خۆیان هەبووە لە ناوچەکەدا، لە هەمان کاتدا تیشک خرا سەر ئاڵانگاری بۆ باشتر چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ لە تەواوی وڵاتدا، هەبوونی هێزە چەکدار لە یاسا دەرچووەکان یەکێکە لە کێشە گەورەکان لەم بابەتەدا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز فارس عیسا سەرۆکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا، لەم دیدارەدا باس لە هەماهەنگی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا کرا، کە کاریگەربووە لە پێشخستنی ئاستی بەشداری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی ئیتحادی بەتایبەتی لە مەلەفەکانی پەیوەست بە مافی مرۆڤ، بەڕێز فارس عیسا هەوڵەکانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی بەرز نرخاند بەتایبەتی لەگەڵ لایەنەکانی حکومەتی ئیتحادی، و بە دەروازەیەک وەسفی کرد بۆ نیشاندانی روئیای حکومەتی هەرێم سەبارەت بە دۆسیەی مافی مرۆڤ بە لایەنی عێراق و لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی هەماهەنگی لەگەڵ هاوتاکانتان لە حکومەتی ئیتحادی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٣٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز مەکسیم ڕۆبی کونسوڵی گشتی کۆماری ڕوسیای فیدراڵ لە هەولێر، لە کۆبونەوەکەدا تیشک خرا سەر ئەو مێژووە دێرین و گرنگەی کە ڕوسیای فیدراڵ و کوردستان هەیانە، هەوەها باس لە گرنگی بەردەوامی پەیوەندییە هاوبەشەکانیان کرا بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان بە گشتی لەوانە کلتوری و پەروەردەییەکان، بە گرنگییەوە ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان جەختی لەسەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کردەوە لە هەرێمدا وە باسی لە بەرەوپێشچوونەکانی هەرێم کرد لەبارەی پاراستنی مافی ئاوارە، پەنابەران، ژنان، منداڵان و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، بە تێگەیشتنی هاوبەش لە گرنگی برەودان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ٠

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز دکتۆر یان بریم کونسوڵی گشتی فەرەنسا و کۆمسیاری گشتی ڕۆموالد مۆلەر لە تاوتوێکردنی پەیوەندییە دەوڵەمەندە مێژووییەکانی نێوان کوردستان و فەرەنسا، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان جەختیان لەسەر گرنگی هەوڵە هاوبەشەکان کردەوە

له چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان، گرنگیدان بە ڕاهێنانی پۆلیس و مامۆستایان بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە مەترسییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز ئەندرانیک هاروتیونیان، کونسوڵی گشتی ئەرمینیا ، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە مێژووی گرنگ و هاوبەشی نێوان کوردستان و ئەرمینیا کرا، هەروەها ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تیشکیان خستە سەر پاراستنی مافی کەمایەتییەکان لە هەرێم و بە خۆشحاڵیەوە ئاماژەیاندا بە هەبوونی هاووڵاتی ئەرمەنی لە کوردستان کە لە مێژەوە نیشتەجێی ئێرەن و خۆشحاڵن بە مانەوەیان لە هەرێم، هەروەها باسیان لە گرنگی هەبوونی بەردەوامی پەیوەندییە کلتوری و ئابوورییەکانی هەردوو لا کرد.

- ڕێکەوتی ٢٢٠٢٤/٢/١٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز ماریا ئۆنیوا ڕاوێژکاری باڵای پاراستنی ژنان لە (UNAMI)، ماریا ئۆنیوا لە کۆبوونەوەکەدا تیشکی خستە سەر ڕووبەڕوبوونەوەی تاوانە نێودەوڵەتییەکان و پشتگیریکردنی قوربانییەکان لە ناوچەی جەنگ، وە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی بەرز نرخاند.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەکو نوێنەری شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری دانیشتنی ٧٥ی خولی لیژنەی پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری جنێڤ کرد، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم وتارێکی پێشکەشکرد و تیایدا تیشکی خستە سەر هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم لە ساڵانی ڕابردوودا بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پەیوەست بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، لە سەرەتای وتارەکەیدا ئاماژەی بە یاساکانی پەیوەست بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان کرد و وتی: حکومەتی هەرێم بڕگەکانی پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە ( ٢٤) یاسای ناوخۆیی هەرێم ڕەنگی داوەتەوە. بۆ پاراستنی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان لیستی مافی نەتەوە و ئایین و مەزهەبە ئاینییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) و یاسای مافی پێکهاتەکان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ دەرچووە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ستراتیژییەتی نیشتمانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان (٢٠٢١-٢٠٢٥) پەسەند کرا، کە بریتییە لە پلانێکی تۆکمە بۆ بەدیهێنانی شەفافیەت و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی کوردستان ٢٤ گفتوگۆی کرد لە بارەی جێبەجێکردنی پەیماننامەی مافە ئابووری و کومەڵایەتی و کولتوورییەکان لە جنێف.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/٢٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی دادوەر کاوە فەتحی مەعسووم، سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێمیان کرد، لە دیدارێکدا تیشک خرایە سەر هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکان مرۆڤ، بەڕێز سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هەماهەنگی کردن

لەگەڵ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەڵەتییەکان لە هەنگاوەکانی بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی پلانەکە و کار کردن بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانەی تایبەتن بە داواکاری گشتی لە رووی زانیاری، داتا و ئامارەکان، داواکاری گشتی هەرێم رۆڵێکی گرنگی هەیە لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان و لە سەرەتای ئامادەکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ هاوکارییەکی باشی نووسینگەی ڕێکخەری کردووە بەپێی دوایین ڕاپۆرتی جێبەجێ کردنی پلانی هەرێمی لە کۆی (٤٥) ڕاسپاردە کە ئاڕاستەی داواکاری گشتی کراوە، (٢٦) ڕاسپاردە جێبەجێکراوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٢٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان پێشوازی کرد لە کونسوڵی گشتی ئەرمینیا، لە کۆبوونەکەدا گفتوگۆ کرا دەربارەی پاڵپشتی حکومەتی ئەرمینیا بۆ پلانی کاری مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان پێشوازی کرد لە شاندی (UNAMI) بۆ پێداچوونەوە بە پێشکەوتنەکانی پلانی کارکردنی حکومەتی هەرێم، لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ کرا لەسەر هاوکاری زیاتر لەلایەن (UNAMI) لە بواری ڕاهێنان و پشتگیری یاسایی و تەکنیکی بۆ ئەوەی پلانەکە لە پاشەڕۆژدا زۆرترین کاریگەری هەبێت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/١٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان پێشوازی کرد لە کونسوڵی گشتی هەنگاریا لە هەولێر، ئاتیلا تۆس، باس لە گۆڕانکاری جیۆپۆلەتیک، یاسادانان، و ئازادی ڕۆژنامەگەری کرا، وە تیشک خرایە سەر گرنگی پەیوەندیەکانی بەهێزی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدرالی، شانبەشانی ئەو تەحەددیاتەی هەیە، وە باس لە کۆنترۆڵکردنی ماددە هۆشبەرەکان ، هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ستراتیژییەکانی گەشەپێدانی ناوچەیی کرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٢٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان پێشوازی کرد لە بەرێز لاس ڕەشید، بەرپرسی مەیدانی لە UNWFP بەرنامەی خۆراکی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان، گفتوگۆ کرا لەسەر چۆنیەتی زیاتر هاوکاریکردن بۆ پشتیوانیکردن لە پلانی کارکردنی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ، بە جەختکردنەوە لەسەر پابەندبوونی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان بۆ پەروەردەکردنی هاوبەشییەکی بەهێز، بۆ بەدەستهێنانی پێشکەوتنی بەرجەستە و بەردەوام لە بواری مافەکانی مرۆڤدا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٢٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان پێشوازی کرد لە بەرێز پرسیلا مۆیۆ ڕێکخەری چارەسەرە بەردەوامەکان، و ئاماندا بەی، ئەفسەری پاراستن (بەشی پاراستن)، لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچکردن (IOM)، لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی هاوکارییە هاوبەشەکانی داهاتوو و پلانی کارکردنی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێم کران.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٢٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان پێشوازی کرد لە تیمی بە دیجیتاڵکردنی یونیتاد بە سەرپەرشتی بەرێز حاج بابەکار بەرپرسی بەشی ڕێکخستنی سیستەمی زانیاری، و بەرێز هۆگر باپیر بەڕێوبەری

پەیمانگای پەرەپێدانی ئەمنی و کارگێڕی و تەکنەلۆجیای زانیاری لە وەزارەتی ناوخۆ، لە گفتوگۆکەدا باس لە بەرەوپێشچوونی پرۆژەی ئەرشیفکردن و بەدیجیتاڵکردنی بەڵگەی تاوانەکانی داعش کرا لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و دادگاکان، داتابەیسی پرۆژەکە لە وەزارەتی ناوخۆ و لایەنەکانی هەماهەنگی لەگەڵ تیمی یونیتاد پێش وادەی بە کۆتا هاتنی ئەرکنامەی تیمەکە لە ١٧ ئەیلولی ئەمساڵ.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٢٨ لەسەر داوای کونسوڵی گشتی هولەندا بەرێز تاکۆ بیرێندز ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداربوو لە ئاهەنگی یادی لەدایکبوونی شا ویلم ئەلێکساندەر شاهی هولەندا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٢٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەڕێز لیوا دلێر فەرزەندە زوبێری کرد فەرماندەی پاسەوانی سنور ناوچەی یەک، لە دیدارێکدا گفتوگۆیانکرد لەبارەی ئاسایشی سنورەکان و ئەو ڕێوشوێنانەی کە پێویستە بگیرێنەبەر لە توندوتۆڵکردنی سنوورەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان، لەبەشێکی تری دیدارەکەیان باسیان لە گرینگی چاودێری خاڵەکانی گومرگ کرد بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان بۆ ئەو کەلوپەل و پێداویستیانەی کە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٢٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە خاتوو ماری ئانیوا ڕاوێژکاری پاراستنی ئافرەتان لە نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی لە هەولێر، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم لە جەختکردنەوە لە پاراستنی ئافرەتان و منداڵان لە کاتی ناکۆکیە چەکداریەکاندا کرا، بە هاوبەشی لەگەڵ یونامی و لایەنە نێودەوڵەتیەکان، حکومەتی هەرێم پابەند بووە بە بەرقەرارکردنی دادپەروەری بۆ گشت قوربانیانی ناکۆکیەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز هاری مۆیلن، بەرپرسی یەکەی پشتیوانی و پاراستنی شایەتحاڵەکان لە یونیتاد، لە میانی کۆبوونەوەکەدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان باسی لە گرنگی دامەزراندنی یەکەیەکی پاراستنی شایەتحاڵەکان کرد لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، و پێدانی ڕاهێنان بە ئەفسەرانی خزمەتگوزارییە ئەمنییە پەیوەندیدارەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/١٢ د. مەریوان سابیر سەرۆکی فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی و دارایی ئەنجومەنی وزیران بە وەکالەت، سەردانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی کرد، لە کۆبوونەوەکدا باس لە شێوازی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی نووسینگەکەمان کرا ، هەروەها تیشک خرایە سەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی زیاتری کاروباری نووسینگە لەڕووی کارگێڕی و دارایی و هەوڵدان بۆ برەودانی زیاتر بە میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی نووسینگە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/٢٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەرێز زافیر الدین سەرۆکی نوێی نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی لە هەولێر، لە دیدارەکەدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان جەختیان لە

هەماهەنگی و هەوڵە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و یونامی کردەوە لە جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، هەروەها برەودانی زیاتر بە ڕاوێژی سیاسی و پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/٢٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان پێشوازی کرد لە سەرۆکی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش و دوایین هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (٢٦٩٧)یان تاوتوێ کرد.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/٢٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان پێشوازی لە د. هیشام عەلەوی، بریکاری وەزارەتی دەرەوە بۆ پلاندانانی سیاسی و د. زێدان خەلەف، ڕاوێژکاری سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ مافی مرۆڤ کرد، لە کۆبوونەوەکەدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕایگەیاند: حکومەتی هەرێم بەشدارییەکی بەرفراوانی هەیە، بە مەبەستی جێبەجێکردنی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە ڕێگەی لیژنەی نیشتمانی نووسینی ڕاپۆرتی ئەو ڕێککەوتننامانەی عێراق پەسەندی کردوون و وەڵامدانەوەی ئەو تێبینی و ڕاسپاردانەی تایبەتن بە ڕێککەوتننامەکان، ئەم بەشدارییە پێویستە و تا ئێستا سەرکەوتوو بووە، لەو مەحفەلانە ڕاپۆرت و زانیارییەکانی هەردوولا تەواوکەری یەکترین، چونکە هەر پابەندییەك لەسەر حکومەتی فیدراڵی بێت دەکەوێتە سەر حکومەتی هەرێمیش، هەروەها لە مەلەفی یونیتاد هەماهەنگیمان هەبووە و بەردەوامیشە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/٢٦ لەژێر چاودێری بەڕێز دکتۆر ئەحمەد بن حەسەن ئەلحەمادی ئەمینداری گشتی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی قەتەر، و لەسەر داوەتنامەی بەڕێز حسین بن عەلی فەضالە قونسڵی گشتی، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان بەشداربوو لە کردنەوەی قونسڵخانەی قەتەری لە هەولێر، بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی قونسڵی گشتی وڵاتی قەتەر کرد و هیوای ئەمەی خواست ئەمە هەنگاوێک بێت بۆ پەرەپێدان بە پەیوەندییە دیبلۆماسی و سیاسی و ئابورییەکان لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڵاتی قەتەر.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/٢٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان پێشوازی کرد لە خاتوو ماری ئانیوا ڕاوێژکاری باڵای مافی ئافرەتان لە یونامی-هەولێر، لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ کرا لەسەر زیاتر ناساندنی پرسی قوربانیانی تاوانەکانی داعش بە تایبەت ئافرەتانی ئێزیدی، هەروەها باس لەوە کرا کە گرنگە ئەم پرسە زیاتر بە نێودەوڵەتی بکرێ لە ڕێگای یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی قوربانیانی توندوتیژی جنسی لە ململانێکاندا و چەندان شێوازی دیکە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٦/٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز علی البریر سەرۆکی ڕێکخراوی بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان و تاوان - سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە گفتوگۆکەدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان باسی لە پرسی ڕووبەڕووبوونەوەی مادە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە ئەقڵیەکانی کرد لە هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٦/١١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز د. ئەلیس ئێدواردس ڕیپۆرتەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەشکەنجەدان، لە کۆبوونەوەکەدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان باسی لە گرنگی بابەتی نەهێشتنی ئەشکەنجەدان کردەوە لە زیندانەکان، حکومەتی هەرێم بەردەوامە لە هەوڵەکانی تاکو بە پێی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ کاربکات لە گشت سێکتەرەکان، هاوکات ئەم بابەتە گرنگە لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ ٢٠٢١-٢٠٢٥.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٦/١٢ لەسەر بانگهێشتی کونسوڵی گشتی کۆماری ڕووسیای فیدراڵ لە هەولێر، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە خۆشحاڵیەوە بەشداربوو لە یادی ڕۆژی نیشتیمانی ڕووسیا، ئەم بۆنەیە دەرفەتێکی گرنگ بوو بۆ وەبیرهێنانەوەی پەیوەندییە مێژووییەکانمان لەگەڵ ڕووسیای فیدراڵ، هەروەها برەودان بە پەیوەندییە دیبلۆماسییە هاوچەرخەکانیان لە چەندین بواری جیاوازدا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٦/٢٤ بەبۆنەی دەستبەکاربوونی کونسڵی گشتی بەریتانیا لە هەولێر بەڕێز (ئەندرۆ بیزڵی) هەروەها بۆ ماڵئاوایی کردن و کۆتایی هاتنی کارەکانی قونسڵی پێشووی بەریتانیا بەڕێز (جێیمس گۆڵدمان)، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئامادەی ئیڤێنتێک بوو کە لەلایەن کونسڵخانەی گشتی بەریتانیا ڕێکخرابوو لە هۆتێل ڕۆتانا لە هەولێر.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٦/٢٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە لە خاتو (اڤا فائق نادر) بریکاری وەزیر و ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە حکومەتی ئیتیحادی کرد، لە دیدارەکەدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دووپاتیان لە هەماهەنگی دوولایەنە کردەوە لە ئایندەدا بۆ ئەنجامدانی کاری هاوبەش سەبارەت بە ڕۆلی ڕاگەیاندن و دیجیتاڵ میدیا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٦/٢٦ بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشدارییان کرد لە پرۆژەی ڕایەڵەی گەنجان کەمپینی (هۆشیار بە) کە لە لایەن ڕێکخراوی پاو بە هەماهەنگی کونسوڵخانەی بەریتانیا ڕێکخرابوو، لە پانێلێکدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەیان بە گرنگی هەبوونی هەماهەنگی لە نێوان دامودەزگا پەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستان و لایەنی نێودەوڵەتی و ڕێکخراو و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان، هەروەها باسیان لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم کرد لەم ڕووەوە، چەند پێشنارێکیان خستەڕوو لەسەر چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی مەترسییەکان و پەرەسەندنی مادده هۆشبەرەکان کە وەک ڕێکار لە میانەی پلانی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکان کراون.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/٢ بە ئامادەبونی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشدارییان کرد لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی بەرنامەی پاڵپشتی دارایی بۆ ڕزگاربووانی دەستی تیرۆریستانی داعش.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز شێخ سەردار قایمقایمی قەزای شێخان، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە گرنگی دەڤەری شێخان کرا لە ڕووی جوگرافی، کشتوکاڵی و ئابورییەوە و ئەو پێکەوەژیانە ئاشتیانەی کە لە دەڤەرەکەدا هەیە لە نێوان هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و تائیفیەکان کە بۆتە نموونەیەکی زیندووی پێکەوەژیان، تیشک خرایە سەر ئەو خزمەتگوزاریانەی کە حکومەتی هەرێم لەم دەڤەرە پێشکەشی ئاوارەکانی دەکات بەتایبەت خوشک و برایانی کوردی ئێزیدی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/١٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەڕێز زافیر الدین سەرۆکی نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی لە هەولێر و بەڕێز زیتۆ سیانی پسپۆڕ لە فایلی مافی مرۆڤ لە یونامی، لە کۆبوونەوەکەدا جەخت کراوە لە گرنگی بەردەوامیدان بە پاڵپشتی نێودەوڵەتی بە تایبەت یونامی لە هەماهەنگی زیاتر لە بەرەوپێشبردنی بنەماکانی کارکردن بە مافەکانی مرۆڤ و جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/١١ لە ڕێوڕەسمێکی فەرمیدا با ئامادەبوونی شاندی یونیتاد بە سەرۆکایەتی خاتوو ئانا پێریۆ لۆپێس ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی بە وەکالەتی یونیتاد، و هاوکارانمان لە هەریەک لە وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی شەهیدان، بەڕێوبەرایەتی دژە تیرۆر، دەستەی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بەڵگەکان، وەزارەتی پێشمەرگە، ئەنجومەنی ئاسایش و ئەنجومەنی دادوەری بەشی یەکەمی ئەو بەڵگە و دۆکیومێنتانەی لەلایەن هاوکارانمان لەگەڵ تیمەکانی یونیتاد هاوبەشی پێکرابوو لە ڕێگای نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان ڕادەستی لایەنەکان کرانەوە، بڕیاریش وایە بەشی دووەمی ڕادەستکردنەوەی بەڵگە و دۆکیومێنتەکان بەر لە بە کۆتا هاتنی ئەرکنامەی تیمەکە بەڕێوەبچێت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/١١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی کرد لە بەرێز ستیڤن ماتیاس، یاریدەدەری ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری یاسایی و ئانا پێرۆ لۆپیس، ڕاوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ، گفتوگۆکرا دەربارەی تەواو کردنی ئەرکی تیمی یونیتاد (٢٣٧٩) بۆ ساڵی (٢٠١٧).

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/١٤ لە شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی ڕێزدار جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی ڕێوڕەسمی سالڕۆژی یادی نیشتیمانی وڵاتی فەرەنسا بەڕێوەچوو، هەریەکە لە بەرێزان ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و یان برێم کونسوڵی گشتی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومی ، حزبی، سەربازی،میوانانی بیانی و نێوخۆیی ئامادەبوون، کە لەلایەن کونسوڵخانەی وولاتی فەرەنسا لە هەرێمی کوردستان ڕێکخرابوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/١٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە بەڕێز (مارك سترۆ) کونسڵی گشتی ئەمریکا و شاندی یاوەری کرد، لە دیدارێکی دۆستانەدا باس لە پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ کرا و تیشک خرایە سەر قۆناغە جیاجیاکانی پلانەکە ، باسیان لەو هەماهەنگیانە کرد کە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئەنجامی دەدات لە ڕێی وەزارەتی داد و وەزارەتی دەرەوە لە حکومەتی ئیتیحادی، و بەشداری هەرێمی کوردستان شانبەشانی حکومەتی ئیتیحادی لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها لەم چاوپێکەوتنەدا گفتوگۆیان لەبارەی بابەتی بازرگانی کردن بە مرۆڤ، بابەتی ماددەهۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کارکردنیان لە هەرێم، کەیسی ڕۆژنامەوانان لە هەرێمی کوردستان کرد و باسیان لەم هەنگاوانە کرد کە حکومەتی هەرێم بەرنامەڕێژی بۆ کردووە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/١٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەردانی بەڕێز دادوەر عبدالجبار عەزیز سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستانیان کرد، تیشک خرایە سەر دوایین هەنگاوەکانی هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی دادوەری لە بواری بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی داعش، دادگایی کردنی تیرۆریستان و پرۆسەی دیکیۆمێنت کردنی تاوانەکانی داعش، ئەوەشمان ڕوونکردەوە کە لە میانەی هەماهەنگیمان لەگەڵ یونیتاد پێنجشەممە ڕێکەوتی ١١ی تەممووزی ٢٠٢٤ بۆ جێبەجێکردنی بڕیارنامەی ژمارە ٢٦٩٧ی ئەنجومەنی ئاسایش و ڕادەستکردنی بەڵگەی تاوانەکان بە حکومەتی هەرێم بڕی (٤٥,٩٥) گیگا بایت زانیاری دیکیۆمێنت و لێکۆڵینەوە لەلایەن یونیتادەوە ڕادەستی حکومەتی هەرێم کراوە و لە داهاتووشدا ئەو پرۆسەیە بەردەوام دەبێت.

<u>خولی ڕاهێنان، وۆرکشۆپ و کۆنفرانس</u>

لەم بەشەدا، باس لە سازدان و ڕێکخستنی چەندین وۆرکشۆپ و خولی ڕاهێنان دەکەین بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دامودەزگاکان حکومی کە بە هاوکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام دراوە، بەتایبەتی لە ڕووی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە نووسینگەکەمان ڕاسپێردراوە بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەم پلانە.

- ڕێکەوتی٢٠٢٠/٢/٥ لە بەغدا بەشداریمان کرد لە وۆرکشوپێکی تایبەت بە پاراستنی بنەماکانی مافی مرۆڤ، بە ئامادەبوونی بەڕێز (فاروق ئەمین شوانی) وەزیری دادی حکومەتی فیدراڵ و نوێنەرانی داموەزگاکانی حکومەتی فیدراڵ.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٤ بەشداریمان کرد لە پانێڵێکی کۆنفرانسی هەڵسەنگاندنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ڕێکخراوی هارتلاند و هاوپەیمانی کەمایەتییەکان بە پاڵپشتی کونسۆڵخانەی شانشینی هۆڵەندا لە هەولێر ئەنجامدرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٨ لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ۆرکشۆپێکی تایبەت بە لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش و شیکردنەوەی زانیاریەکان لەلایەن یۆنیتادەوە ئەنجامماندا، بە ئامادەبوونی تیمی لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) و نوێنەرانی دامودەزگا، دادوەر، سەربازی، ئاسایش، پێکهاتەکان و ئەندامانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/٢٥ وۆرکشۆپێک بۆ مەشقپێکردنی فەرمانبەرانی حکومی و چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ پرسەکانی مافی مرۆڤ ئەنجامدرا. ئەم وۆرکشۆپە لەلایەن نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی دادی عێراق ئەنجامدرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١/٢٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە سیمینارێک کە لەلایەن ڕێکخراوی هارتلاند ئەڵاینسەوە ڕێکخرابوو. لە سیمینارەکەدا تیشک خرایە سەر پابەندبوونی حکومەتی هەرێم بە بەها دیموکراتییەکان بە تایبەت ئازادی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/٦ بە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە مەراسیمی گێڕانەوەی ڕوفاتی ١٠٤ قوربانی برا و خوشکانی ئێزیدی بۆ زێدی خۆیان لە گوندی کۆجۆ، لە وتارێکدا سڵاو و هاوخەمی و پشتیوانی جەنابی سەرۆک وەزیرانی بە خێزانی قوربانییان گەیاند. هەروەها، ئاماژە درا بە ڕۆڵی پێشمەرگە و سەرۆک بارزانی لە ڕزگارکردنی شەنگال، جەخت لەوە کراوە کە تیرور دوژمنی هاوبەشی مرۆڤایەتییە و دەبێت بە هەوڵی هەمەلایەنە ڕەگ و ڕیشەی دەربێت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و شاندێکی حکومی بە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم بەشداربوون لە ڕاگەیاندنی پلانی نیشتمانی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، کە لەپرێس کونفرانسێك لە شاری سلێمانی لەلایەن بەڕێز دادوەر سالار عبدالستار وەزیری دادی حکومەتی فیدڕاڵ پلانەکە ڕاگەیەندرا. ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەی بە هەنگاوەکان و بەرنامە و ستراتیژی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کرد بۆ بەهێزکردنی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان لە حکومڕانی تەندروست و سەروەری یاسا و شەفافیەت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی پەیامنێران بۆ ماف و گەشەپێدان. لە ڕێورەسمەکەدا تیشک خرایە سەر گرنگی ڕۆڵی پەیامنێران و ڕۆژنامەنووسان کە پێویستە لەئاست بەرپرسیاریەتی پیشەکەیان بن، بەجۆرێک دەرفەت نەدرێت بە کەسانێك ناوی پەیامنێران بۆ مەبەست و مەرامی تایبەتی خۆیان بەکاربهێنن.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٢٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداربوو لە ڕێوڕەسمی دەستپێکردنی ڕاهێنانی دادوەری، کە لەلایەن کۆنسوڵگەری بەریتانیا و ڕێکخراوی ئۆکسیۆمەوە سەرپەرشتی دەکرا، لەم ڕاهێنانەدا شێواز و تێگەیشتنێکی نوێی لە بواری یاسادانان بۆ بەشداربووان خرایەڕوو.

- له ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٢١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان گوتاری دەستپێکی وۆرکشۆپی ئازادی ڕادەربڕینی پێشکەش کرد، کە لەلایەن نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یۆنامی) بەهاوبەشی ڕێکخرابوو. نوێنەرانی دام و دەزگا حکومی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشدار بوون و گفتوگۆ کرا لەسەر ئاستەنگەکانی بەردەم ئازادی ڕادەربڕین.
- ڕێکەوتی ٢٠٢١/٩/٢٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە ساڵ ڕۆژی نەتەوەیی کۆماری چیک، کە بەردەوام هاوکاری هەرێم بوونە لە بواری ڕۆشنبیری، شوێنەوار، تەندروستی، و هونەری و بوارەکانی تر.
- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٢٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی پاو، وۆرکشۆپێکیان بۆ ئەندامانی تۆڕی هەماهەنگی جێبەجێ کردنی پلانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا. ئەم وۆرکشۆپە تایبەت بوو بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی یەکەمی پلانی هەرێمی بۆ لایەنی نێودەوڵەتی و بە وردی تیشک خرایە سەر ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و ئەو ڕاسپاردانەی کە عێراق پێویستە پابەند بێت پێیانەوە.
- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٢٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە نوێنەرایەتی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتمانی (NCC) و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشداری کرد لە ئیڤێنتێک کە تایبەت بوو بە دووەمین مەراسیمی گێڕانەوەی پاشماوەی (ڕوفاتی) قوربانیان لە گوندی کۆجۆ و ئەم ئیڤێنتە لەلایەن تیمی لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) ڕێکخرابوو.
- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/٢٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە پانێلێک دەربارەی "کوشتن و خۆکوشتن"، و پاراستنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە فشارە دەروونییەکان، هەروەها جەخت کرا لەسەر برەودان بە تواناکانی ئافرەتان و پرەنسیپەکانی یەکسانی جێندەری، میکانیزمی نێودەوڵەتی بۆ بەشدارییپێکردنی هەرێمی کوردستان لە کۆڕبەندە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان.
- ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشدراری کرد لە مەراسیمی هێنانەوەی ڕوفاتی ٤١ هاووڵاتی ئێزیدی کە بە دەستی تیرۆریستانی داعش کۆمەڵکوژکرابوون، هەروەها وتاری جەنابی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانی لەم مەراسیمەدا پێشکەشکرد. هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بەردەوامە و هەوڵەکان چڕکراونەتەوە بۆ دادگاییکردنی داعش لەژێر ڕۆشنایی تاوانە نێودەوڵەتییەکان.
- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٧له لایەن ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی یەکەم وۆرکشۆپی تایبەت بە جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ کرا، کە بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی هارتلاند ڕێکخرابوو. ئەم وۆرکشۆپە تایبەت بوو بە بازرگانیکردن بە مرۆڤ و ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ. نوێنەرانی یوئێن، کونسوڵخانەکان، ڕێکخراوەکان، و دامەزراوەکانی حکومەت لەم ئیڤێنتە ئامادەبوون.

- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٢١ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان نووسراوێکی ئاراستەی نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کرد، ئەم نووسراوە تایبەت بوو بە ئەنجامدانی ووٚرک شۆپێک لەبارەی تێگەیشتن لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی (IHL) و جیاوازییەکەی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ (IHRL) کە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی ICRC ئەنجامی دابوو.

- ڕۆژانی٢٥و ٢٠٢٢/٨/٢٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری لە ووٚرکشۆپێکدا کرد بەسەرپەرشتی لیژنەی نێودەوڵەتی کاروباری بێسەروشوێنبووان (ICMP) و نوێنەرانی وەزارەت و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی ئیتحادی و حکومەتی هەرێم بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای دامەزراندنی دەزگای نیشتمانی بۆ بێسەروشوێنبووانی زۆرەملێ.

- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٣٠ لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی ووٚرکشۆپێکی کرد بە هاوبەشی لەگەڵ تۆڕی هاوپەیمانی کەمینەکان و ڕێکخراوی PAO سەبارەت بە چۆنیەتی پاراستنی مافی پێکهاتەکان و ڕێگرتن لە جیاکاری ڕێکخرابوو. هەریەک لە وەزیری پێکهاتەکان و نوێنەرانی وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئاژانسەکانی یوئێن بەشداربوون.

- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/١ بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وێنەیەک لە ووٚرک شۆپی تایبەت بە پاراستنی مافی پێکهاتەکان و ڕێگرتن لە جیاکاری لە وێبسایتی فەرمی حکومەتی هەرێمدا بڵاوکردەوە، ئەم ووٚرکشۆپە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ تۆڕی هاوپەیمانی کەمینەکان و ڕێکخراوی PAO ئەنجامیدابوو. هەریەک لە وەزیری پێکهاتەکان و نوێنەرانی وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئاژانسەکانی یوئێن تێیدا بەشداربوون.

- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی توێژینەوە و پەرەپێدان ووٚرک شۆپێک سەبارەت بە مافی ڕێکخستنی خۆپیشاندان و ئەو تەحەدایانەی ڕووبەڕووی هێزە ئەمنییەکان دەبنەوە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا ئەنجامدا. نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەری، وەزارەتی داد، وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەری نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (یونامی) و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئامادەبوون. تیشک خرایە سەر ئەو یاسا و ڕێکارانەی حکومەتی هەرێم گرتۆتیە بەر بەمەبەستی بەرگریکردن لە مافی هاوڵاتیان بۆ خۆپیشاندانی ئاشتیانە و داوا کردنی مافە ڕەواکانیان لە چوارچێوەی یاسادا.

- له میانەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ ٢٠٢١-٢٠٢٥، له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٨ ڕێکخەری ڕاسپارده نێودەوڵەتییەکان له حکومەتی هەرێم بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی وۆرك شۆپێکیان ئەنجامدا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی زیندانییەکان له هەرێمی کوردستان. پسپۆرانی خاچی سوری نێودەوڵەتی و نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان، دەسەڵاتی دادوەری، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی ناوخۆ، ئاسایش، دژه تیرۆر و گرتووخانەچاکسازیەکان ئامادەبوون.

- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/١٨ له چوارچێوەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخەری ڕاسپارده نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی وۆرکشۆپێکی کرد لەسەر بە بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەره عەقڵییەکان، ئەم وۆرکشۆپە بە هاوبەشی لەگەڵ ریکخراوی پاو لەگەڵ تۆڕی مرۆڤ بۆ پەرەپێدانی تەندروستی و کاری مرۆیی ڕێکخرا بوو. نوێنەرانی دەسەڵاتی دادوەری، پەرلەمان گشت وەزارەت و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکان نێوخۆییەکان ئامادەی ئەم وۆرکشۆپە بوون.

- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/١٩ بە بەشداری نوێنەرانی موسڵمانان، کاکەییەکان، و زەردەشتییەکان چوارەمین دایەلۆگی نێوان نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپارده نێودەوڵەتییەکان و کونسوڵخانەی گشتی بەڕیتانیا تایبەت بە ئازادییە ئاینییەکان بەڕێوەچوو. ڕێکخەری ڕاسپارده نێودەوڵەتیەکان ستایشی ڕۆڵی کارا و بەهێزی کونسولخانەی گشتی بەریتانیای کرد لەسەر ئەو ڕۆڵە بەرچاوەی هەیانه له جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ. کونسوڵی گشتی بەڕیتانیا بەڕێز دەیڤد هەنت، ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانی له بنیاتنانی ئاشتی و بەرقەرارکردنی پێکەوە ژیانی نێوان ئایینەکان بەرز نرخاند.

- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/١٩ ڕێکخەری ڕاسپارده نێودەوڵەتییەکان له چوارچێوەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، وۆرکشۆپێکی تایبەت بە ماف و ئیمتیازاتی کەسانی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ئەنجامدا، وۆرکشۆپەکە بە هاوکاری ریکخراوی (پاو) و (مەسەلە) ساز کرابوو. نوێنەرانی دەسەڵاتی دادوەری، پەرلەمان گشت وەزارەت و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کەم ئەندامانیان ئامادەبوون.

- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٢٤ ڕێکخەری ڕاسپارده نێودولەتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی خێرخوازی بارزانی و ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (PAO)، وۆرکشۆپی تایبەت بە بارودۆخی ئاوارەی ناوخۆ له کەمپەکاندا ئەنجامدا، ئەم وۆرکشۆپە بەشێکە له هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ و هەنگاوێکە بۆ وەڵامدانەوەی ڕاسپاردەکان کە ئاراستەی حکومەتی هەرێم کراون لەمبارەیەوە.

- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٨ له چوارچێوەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخەری ڕاسپارده نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی وۆرک شۆپێکی کرد کە بە هاوکاری ڕێکخراوی ستۆپ ڕێکخرابوو، وۆرکشۆپەکە تەرخان کرابوو بۆ باس کردنی جێبەجێکردنی ڕاسپارده نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە

گەندەڵی کە ئاراستەی هەرێمی کوردستان کراون، هەروەها هەڵسەنگاندن بۆ پرۆسەی چاکسازی و ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی کرا لە هەرێم.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٢٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەت و دامەزراوە حکومییەکان و سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجوومەنی دادوەری، ۆرکشۆپێکی ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی ڕا و سەرنجی دامودەزگاکان لەسەر پرۆسەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی نێو پلانی هەرێمی. دەرفەتێکی باش بوو بۆ ئاشنابوون بە تێبینی جیاواز سەبارەت بە سەرخستن و خێراکردنی پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانەکە.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٣٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەڵامی ئیمەیڵێکی کونسوڵی گشتی بەریتانیای دایەوە سەبارەت بە کەیسی مانگرتنی زیندانیان لە چاکسازی گەورانی هەولێر و ئەوەش ڕوونکرایەوە کە یونامی و خاچی سوری نێودەوڵەتی ICRC بەردەوام سەردانی گرتووخانەکان دەکەن بۆ پشکنینی دۆخی زیندانییەکان، سەردانی بەردەوامی دەزگا نێودەوڵەتییەکان بۆ بینینی 'بەندکراوانی دۆهوک' بۆتە جێگای نیگەرانی و تورەیی زیندانییەکانی دیکەی و پێیان وایە ئەوان پشتگوێ خراون بەتەنیا سەرنج لەسەر بەشێک لە زیندانییەکانە. هەرچەندە ڕێکارەکان وادەخوازن کە پێویستە پێشوەختە ئاگادارکردنەوە هەبێت بۆ مەبەستی سەردانیکردنی زیندانیان بەڵام داواکاری ڕێکخراوە پەیوەندیدارە نێودەوڵەتییەکان ڕەت نەکراونەتەوە مەگەر داواکارییەکان هاوکات بن لەگەڵ خشتەی ئاسایی سەردانەکانی خێزان و کەسوکاری گیراوان. لەبارەی مانگرتنی زیندانیانیشەوە ڕوونمانکردەوە کە (ڕەمەزان ئەبولعەزیز) کە گیراوێکی بەڕەگەز ئێرانییە و بە تاوانی سیخوڕی سزا دراوە، مانگرتنی لە خواردن ڕاگەیاندووە لەبەر ئەوەی ماوەی ١٤ مانگ دەستبەسەرکردن بۆ سزاکەی هەژمار نەکراوە، بەڵام بەڕێوەبەری زیندانی چاکسازی لە ڕیکەوتی لە ١٠ی ئابی ٢٠٢٢ نامەیەکی فەرمی ئاڕاستەی دەسەڵاتی دادوەری کردووە و داوای کردووە ئەو ماوەیەی کە پێشتر باسکراوە بۆی هەژمار بکرێت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە هاوکاری دەزگای خێرخوازی بارزانی وۆرك شۆپێکی ڕاوێژکاریی ڕێکخست سەبارەت بە مافی خوێندن بەپێی ڕاسپاردەکانی پلانی هەرێمی. لەم وۆرکشۆپەدا نوێنەرانی وەزارەت و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، نووسینگەی نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یۆنامی)، یونسیف، یونسکۆ و ئاژانسی کۆچی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەبوون.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٢/١٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لە چوارچێوەی پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، مێزگردێک ئەنجامدرا بۆ مەبەستی تاوتوێکردنی ڕێکارەکانی نەهێشتنی جیاکاری و گوتاری ڕق لێبوونەوە بەپێی ڕاسپاردەکانی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ. لە مێزگردەکە نوێنەرانی دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەت، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێم، دەسەڵاتی دادوەری، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی لە کوردستان، یۆنامی، ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی، پێکهاتە ئایینەکان و ڕێکخراوەکانی

کۆمەڵگای مەدەنی ناوخۆیی و بیانی ئامادە بوون، لە وتەیەکدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان تیشکی خستە سەر ئاستی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پلانی هەرێمی و ئەو هەنگاوە کردارییانەی تا ئێستا لەو ڕووەوە نران و ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی دام و دەزگاکانی حکومەت دەبنەوە، لە کۆتایی مێزگردەکە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە پێشنیاری خۆیان خستەڕوو بۆ ئامادەکرنی ڕێکارە پێویستەکانی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە پێکەوەژیان و نەهێشتنی گوتاری توندوتیژی و ڕق لێبوونەوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٣/٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی مێزگردێکی کرد سەبارەت بە (مافی ژیان لە ژینگەیەکی خاوێندا) لە چوارچێوەی ڕاسپاردەکانی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، لەم مێزگەردەدا کە بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگای خێرخوازی بارزانی ئەنجامدرا، بەڕێزان عبدالرحمن صدیق سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازی بارزانی، نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان، وەزارەت و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکان ئامادەبوون. ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تیشکی خستە سەر گرنگی پاراستنی ژینگە و ئەو ڕاسپاردانەی لەو بارەوە ئاراستەی حکومەتی هەرێم کراون، لەم ڕووەوە لە ساڵانی ڕابردوو هەرێمی کوردستان ژمارەیەک لەو ڕاسپاردانە جێبەجێکراون و بەشێکیان لە پرۆسەی جێبەجێکردندان، هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە بە هۆی هێرشی تیرۆریستانی داعش و ئەو شەڕانەی لە ساڵانی ڕابردووە لەسەر خاکی کوردستان ئەنجامدراون، بە هەزاران مین و تەقەمەنی لە هەرێمی کوردستان چێندراون ئەمەش مەترسییەکی زۆری بۆ سەر گیانی هاووڵاتیان و ژینگەی کوردستان درووست کردووە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٣/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە میانەی هەماهەنگی نێوان نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و پەیمانگای قورتوبە بۆ ئاشتی - جنێف و لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدراڵی بەشداری کرد لە مەراسیمی کۆتایی هاتنی خولی ڕاهێنان کە بۆ (٢٥) ئەفسەر و پلەداری وەزارەتی پێشمەرگە تایبەت بە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی ڕێکخرابوو، مەراسیمەکە لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەنجامدرا. یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی یەکێکە لە بەشەکانی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئێستا لە قۆناغی جێبەجێکردندایە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە کۆنفرانسی برەودان بە مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و باشترکردنی بارودۆخی ڕاگیراوان و نەهێشتنی ئەشکەنجەدان کە لە لایەن ڕێکخراوی پاو، ڕێکخراوی هاریکاری گەلی نەرویجی و ڕێکخراوی لێکۆڵەر بە پاڵپشتی دارایی یەکێتی ئەوروپا لەشاری سلێمانی ئەنجامدرا، نوێنەرانی سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی عێراق، بەرپرسی مافی مرۆڤ لە یۆنامی، دەسەڵاتی دادوەری هەرێم و عێراق و ژمارەیەک پەرلەمانتار و دادوەر و لایەنی پەیوندیدار ئامادە بوون، لە کۆنفرانسەکەدا تیشک خرا سەر هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم لەو سێ تەوەرە لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئەوەشیان خستە ڕوو کە حکوومەتی هەرێم گرنگی بە پاراستنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ دەدات، لە کۆتای کۆنفرانسەکەدا یاداشتنامەیەک واژووکرا بە مەبەستی برەودان بەو بەرنامەیەی کە ئەو سێ تەوەرە

لەخۆدەگرێت و بڕیار وایە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ جێبەجێ بکریت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگای خێرخوازی بارزانیدا هەڵسا بە سازدانی یەکەمین مێزگرد دەربارەی پەسەندکردنی یاسای کار، ڕێکخستنی کرێکارانی بیانی، و دابینکردنی دەرفەتی کار بەگوێرەی ڕاسپاردەکانی پلانی هەرێمی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/١٤ بە هاوکاری ڕێکخراوی پاو و ڕێکخراوی بیمە، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان مێزگردێکی ئەنجامدا، ئەم مێزگەردە تایبەت بوو بە مافە بەهادارەکانی گەشەپێدان و نەهێشتنی هەژاری، هەریەکە لە نوێنەرانی سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی دادوەری، داواکاری گشتی بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە بوون.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٢٣ لە چوارچێوەی پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی مێزگردێکیان کرد کە بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی (PFO) و ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (PAO) بۆ تاوتوێ کردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت مافە مەدەنی و سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان ڕێکیان خستبوو و تێیدا نوێنەرانی سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمانی کوردستان، دەسەڵاتی دادوەری، وەزارەت و دام دەزگا پەیوەندیدارەکان، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئامادە بوون، لەم مێزەگەردەدا باس لەو تەحەدیات و ئاستەنگانە کرا کە ڕووبەڕووی حکومەت دەبنەوە بۆ فەراهەم کردنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، هەروەها تیشک خرایە سەر هەوڵەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم بۆ پابەندبوون بە جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە بارەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٢٥ لە چوارچێوەی پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی مێزگردێکیان کرد کە بە هاوبەشی چوارچێوەی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ بە هاوکاری ڕێکخراوی لێکۆڵەر بۆ سەروەری یاسا، تۆڕی دادپەروەری بەندییەکان و ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی ئەنجامدرا، مێزگردەکە بۆ باسکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە بەڕێوبردنی چاکسازییەکان و بنکەکانی ڕاگیراوان بوو، لەم میزگردەدا نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان، دەسەڵاتی دادوەری، وەزارەت و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان، و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئامادە بوون، تیشک خرایە سەر گرنگیدانی حکومەتی هەرێم بە باشتر کردنی ڕەوشی چاکسازییەکان و بنکەکانی ڕاگرتن و پاراستنی مافی سزادراو و ڕاگیراوان بەپێی ئەو ڕاسپاردانەی کە ئاڕاستەی حکومەتی هەرێم کراون.

- لە چوارچێوەی پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/١ نووسینگەی ڕێکخەری راسپارە نێودەوڵەتییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگای خێرخوازی بارزانی، ڕێکخراوی پاو،

دەزگای روناهی و تۆڕی عێراق بۆ مافەکانی منداڵان وۆرکشۆپێکی ئەنجامدا، بۆ باسکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە مافەکانی منداڵان و نوێنەرانی سەرۆکایەتی هەرێم، رێکخراوی یونیسف، دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئامادە بوون، تیشک خرایە سەر کار و هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ باشتر کردنی ڕەوشی منداڵان لە بوارەکانی یاسایی، تەندروستی،پەروەردە و خوێندن، دامەزراندنی ئەنجوومەنی باڵای مافەکانی منداڵ، ڕزگارکردنی منداڵانی ڕفێندراوی ئێزیدی، یارمەتیدانی منداڵانی ئاوارە و پەنابەر لە هەرێم و چەندین بواری دیکە، لە هەمان کاتدا تیشک خرایە سەر ئەو تەحەدیاتانەی ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێم دەبنەوە.

- لە چوارچێوەی پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/٧ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە هاوکاری ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (PAO)، ڕێکخراوی لێکۆڵینەوە و زانیارییەکانی جێندەر و ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەتان وۆرکشۆپێکیان ڕێکخست بۆ باسکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە یەکسانی جێندەری و مافەکانی ئافرەتان، لەم وۆرکشۆپەدا کە نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان، دەسەڵاتی دادوەری، وەزارەت و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئامادەی بوون، تیشک خرایە سەر دوایین هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردە نێودەوڵەتییانەی کە پەیوەندیدارن بە مافەکانی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/٢٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی مێزگردێکی تایبەتیان کرد بۆ بونیادنانی توانای دادوەر و لێکوڵەرانی دادی لە هەرێم و تاوتوێ کردنی ژمارەیەک یاسای هەرێمی کوردستان، مێزگردەکە بە هاوکاری رێکخراوی یەکتر قبوڵ کردن (AOO) ئەنجامدرا، نوێنەرانی هەر یەکە لە سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم، بریکاری وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی، نوێنەری نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق یۆنامی وژمارەیەک لە دادوەر و لێکۆڵەران ئامادەبوون، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تیشکیان خستە سەر ئەوەی کە بابەتی دەرچوواندن و هەمموارکردنی یاساکان فراوان و گشتگیرە و زۆربەی بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، بویە پێویستە هەموو لایەک هەوڵەکانیان یەک بخەن بۆ ئەوەی یاساکان لەگەڵ ڕێکەوتننامە نێودوڵەتییەکان بگونجێن، هەروەها لە مێزگەردەکە باس لەو راسپاردانە کرا کە تا ئێستا جێبەجێکراون و ئەو ڕاسپاردانەش کە کاریان لەسەر دەکرێت بۆ جێبەجیکردنیان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/٢٦ لە ڕۆژی جیهانی پاڵپشتی کردن لە قوربانیانی ئەشکەنجەدان ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (PAO )، ڕێکخراوی هاریکاری گەلی نەرویجی (NPA) و ڕێکخراوی لێکۆڵەر بۆ سەروەری یاسا (IOL)، بە پاڵپشتی دارایی یەکێتی ئەوروپا (EU) لە چوارچێوەی پرۆگرامی برەودان بە مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە، مەراسیمێکیان ڕێکخست، لە مەراسیمەکەدا کە نوێنەرانی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم، یۆنامی و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئامادەی بوون، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە کابینەی نۆیەمی

حکومەتی هەرێم کار دەکات بۆ چەسپاندنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەوانەش پاراستنی مافی گیراوان ، لەلایەکی دیکەوە باس لە گرنگی ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری کرا لە پەلە کردن لە یەکلایی کردنەوەی کەیسەکان، چونکە ئەرکی حکومەتە بڕیار و فەرمانەکانی دادگاکان جێبەجێ بکات، هەروەها باس لەوە کرا کە پێویستە دەسەڵاتەکان هەماهەنگی زیاتریان هەبێت بۆ ئەوەی پرۆسەی دادگایی کردن شەفاف و خێرا بێت و سزا دراو و ڕاگیراوان گشت مافەکانیان پارێزراو بێت.

- لە چوارچێوەی پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ ٥ی تەمموزی ٢٠٢٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی مێزگردێکی کرد بۆ باسکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە ئازادی ڕا دەربڕین لە هەرێم، بە هاوکاری نووسینگەی مافی مرۆڤی لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (یۆنامی) ئەنجامدرا. لەم مێزگردەدا کە نوێنەرانی یۆنامی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ وژمارەیەک لە دەزگاکانی راگەیاندن ئامادەی بوون، تیشک خرایەسەر پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و چوارچێوەی یاسایی، ئاڵنگارییەکان، ڕاسپاردەکانی تایبەت بە ئازادی ڕادەربڕین.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/٨ بە هاوکاری ڕێکخراوی یەکتر قبوڵکردن مێزگردی دووەمی پرۆژەی تایبەت بە بونیادنانی تواناکانی دادوەران، لێکۆڵەران لە شاری هەولێر ئەنجامدرا تایبەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر، لەم مێزگردەدا (٢١) دادوەر و لیکۆڵەری دادی بەشدار بوون و بە وردی تێبینی و سەرنجەکانی خۆیان دەربارەی هەموار کردنی یاساکانی هەرێم لە بارەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی خستەڕوو لە چوارچێوەی ڕاسپاردەکانی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/١١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە شاری سلێمانی بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابوری کوردستان (KEDO)و ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی(پاو) مێزگەردێکیان ڕێکخست بۆ تاوتوێ کردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان، نوینەرانی دامودەزگا پەیوەندارەکان، و پارێزگاری سلێمانی ئامادەی بوون تیشک خرایە سەر پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و چوارچێوەی یاسایی ئالنگاریەکان و ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەم بوارە، و باس لە گرنگیدانی حکومەتی هەرێم بە جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و پەسەند کردنی پلانەکە لە قۆناغەکانی ئامادەکردن و ئاستی جێبەجێکردنیان کرا.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/١٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە شاری هەڵەبجە و لەچوارچێوەی پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ بە هاوبەشی لەگەڵ تۆڕی ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە، ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (پاو) و کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە مێزگەردێک ئەنجام درا بۆ تاوتوێ کردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە قەرەبوو کردنەوە هەڵەبجە وەک نموونە، جێگری پارێزگاری هەڵەبجە، قائیمقایمی هەڵەبجە، نوێنەرانی فەرمانگە و دامودەزگا پەیوەندارەکانی هەڵەبجە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەشداربوون تیشک خرایەسەر

پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە قەرەبوو کردنەوە، و باس لەوە کرا کە کیمیا بارانی هەڵەبجە هاوشێوەی کارەساتی شنگال تاوانی جینۆسایدە و لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هاوشێوەی نەبووە، بۆیە شارەکە و قوربانیانی شایەنی قەرەبوو کردنەوەن، ئەمەش بە پلەی یەکەم ئەرکی حکومەتی ئیتحادی و کۆمەڵگای نێوەدوڵەتییە، هەروەها تیشک خرایە سەر میکانیزمە نێودەڵەتییەکان، لەم رووەوە پێویستە تۆمارێکی ورد و تەواویان هەبێت بۆ ئەوەی داتای تەواو لەسەر قوربانیەکان هەبێت لەوانەش منداڵانی ونبووی هەڵەبجە، بریندااران و گۆڕە بە کۆمەڵەکانی تایبەت بە قوربانیانی چەکی کیمیاوی، پێویستە هەوڵەکان لە بەغدا یەک بخرێن بۆ ئەوەی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان قوربانیانی هەڵەبجە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و حکومەتی ئیتحادی کار لەسەر زامنکردنی قەرەبوو کردنەوەیان بکرێت.

- لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی رێکەوتی ٢٠٢٣/٨/١ بە هاوکاری ڕێکخراوی یەکتر قبوڵکردن و ئاژانسی (UN WOMEN) لە هەولێر خولێکی ڕاهێنانی تایبەت بە ڕێزگرتن لە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەسەر بنەمای جێندەر لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ کارمەندان لە هەردوو ڕەگەز ئەنجامدرا.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی خولێکیان کرد تایبەت بە ڕێزگرتن لە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەسەر بنەمای جێندەر لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان، بە هاوکاری ڕێکخراوی یەکتر قبوڵکردن (AOO) ئەنجامدرا، ڕاهێنانەکە بۆ فەرمانبەرانی گشت دامودەزگاکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەولێر، دهۆک و سلێمانی ڕێکخرا بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکەی مافی مرۆڤ و یەکسانی جێندەری لە وەزارەتی ناوبراو
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٥ بە هاوکاری ڕێکخراوی یەکتر قبوڵکردن و ئاژانسی (UN WOMEN) سێیەم مێزگەردی دووەمی پرۆژەی تایبەت بە بونیادنانی تواناکانی دادوەران، لێکۆڵەران لە شاری دهۆک ئەنجامدرا تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر، لەم مێزگەردەدا (٣٠) دادوەر و لیکۆڵەری دادی بەشدار بوون و بە وردی تێبینی و سەرنجەکانی خۆیان دەربارەی هەموار کردنی یاساکانی هەرێم لە بارەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی خستەڕوو لە چوارچێوەی ڕاسپاردەکانی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ.
- لە چوارچێوەی پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ لەڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٢٩ نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان سەرپەرشتی مێزگەردێکیان کرد کە بە هاوکاری دەزگای خێرخوازی بارزانی رێکخرابوو تایبەت بە نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ. نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان، دەسەڵاتی دادوەری، سەرۆکایەتی هەرێم وەزارەت و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان و نوێنەری نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ماددەی هۆشبەر و تاوانی رێکخراو ئامادە بوون، تیشک خرایە سەر دوایین هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردە نێودەوڵەتییانەی کە پەیوەندیدارن بە نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی

بازرگانی کردن بە مرۆڤ. لە لایەکی تر باس لەو کار و چالاکیانە کرا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوو لەم بوارەدا ئەنجامی داون، لەوانە لێکۆڵینەوە لەگەڵ (٣٤٠) کۆمپانیا و ئیحالەکردنی (٢٩) کۆمپانیا بۆ دادگا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٣١ نوێنەری نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە شاری بەغدا لە وۆرکشۆپێکی ڕاوێژکاریی تایبەت بە چوونی عێراق بۆ نێو پرۆتۆکۆلی سەرپشکی ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نامرۆڤانە و نەشیاو بەژداربوون، وۆرکشۆپەکە لەلایەن ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (پاو) ڕێکخرا بوو، باس لە سەر گرنگی چوونی عێراق بۆ نێو پرۆتۆکۆلەکە کرا، ڕاسپاردەکانی تایبەت بە بابەتی ئەشکەنجەدان و ئاستی جێبەجێکردنیان لە چوارچێوەی پلانی نیشتمانی حکومەتی فیدراڵی و پلانی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ کرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/١٤ لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان مێزگردێکی ئەنجامدا، چۆنیەتی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا و زانیاری خرایەڕوو، ودوایین هەنگاو و بەرەوپێشچوونی ڕاسپاردەکانی ناو پلانەکە کرا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری مێزگردێکی تایبەت بە باسکردنی پێکەوە ژیانی پێکهاتەکان کە لەلایەن ڕێکخراوی سیید و کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هەولێر سازکرابوو، تیشک خرا سەر گرتنەبەری ڕێبازی پێکەوە کارکردن بۆ ڕووبەڕووبەنەوەی لێکدابڕانی کۆمەڵگە هەروەها باسی هەوڵە سەرکەوتوەکانی هەرێمی کوردستان کرا بۆ بەرەوپێشبردنی پێکەوەبوون و ژیانکردنی پێکهاتە جیاوازەکان.

- لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ (٢٠٢١-٢٠٢٥) نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی یەکتر قەبوڵکردن (AOO) (Un Women) ووركشۆپیکیان ڕێک خشت بۆ بەرزکردنەوەی توانای ئەفسەران لە بواری ئەمنی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی جێندەری و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان. و ئەفسەرانی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ بەهێزکردنی بەشی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی ئاکادیمی لە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان و کۆنترۆڵ کردنی ڕەفتاری توندوتیژ لەگەڵ تاکەکان لەناو کۆمەڵگا، بە ئامادە بوونی (٤٠) ئەفسەری دەروازە سنوورییەکان، (ئاسایشی گشتی/ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، بەشی یاسایی)، (ئاسایشی هەولێر/ ئەفسەرانی بەشی جموجول، بەشی تیرۆر، بەشی ئابووری و بەشی زیندان)، هەروەها ئەفسەرانی پلەبەرزی وەزارەتی پێشمەرگە/ بەشی ڕاگەیاندن، بەشی یاسایی و لیواکان، بەم شێوازەی لای خوارەوە:

- تیمی یەکەم: ١١- ٢٠٢٣/١١/١٢ بە ئامادەبوونی ئەفسەرانی لایەنی ئەمنی لە دەروازە سنووریەکانی ئیبراهیم خەلیل.
- تیمی دووەم: ١٣- ١٤/ ١١/ ٢٠٢٣ بە ئامادەبوونی ئەفسەرانی ئاسایشی گشتی و ئاسایشی هەولێر.
- تیمی سێیەم: ١٥ - ٢٠٢٣/١١/١٦ بە ئامادەبوونی ئەفسەرانی پلە باڵای وەزارەتی پێشمەرگە.

- له چوارچێوەی هەنگاوەکانی جێبەجێ کردنی پلانی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/١٦ نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی وۆرکشۆپێکی کرد کە بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (پاو) نووسینگەی مافەکانی مرۆڤ لە ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یۆنامی) ئەنجامدرا، تایبەت بوو بە ڕاسپاردەکانی مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و سەربەخۆیی دادگاکان لە هەرێم، کە ژمارەیک دادوەر و لێکۆڵەری دادوەر و پارێزەر ئامادە بوون.

- له چوارچێوەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی حکوومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٢٧ لە دهۆک، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی وۆرکشۆپێکیان کرد بۆ باسکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە هەرێم بە هاوکاری ڕێکخراوەکانی فریاکەوتنی میللی (PAO) و ڕێکخراوی پرۆژە بچووکەکانی زاخۆ (ZSVP) ئەنجامدرا، ژمارەیەک لە نوێنەرانی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان و دام دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی سنووری دهۆک ئامادەبوون، تیشکی خرایە سەر هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ئاشتەوایی و جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی و هەوڵەکانی گەڕانەوەی ئێزیدییەکان بۆ سەر زێدی خۆیان و ڕۆڵی یۆنامی و پرۆسەی دادپەروەری ڕاگوزەر بۆ قوربانیانی جینۆساید.

- له چوارچێوەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ (٢٠٢١-٢٠٢٥) نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکەوتی ٥-١٢-٢٠٢٣ بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی (یەکتر قبوڵ کردن- AOO) کۆنفرانسی (لە هۆشیارییەوە بۆ پاڵپشتی و برەودان بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی جێندەری لە هەرێمی کوردستان) ئەنجامدرا، لە کۆنفرانسەکەدا کە نوێنەرانی دەسەڵاتی دادوەری، داواکاری گشتی، باڵیۆزی ئیتاڵیا لە عێراق، نەتەوە یەکگرتووەکان، دام و دەزگاکانی هەرێمی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئەکادیمیست ئامادە بوون، تیشک خرایە سەر گرنگیدانی حکومەتی هەرێم بۆ پاراستن و بەرگری کردن لە مافەکانی ئافرەتان و بنیاتنانی تواناکانیان لە گشت بوارەکاندا کە بەشێکە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

- له چوارچێوەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ (٢٠٢١-٢٠٢٥) ڕێکەوتی ١٣ی کانونی یەکەم ٢٠٢٣ بە هاوکاری ڕێکخراوی میللی (پاو) نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی وۆرکشۆپێکیان کرد تایبەت بە ڕاسپاردەکانی بەرەنگاربونەوەی تیرۆر و بارودۆخی چاکسازییەکان کە تیایدا نوێنەرانی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجومەنی دادوەری، داواکاری گشتی، دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئامادە بوون، تیشک خرایە سەر ئەو هەنگاوانەی کە لە لایەن حکوومەتی هەرێمەوە نراون لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و چوونیەتی باشترکردنی ڕەوشی چاکسازییەکان لە هەرێمی کوردستان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٣٠ لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی نۆڵج سیمینارێک لەژێر ناونیشانی (پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ) ئەنجامدرا, مامۆستایانی زانکۆ و میوانان و ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی بەشی زانستە سیاسییەکان و بەشی یاسا ئامادەی سیمینارەکە بوون. کورتەیەک لە مێژووی حکومەتی هەرێم لەبارەی هەماهەنگی و هاوکاری نێودەوڵەتی خرایەڕوو و تیشک خرایە سەر ناوەرۆکی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٤/١٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە دیدارێک بە ناونیشانی جینۆسایدی کورد دەرفەتەکانی ناساندن و قەرەبوو کردنەوەی قوربانییان، دیدارەکە بەبۆنەی (٣٥) ەمین ساڵیادی شاڵاوەکانی ئەنفال کردنی گەلی کوردستان بوو لەلایەن وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێم ساز کرابوو. کوردستان بە گشت پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانییەوە گەورەترین قوربانی بێسەروشوێن کردنی زۆرەملێ بووە، وەک بێسەروشوێنکردنی کوردە فەیلییەکان لە نێوان ساڵانی (١٩٨٠- ١٩٩٠)و ئەنفال کردنی هەشت هەزار بارزانی و (١٨٢) هەزار کەس لە گەرمیان و بادینان، هەروەها لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە بە هەزاران هاووڵاتی کوردی ئێزیدی و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان بێسەروشوێنکران، کە تا ئێستاش چارەنووسی زۆریان دیار نییە، ئەمەش درێژەپێدەری هەوڵەکانی تری بێیەروشوێنکردنی گەلی کوردستانە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/٤ لە چوارچێوەی هەوڵەکانی جێبەجێکردنی پلانی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە وۆرکشۆپێک کە بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی و راوێژکاریەتی ئاسایشی نیشتمانی عێراق ئەنجام درا سەبارەت بە دانانی سیاسەتێک بۆ بەڕێوەبردنی چاکسازییەکان، باس لە مافی گیراوان بە سزادراوان و مامەڵەکردن لەگەڵیان و قەرەباڵغی زیندانەکان لەو بابەتانەن کە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و لیژنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگییان پێدەدەن و زۆرجار لە ڕاپۆرتی وڵاتاندا قەرەباڵغی زیندانەکان وەک جۆرێک لە ئەشکەنجەدان وەسف دەکەن، سەرەڕای ئەو تەحەددایە زۆر و بارودۆخە ئابورییە سەختانەی کە هەرێم پێیدا تێدەپەڕێت، حکومەتی هەرێم هەنگاوی زۆری لەو بوارەدا ناوە، جگە لە دەرکردنی یاسا و ڕێنمایی و هەنگاوی کردەیی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/٦ لە بەردەوامی هەماهەنگیەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و تیمی یونیتاد ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداریان کرد لە وۆرکشۆپێکی تایبەت بە خاپوورکردنی شوێنەواری کەلەپووری و ئایینی لەلایەن داعش لە عێراق و وتاری دەستپێکمان پێشکەش کرد، هەروەها تیشک خرایە سەر هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو شوێنەوارانە و پاراستنیان لە دووبارە خاپووکردنەوەیان، هەروەها گرنگی دادگاییکردنی تۆمەتباران بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتیەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/٢٠ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان سەرپەرشتی دووەمین مێزگردی تایبەت بە توندوتیژی ڕەگەزی لە کاتی ململانێکاندا و ڕێزگرتن لەیاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و مافەکانی مرۆڤ پەیوەندیدار

بە ڕزگاربووانی تاوانەکانی داعشی کرد. تیایدا لایەنەکان لە حکومەتی هەرێم و لایەنی نێودەوڵەتی لە دیپلۆماتەکان و نوێنەرانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەشداربوون سەرنجی خۆیان خستەڕوو، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە لایەن خۆیانەوە تیشکیان خستەسەر پابەندی حکومەتی هەرێم بە بنەمای یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و بەدەستهێنانی دادپەروەری بۆ قوربانیانی تاوانەکانی داعش.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/٢٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان بەشداریان کرد لە وۆرکشۆپێک دەربارەی کەیسی بێسەروشوێنبووان کە لەلایەن لیژنەی نێودەوڵەتی بێسەروشوێنبووان (ICMP) ڕێکخرابوو، بەڕێزان د. هیشام عەلەوی بریکاری وەزارەتی دەرەوە بو پلاندانانی سیاسی، د. زێدان خەلەف ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی عێراق بو مافی مرۆڤ و ژمارەیەک ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی و ژمارەیەک ڕێکخراوی ناوخۆیی و لۆکاڵی ئامادەبوون، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وتارێکیان پێشکەش کرد و تێیدا تیشک خرایە سەر ئەوەی کە گەلی کوردستان بە گشت پێکهاتەکانی گەورەترین قوربانی تاوانی بێسەروشوێنکردن بووە لە هەڵمەتەکانی ئەنفال و هەڵەبجەوە تا دەگاتە هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش، ئەوەش خرایە ڕوو کە بە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم توانراوە هەزاران رفێندراو ڕزگار بکرێن و دوای ڕزگار کردنیان لە زۆر ڕووەوە یارمەتیدراون.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/٢٢ لە چوارچێوەی پرۆسەی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان سەرپەرشتی وۆرکشۆپێکیان کرد بۆ باسکردنی ڕاسپاردەکانی تایبەت بە ئازادی ڕا دەربڕین لە هەرێم.، وۆرکشۆپەکە بە هاوکاری نووسینگەی مافی مرۆڤی لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (یۆنامی) ئەنجامدرا، لەم وۆرکشۆپەدا کە نوێنەرانی یۆنامی, دامودەزگا پەیوەندیدارەکان، دەزگائەمنیەکان، وژمارەیەک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادەی بوون، تیشکە خرایە سەر پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و چوارچێوەی یاسایی، ئاڵنگارییەکان، ڕاسپاردەکانی تایبەت بە ئازادی ڕادەربڕین.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٦/١٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە مێزگردێکدا دەربارەی مافی دووبارە شیاندنەوەی ڕزگاربووان لە پێشێلکارییە گەورەکانی مافی مرۆڤ کە بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی ژیان، هاوپەیمانی قەرەبووی دادپەروەرانە، سەنتەری نێودەوڵەتی تەندروستی و مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM) بەڕێوەچوو، لە مێزگردەکەدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تیشکیان خستە سەرهەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ڕزگارکردنی رفێندراوان و پێشکەش کردنی یارمەتی تەندروستی و دەروونی وەک رزگارکردنی (٣٥٧٦) رفێندراو تا ئێستا، کردنەوەی پەیمانگای چارەسەری دەروونی لە زانکۆی دهۆک دامەزراند، کە (٦٨) تێیدا دەرچوون ئێستا لە چوارچێوەی کەمپەکانی ئاوارەکاندا پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکەن، ناردنی زیاتر لە (١٠٠٠) رزگار بوو بۆ ئەڵمانیا بە مەبەستی چارەسەری دەروونی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/٢٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداربوو لە وۆرکشۆپێکی تایبەت بە هەماهەنگی دادوەری لەگەڵ وڵاتانی سێیەم و داواکاری هاریکاری، کە لەلایەن نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) بە هاوکاری لیژنەی هەماهەنگی نیشتیمانی (NCC) و ئۆفیسی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕێکخرابوو، لە وتاری دەستپێکی وۆرکشۆپەکەدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەیکرد بە پێزانین و ستایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەوڵەکانی یونیتاد و سەرکەوتنیان لە ئەرکەکەیاندا لە ماوەی چەند سالی ڕابردوو، هەروەها پابەندبوونی حکومەتی هەرێم بە هەوڵەکانی بەدیهێنانی دادپەروەری بەرامبەر تاوانەکانی داعش و بە بەڵگەنامەکردنی تاوانەکان و هەماهەنگییە نێودەوڵەتییەکان، ئامانجی سەرەکی وۆرکشۆپەکە دانانی پلان و میکانیزمێک بوو بۆ بەردەوامبوونی هەوڵەکان لە لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی داعش لە دوای کۆتایی هاتنی ئەرکی یونیتاد لە ئەیلولی ئەمساڵدا، لە ڕێگای لایەنەکان و دەسەڵاتەکانی دادوەری حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان.

چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی

- کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم لەبارەی هەماهەنگی لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە تیمی نیشتمانی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان، مامەڵە کردن لەگەڵ تیمی (یۆنیتاد)، چارەنووسی شوێنبزربووان و ئەو ڕێککەوتننامانەی کە عێراق ئەندامە تێیدا.

- کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەسەر دوایین داتا و زانیاری لە بارەی دۆکیومێنتکردنی کەیسی دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتانی (ئێزیدی، کریستیان، تورکمان و شەبەک) بۆ دادگاییکردن، و دواین داتا و زانیاری لەبارەی پێشمەرگەکانی کەمئەندام لە شەڕی داعش وبەشداری ئافرەتان لە بواری سیاسی و هەنگاوەکانی تر کە بۆ خزمەتکردنی زیاتری ئافرەتان نراون و چەندین بابەتی تر.

- کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤ کە زانیاری و داتای تایبەت بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ و پێشخستنیان لە هەرێمی کوردستان خستەروو.

- لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی نۆڵج سیمینارێک لەژێر ناونیشانی (پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ) ئەنجامدا, مامۆستایانی زانکۆ و میوانان و ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی بەشی زانستە سیاسییەکان و بەشی یاسا ئامادەی سیمینارەکە بوون. لە سیمینارەکەدا کورتەیەکیان لە مێژووی حکومەتی هەرێم لەبارەی هەماهەنگی و هاوکاری نێودەوڵەتی خستەڕوو و تیشک خرایە سەر ناوەرۆکی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، هەروەها مەبەست و ئامانجەکانی پلانەکە خرایە ڕوو.

- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە کۆنفرانسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یادی ١٢٥ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا کە کۆنفرانسێکی لەژێر ناونیشانی (میدیای کوردی قۆناغ و بەرپرسیارێتی) ڕێکخست. سەرەتا د. سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن وتارێکی پێشکەشکرد، لە بەشی دووەمی کۆنفرانسەکە کە تەرخانکرابوو بۆ کاریگەری ڕاگەیاندن و تێڕوانینی ڕێکخراو و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وتارێکیان پێشکەشکرد و تیشکیان خستە سەر ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکان و باسیان لەو ڕاسپاردە نێودەوڵەتیانە کرد کە لە چوارچێوەی پلانی هەرێمیدا هاتووە و تایبەتن بە کاری ڕاگەیاندن و ئازادی ڕادەربڕین.

- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری لە کۆنفرانسێکی ئۆنلاینی ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی کرد، تایبەت بوو بە بواری گرتووخانە چاکسازییەکان، و پێشکەشکردنی ووتەیەک لە دەستپێکێکی لە کۆنفرانەسەکەدا، هەروەها ئاماژەی بە ڕۆڵی مرۆیی خاچی سووری نێودەوڵەتی کرد و قوربانیانی مادده هۆشبەر تەوەری سەرەکی گفتوگۆکان بوو.

- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە هاوکاری ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و ڕێکخراوی دیدار، کۆنفرانسێکی ساز کرد بە ناونیشانی پاراستنی کەلتوور و ڕۆڵی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ لە پاراستنی کەلتووری پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان, لە کۆنفرانسەکەدا هەریەکە لە بەڕێزان د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی، ئایدن مەعروف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان ئامادەبوون، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وتارێکی پێشکەش کرد و تێیدا تیشکی خستە سەر رەوشی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە هەرێم و ڕۆڵی حکومەت لە پاراستنی مافەکانیان, یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی نێو پلانەکە و لە کۆی (١٩) ڕاسپاردەی نێودەوڵەتی کە ئاراستەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی سەبارەت بە مافی پێکهاتەکان کراوە (١٤) ڕاسپاردە جێبەجێکراون و ئەوانی تریش کار لەسەر جێبەجێ کردنیان دەکرێت.

- لە چوارچێوەی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ، بە سەرپەرشتی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم کۆنفرانسێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکەرە عەقڵییەکان بەڕێوەچوو، لەم کۆنفرانسەدا نوێنەری سەرۆک وەزیرانی عێراقی محمد شیاع سودانی و ژمارەیەک لە وەزیرەکانی حکومەتی ئیتحادی و وەزیرە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم، دەسەڵاتی دادوەری، پارێزگارەکان، کونسوڵی گشتی وڵاتان، ئاژانسەکانی (UN) و ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان ئامادەی بوون، لە وتەی کردنەوەی کۆنفرانسەکەدا ئاماژە بە مەترسییە هەمەلایەنەکانی ماددەی هۆشبەر درا لەسەر گشت کایەکانی کۆمەڵگا ، و گرنگی هەماهەنگی هەمەلایەنە بۆ بەرەنگاربوونەوەی، باس لەوەش کرا پێویستە لایەنە ئاژانسەکانی (UN) و نێودەوڵەتییەکان یارمەتی حکومەتی هەرێم بدەن لەسەر ئاستە جیاوازەکان بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی ماددەی هۆشبەر.

- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداربوو لە کۆنفرانسی خستنەڕووی بەربەستەکانی بەردەم کۆمەڵگەی ئێزیدییەکان لە هەرێم و جیهان، تیشکخرایە سەر ئەو نەهامەتییانەی کە بەسەر برا ئێزیدییە کوردەکاندا هات لە دەرئەنجامی هێرشە دڕندانەکانی داعش بۆ سەر ناوچەکانیان و تاوتوێی قەرەبووکردنەوە و ڕەواندنەوەی خەمەکانیان کرا، لە ڕێکخەر ئاماژەی بە گرنگی جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی شنگال کرد، باسی لەوە کرد کە حکومەتی فیدراڵ کەمتەرخەم بووە لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە، گەر بێت و جێبەجێبکرێت ئەوا دەبێتە نموونەیەکی باش بۆ هەماهەنگی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم لە بەڕێوەبردنی ناوچە سنوورییەکان.

- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشدار بوو لە کۆنفرانسێکدا دەربارەی ''قەرەبووکردنەوە لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان''، باس لەو هەنگاوانە کرا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناوییەتی بۆ قەرەبووکردنەوەی خانمە زیان لێکەوتووەکان لە دوای جەنگ، و داکۆکی کرد لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی زیاتر بۆ قەرەبووکردنەوەی خانمە ئێزدییەکان.

- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە دووەمین کۆنفرانسی پلانی نیشتمانی مافی مرۆڤ لە بەغدا بەشداربوو شانبەشانی بەرپرسانی فیدراڵی، بە ئامادەبوونی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ محمد شیاع سوودانی، ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەرانی، گوتاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێشکەش کرد و تێیدا تیشک خرایە سەر هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ . وحکومەتی هەرێمی کوردستان کار دەکات بۆ پاراستن و بەرەوپێشبردنی رەوشی مافەکانی مرۆڤ و ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە دەستووردا هاتووە. پلانی حکومەتی هەرێم بۆ مافەکانی مرۆڤ ٢٠٢١-٢٠٢٥ بەشێکە لە میکانیزمێکی نیشتمانی بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان، دوای ئەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢١ پلانەکەی پەسەند کرد، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تا ئێستا ٥ ڕاپۆرتی لەسەر جێبەجێکردنی پلانەکە ئامادە کردووە و نزیکەی (٦٠) وۆرک شۆپ و (٤٠) کۆبوونەوە و سەردانی مەیدانی ئەنجامدا بۆ پێناسەکردنی پلانەکە.

- وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە هاوکاری ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و ڕێکخراوی دیدار، کۆنفرانسێکی ساز کرد بە ناونیشانی پاراستنی کەلتوور و ڕۆلی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ لە پاراستنی کەلتووری پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان, لە کۆنفرانسەکەدا هەریەکە لە بەڕێزان د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی، ئایدن مەعروف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان ئامادەبوون، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم وتارێکی پێشکەش کرد و تیشک خرایە سەر رەوشی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە هەرێم و ڕۆلی حکومەتی هەرێمی لە پاراستنی مافەکانیان, یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی نێو پلانەکە و لە کۆی (١٩) ڕاسپاردەی نێودەوڵەتی کە ئاراستەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی سەبارەت بە مافی پێکهاتەکان (١٤) ڕاسپاردە جێبەجێکراون و ئەوانی تریش کار لەسەر جێبەجێ کردنیان کرا.

- (دیداری تایبەت بە میکانیزمی کارا بۆ جێبەجیکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ٢٠٢٠) لەلایەن نووسینگەی ڕێکخەرەوە ڕێکخرابوو، بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بە بەشداری میوانان لە حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و قونسڵ و دبلۆماتکاران و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەرێوەچوو.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٢٦ کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیمان ئەنجامدا تایبەت بە چەند پرسێکی هەنووکەیی کە پەیوەندییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە:

- ڕاپۆرتی بڕیاردەری نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە نێو ئاوارە نێوخۆییەکان.
- ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان و جیهان.
- چەند کەیسێکی تایبەتی رۆژنامەنووسان لە دوای رێکارەکانی حکومەتی هەرێم بۆ رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا.
- قەبارەی ئەو هاوکارییانەی پێشکەش بە هەرێم و عێراق کراون بۆ رووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا.
- ڕاپۆرتی رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ سەبارەت بە سزای لەسێدارەدان.
- بوونی ئەندامی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لیژنەی هەماهەنگی لەگەڵ تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکانی داعش بە سەرۆکایەتی کەریم ئەحمەد خان.
- کەمکردنەوەی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان و نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەنابەر و ئاوارە ناوخۆییەکان و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١١ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیمان بەست، کە تێیدا نوێنەری میدیایەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان و نێردە دیبلۆماسیەکان و ڕێکخراوەکان، ئامادەبوونیان هەبوو. چەند زانیاریەکی تازەمان سەبارەت بە گیراوانی داعش، بۆردوومانی سنووری، ڕەوشی پەنابەران و ئاواران، تیرۆر، ئازادی ئایینی، و هتد خستەڕوو.

- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئەنجامدا. نوێنەرانی دیبلۆماسی، ڕێکخراوەکان، یوئێن ئامادەی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکە بوون. ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تیشکی خستەسەر شرۆڤەکردنی ناوەڕۆکی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە هەرێم، لەوانەش ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر مافی مرۆڤ و ئازادییە ئایینیەکان، و چەند ڕاپۆرتێکی تری پەیوەندیدار.

- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێز دکتۆر جووتیار عادل وتەبێژی حکومەتی هەرێم، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئەنجامدا. جەخت لەوە کرایەوە کە هەرێمی کوردستان هەنگاوی زۆر باشی لەگەڵ تیمی یونیتاد، ئەنجوومەنی ئاسایش و نەتەوەیەکگرتووەکان هاوێشتووە لەسەر پرسی بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی داعش. هاوکات، ئاماژە درا بە ڕۆڵی لیژنەی باڵای بە جینۆساید بۆ ناساندنی تاوانەکانی داعش و پەرلەمان و دامەزراوەکانی تر لە داڕشتنی پڕۆژە یاسای دادگاییکردنی داعش لەژێر ڕۆشنایی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.

- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دیمانەیەکی ئەنجامدا لەگەڵ کەناڵی ڕووداو سەبارەت بە درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی داعش (یونیتاد) لە عێراق، لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، تیشک خرایە سەر هەنگاو و هەماهەنگی حکومەتی هەرێم لەگەڵ تیمی ناوبراو بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی پێویست بە مەبەستی دادگایی کردنی تاوانباران لە دادگای ناوخۆیی و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان.
- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دیمانەیەکی لەگەڵ کەناڵی (PBS)ی پەخشی گشتی ئەمریکا ئەنجامدا، تایبەت بوو بە دیاردەی کۆچکردنی هاولاتیان بۆ سنووری نێوان بێلاروسیا و پۆڵەندا، دیاردەی کۆچ دیاردەیەکی جیهانیە و کۆچبەران بوونەتە قوربانی دەستی قاچاغچیان لەم ڕووداوانە.
- لە ڕوونکردنەوەی چەند سەرنجێک بۆ کەناڵی (فۆنێکس نیوز) سەبارەت بە لێشاوی کۆچکردن بۆ سنووری نێوان بێلاروسیا و پۆڵەندا، جەخت لەوە کرا کە کۆچکردن ئێستا قەیرانێکی جیهانییە و کۆچبەران بوونەتە قوربانی ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە و بازرگانانی سیاسی و قاچاغچیەکان.
- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بەست کە تێیدا تیشک خرایە سەر چەند ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتی، لە بارەی (کردەوە تیرۆرستەکانی داعش لە ساڵی ٢٠٢١ لە عێراق، پێکدادان و بۆردوومانە سنوورییەکان، مافی ئازادی ڕادەربڕین و سەربەخۆیی دادگاکان) بوون.
- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان چاوپێکەوتنێکی ئەنجام دا، تایبەت بوو بە بەشداریکردنی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچیوەی شاندی عێراق لە کۆبوونەوەی رەهەندە داراییەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش کردووە.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/١٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان چاوپێکەوتنێکی ئەنجام دا، لەگەڵ کەناڵی ڕووداو تایبەت بە پلانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە گرتووخانەی چاکسازییەکان.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٢٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵی(K٢٤) لە شاری جنێف، ئەنجام دا، سەبارەت بە بەشداری کردنی لە گفتوگۆکانی لیژنەی نەتەوەیەکگرتووەکانی تایبەت بە ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی ئەشکەنجەدان.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٢٠لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە بەدواداچوونی حکومەتی هەرێم بۆ ئەو دۆسیانەی لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هاتوونە خستەڕوو.

- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/١٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دیمانەیەکی لەگەڵ بەشی ئینگلیزی فەرمانگەی میدیا و زانیاری حکومەتی هەرێم ئەنجامدا سەبارەت بە جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و دەستپێکردنی هەڵمەتی راگەیاندن لە میدیاکان لە بارەی پلانەکە. ئامانج لێی گەیاندنی پەیامی حکومەتی هەرێم و جدیەتی لە جێبەجێکردنی پلانەکە بە لایەنە نێودەوڵەتییەکان، نوێنەران و کونسوڵگەری وڵاتان، ڕێکخراوە بیانییەکان. هەروەها هەنگاوەکانی جێبەجێکردن و لایەنە کرنگەکانی نێو پلانەکە خرایەڕوو، هەروەها تیشک خرایە سەر ئاڵنگارییەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پلانەکە و ئەو گۆڕانکاریانەی لە ئەنجامی جێبەجێکردنی دێنە ئاراوە لە پرسی مافەکانی مرۆڤ و پابەندبوون بەو راسپاردانەی ئاڕاستەی هەرێمی کوردستان کراون.
- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٦ بە ئامادەبوونی ریزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دادوەر سالار عبدالستار وەزیری دادی حکومەتی فیدراڵ، کریسچین ریتسچیرڕاوێژکاریتایبەت و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، نوێنەری جنین بلاسخارت نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یۆنامی)، نوێنەری ژمارەیەک لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ئاژانسەکانی یوئێن، نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی عێراق و ژمارەیەک لە وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم، ڕێورەسمی کۆنفرانسی تێپەڕبوونی یەک ساڵ بەسەر پەسەندکردن و جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ بەڕێوە چوو.
- له ڕێکەوتی ٢٨-٢٩-٢٠٢٢ کۆنفرانسێک لە شاری لەندەن بەڕێوەچوو، ئامانج لەم کۆنفرانسە گفتوگۆکردن بوو لەسەر توندوتیژی جێندەری پەیوەست بە کاتی شەڕ و پێکدادانەکان. هەروەها بۆ چەسپاندنی هەوڵەکانە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان لە رزگاربووانی توندوتیژی جێندەری و دەستنیشانکردنی بۆشاییەکان لە لایەنی نێودەوڵەتییەوە، دەستەبەرکردنی پابەندبوونەکان بە کردەوە لەلایەن حکومەتەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی.
- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵی ڕووداو ئەنجامدا، باس لە وردەکاری گفتوگۆکانی شاندی حکومەتی هەرێم کرا لەگەڵ ئامادەبووانی کۆنفڕانسی (دەستپێشخەری نەهێشتنی توندوتیژی جێندەری لە پێکدادانەکاندا) لە لەندەن.
- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە هەولێر کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی تایبەت بە ئازادی ڕادەربڕین ئەنجامدا. ئەم کۆنگرەیە بەشێکە لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی پلانی کاری هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و پاڵپشتی تەواوی لێدەکرێت لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە میانەی بەرنامەی باسی ڕۆژ لە کەناڵی کوردستان ٢٤ بەژدار بوو، سەبارەت بە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ, گەنگەشەی ڕاپۆرتەکە کرا لە بواری ئازادییە

گشتییەکان و ئازادی رادەربڕین لە هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی حکومەت لەم رووەوە, هەروەها باس لە پلانی هەرێمی کوردستان کرا بۆ مافەکانی مرۆڤ و ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی پلانەکە لە گشت بوارەکاندا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٢٤ لە چوارچێوەی کار و چالاکییەکانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بۆ جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای سورایا بۆ ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە هەولێر کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئەنجامدرا. ئاماژە بە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم کرا کە پێشکەشی کردووە بۆ خزمەتی کەمینەکان لە هەرێمی کوردستان لە بوارە جیاجیاکان، باس لە گرینگی یاسای ژمارە ٥ ی ساڵی ٢٠١٥ کرا لە پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە هەرێمدا. ئاماژە کرا بە پێشێلکردنی مافی کەمینەکان لە سنووری ناوچە جێناکۆکەکان کە ئەمە بووە بە کێشەیەک بۆ ئەوەی برا ئێزیدییەکان تا ئێستا نەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەم سنورە بە هۆی بەرقەرار نەبوونی ئەمن و ئاسایش و نەبوونی خزمەتگوزاری، تاکە ڕێگە بۆ چارەسەری ئەم کێشانە لەم سنورەدا گەڕانەوەیە بۆ جێبەجێکردنی دەستور و گەڕانەوەی هێزە ئەمنییەکانی هەرێم بۆ ئیدارەدانی ئەم سنوورە بە شێوەیەکی هاوبەش.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٣/٢٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا وەڵامی ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای دایەوە. و بەوردی تیشکی خستەسەر ئەو ڕەخنە و تێبینییانەی کە لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێکراوە. لە کۆتاییدا وەڵامی پرسیاری میدیاکاران و پەیامنێرانی کەناڵەکانی درایەوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٤/١٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی کوردستان ٢٤ گفتوگۆیکرد لە بارەی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کابینەی نۆیەم لەسەر چەسپاندنی پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێم ، هەروەها گفتوگۆ لەبارەی سەروەری یاسا و سەربەخۆی دادگاکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٤/١٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری لە پانێڵێک کرد بەناونیشانی رۆڵی راگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەرێمی کوردستان. کە لەلایەن ڕێکخراوی دیدار ڕێکخرابوو، گفتوگۆکرا لەبارەی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکان کە ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە پێشخستنی کارەکانی حکومەت و باشتر کردنی ئەدای حکومەت، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەشێکی گرنگ و سەرەکین لە کۆمەڵگا بۆیە پێویستە بەو رۆڵە گرنگەی خۆیان هەستن، پێویستە هەوڵبدرێت ئەو بەربەست و ڕیگریانە هەڵبگیرێن کە ڕووبەڕووی ڕێکخراوەکان دەبنەوە لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی زانستیانە کار بکەن و بتوانن لە لای خۆیانەوە هاوکاریەکی باشی حکومەت بن لە ڕاپەراندنی کارەکانی و دەستنیشانکردنی کەموکوڕی و پێداویستییەکانی خەڵک بۆ چارەسەر کردنیان.

- ڕێکەوتی ٤/١٨/ ٢٠٢٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە کۆنفرانسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە یادی ١٢٥ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا کە لەژێر ناونیشانی (میدیای

کوردی قۆناغ و بەرپرسیارێتی) ڕێکخست. سەرەتا د. سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن وتارێکی پێشکەشکرد، لە بەشی دووەمی کۆنفرانسەکە کە تەرخانکرابوو بۆ کاریگەری ڕاگەیاندن و تێڕوانینی ڕێکخراو و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وتارێکیان پێشکەشکرد و تیشکیان خستە سەر ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکان و باس لەو ڕاسپاردە نێودەولەتیانە کرا کە لە چوارچێوەی پلانی هەرێمیدا هاتووە و تایبەتن بە کاری ڕاگەیاندن و ئازادی ڕادەربڕین.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٤/٣٠ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە هاوکاری ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر و ڕێکخراوی دیدار، کۆنفرانسێکی ساز کرد بە ناونیشانی پاراستنی کەلتوور و ڕۆڵی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ لە پاراستنی کەلتووری پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان, هەریەکە لە بەڕێزان د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی، ئایدن مەعروف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان ئامادەبوون، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم وتارێکی پێشکەش کرد و تێیدا تیشک خرایە سەر ڕەوشی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە هەرێم و ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی لە پاراستنی مافەکانیان, کە یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی نێو پلانەکە و لە کۆی (١٩) ڕاسپاردەی نێودەوڵەتی کە ئاراستەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی سەبارەت بە مافی پێکهاتەکان کراوە (١٤) ڕاسپاردە جێبەجێکراون و ئەوانی تریش کار لەسەر جێبەجێ کردنیان دەکرێت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کرد لە کۆنفرانسی برەودان بە مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و باشترکردنی بارودۆخی ڕاگیراوان و نەهێشتنی ئەشکەنجەدان کە لە لایەن ڕێکخراوی پاو، ڕێکخراوی هاریکاری گەلی نەرویجی و ڕێکخراوی لێکۆڵەر بە پاڵپشتی دارایی یەکێتی ئەوروپا لەشاری سلێمانی ئەنجامدرا، نوێنەرانی سەروکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی عێراق، بەرپرسی مافی مرۆڤ لە یۆنامی، دەسەڵاتی دادوەری هەرێم و عێراق و ژمارەیەک پەرلەمانتار و دادوەر و لایەنی پەیوندیدار ئامادە بوون، تیشک خرا سەر هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم لەو سێ تەوەرە لە چوارچێوەی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئەوەش خرایە ڕوو کە حکوومەتی هەرێم گرنگی بە پاراستنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ دەدات، لە کۆتاییدا یاداشتنامەیەک واژووکرا بە مەبەستی برەودان بەو بەرنامەیەی کە ئەو سێ تەوەرە لەخۆدەگرێت و بڕیار وایە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ جێبەجێ بکریت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٥/١٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵی K٢٤ ئەنجامدا، تیشک خرایە سەر ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە بە ئەرێنی باسی پێکەوژیانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان دەکات.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/٢٦ لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلییەکان، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، ئالوودەبوون وەک زیانێکی

کۆمەڵایەتی، چەندین کاریگەریی جەستەیی و دەروونی هەیە و بە یەکێک لە گەورەترین کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەندروستییەکان دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان، وە ئەوانەی ئێستا لە ناوەندەکانی چاکسازی و دەزگا ئەمنییەکان دەستگیرکراون، ژمارەیان سەروو چوار هەزار کەسە، کە زیاتر لە نیوەی ژمارەی زیندانیانی ناو چاکسازییەکان پێکدەهێنن و زۆربەیان گەنجن. بەدەر لەم ژمارەیە بە هەزاران خەڵکی دیکەش هەن لە هەرێمی کوردستان کە ئالوودەی مادەی هۆشبەر بوون.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/١٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ کەناڵی کوردستان ٢٤ ئەنجامدا سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی چوارساڵی ڕابردووی کابینەی حکومەتی هەرێم، باس لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم کرا بۆ پابەندبوون بە پێوەر و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان و پەسەند کردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ لەلایەن جەنابی سەرۆکی حکومەت کە جەنابیان پاڵپشتێکی سەرەکی پلانەکە و ئازادییەکانە بە گشتی لە هەرێمی کوردستان، لە ئێستادا حکومەتی هەرێم دەستی بە ڕێکاری جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و تا ئێستا نزیکەی (١٨٠) ڕاسپاردە لە قۆناغی جێبەجێ کردندان، ئەوەشیان خستەڕوو کە لە چوار ساڵی ڕابردوودا بەشدارییەکی کارایان هەبووە لە کۆبوونەوە و مەحفەلە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و سیاسەتی فرە لایەنە، هەروەها باس لە هەماهەنگیان لەگەڵ تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش و لیژنەی هەماهەنگی نیشتمانی کرا، لەو ڕووەوەش هەنگاوی گرنگیان داوە بەتایبەتی لە پرۆژەی ئەرشیف کردنی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە تاوانەکانی داعش و چەندین دەستکەوتی دیکە کە لە ماوەی چوار ساڵەی کابینەی نۆیەم هاتوونەتە دی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/١١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە لێدوانێکدا لەگەڵ دەنگی ئەمریکا ڕایگەیاند هیچ کەس لەسەر بیروباوەڕی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا دەستگیرنەکراوە و هیچ ڕۆژنامەنووسێکیش بە هۆکاری ڕۆژنامەنووسی لە زیندان نییە. پێشی وایە لە کابینەی نۆیەمدا بەرەوپێشچوونێکی گەورە لە ماف و ئازادیەکان هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، وە یاسای ڕۆژنامەگەری هەرێمی کوردستان یەکێک لە "باشترین یاساکانە"، لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوتنی میدیای دیجیتاڵ و نەبوونی یاسای تایبەت بەو بوارە کێشەی بۆ حکومەت دروستکردووە، دەشڵێت "ڕاهێنانمان بە دەزگاکانی داوەری دەست پێکردووە. زیاتر لە ١٢٠ دادوەر لە هەرێمی وکوردستان لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوو ڕاهێنانینان پێکراوە بە پێی پێوەری نێودەوڵەتی."

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٧/١٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی kurdistan٢٤ ڕایگەیاند کە هیچ کەسێک لە هەرێمی کوردستان لەسەر بیرڕوباوەڕی سیاسی دەستگیر نەکراوە و ئازادییەکان بە گشتی لە هەرێمی کوردستان بەرەو پێشچوونێکی زۆریان بەخۆوە بینیووە، باسی لەوەشکرد، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم کاری لەسەر سەرجەم ئەو پێشنیاز و راسپاردانە کردووە، کە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ئاڕاستەیان کراوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٨/٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە نۆیەمین ساڵیادی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لە دیبەیتیکدا لە کەناڵی کوردستان٢٤ بەشدار بوو، گفتوگۆکرا لەسەر بارودۆخی ئێزیدییەکان و وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە لەمبارەیەوە، هەروەها تیشک خرایە سەر دوایین داتا و زانیارییەکان لەسەر بارودۆخی ئێزیدییەکان و ڕەوشی ئێزیدییەکان لە کەمپی ئاوارەکان.

- ڕیکەوتی ٢٠٢٣/٨/٢٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی کوردستان ٢٤ تاوتوێی پرسی هاتنی خەڵکێکی زۆر لە وڵاتانی دراوسێ بۆ هەرێمی کوردستان بەمەبەستی کارکردن کرد کە دەبێت پێداچوونەوەی جدی بۆ بکرێت.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٩/٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی ڕووداو ڕایگەیاند کە بێدەنگیی ڕێکخراوە نێودەولەتییەکان لەوەی لە کەرکووک ڕوویدا جێگای پرسیارە. هێشتا بەشێک لە لە خۆپیشاندەران ئازاد نەکراون و بەسەربازگەکردنی شارەکەش کۆتایی نەهاتووە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣ /٩/٢٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەنالی سکای نیوز باس لە ڕۆڵی گرنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد لە لەخۆ گرتنی ئاوارە نێوەخۆییەکان، وە هەماهەنگی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ دابینکردنی ئاسایش بۆ کومپی پەنابەران، لە ڕێگەی سیاسەتە مرۆییەکانەوە حکومەتی هەرێم توانی بە سەر قەیرانی هێرشەکانی دوای داعش زاڵ بێت لە هەرێمدا.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی کوردستان ٢٤ تاوتوێی زیانەکانی شەڕی پەکەکەو تورکیا لەسەر هەرێمی کوردستان کرد.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٢١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداربوو لە کۆنفڕانسی خستنەڕووی بەربەستەکانی بەردەم کۆمەڵگەی ئێزیدییەکان لە هەرێمی کوردستان و جیهان، تیشک خرایە سەر ئەو نەهامەتییانەی کە بەسەر برا ئێزیدییە کوردەکاندا هات لە دەرئەنجامی هێرشە دڕندەکانی داعش بۆ سەر ناوچەکانیان و تاوتوێی قەرەبووکردنەوە و ڕەواندنەوەی خەمەکانیان کرا، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەی بە گرنگی جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەی شنگال کرد، باسی لەوەش کرد کە حکومەتی فیدراڵ کەمتەرخەم بووە لە جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە، گەر بێت و ئەم ڕێکەوتننامەیە جێبەجێبکرێت ئەوا دەبێتە نموونەیەکی باش بۆ هەماهەنگی نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبردنی ناوچە سنوورییەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/٢٢ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی کوردستان٢٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕایگەیاند هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئازادی ڕادەربڕین بەرەو پێشچوونی باشی بەخۆیەوە بینیووە و پێویستی بە میدیای بەرپرسیارە، ئازادی رادەربڕین بەشێکی گرنگە لە پلانی مافی مرۆڤ، سەرۆکی حکومەت پاڵپشتی سەرەکی ئەم پلانەیە، ئێستا نەک دەرگاکان بۆ رووماڵ و ئازادی میدیایی کراوەن، بەڵکو ئێمە لە پرۆسەیەکی زۆر

فراوان داین بۆ ئاستی تێگەیشتن و بەشداری سەندیکاکان، هەتا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی هاوکاربن بۆ بەرپرسیاریەتی دامودەزگاکانی ئێمە، هەمیش بۆ پێدانی زانیاری"، ڕاشیگەیاند: "دوو مانگ لەمەوبەر بە نووسراوی فەرمی هەموو دامودەزگاکانی حکومەتمان لەسەر ئاستی وەزارەتەکان ئاگادار کردووەتەوە کە پێویستە ئاسانکاری زیاتر بکەن لە پێدانی زانیاری، بۆ ئەوەی ئەو زانیاریانەی پێویستە هاووڵاتییان ئاگاداری بن ڕێگەخۆش بکرێت میدیاکان ڕوومالّی بکەن و بیگوازنەوە".

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/١٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان بەشداری کرد لە بەرنامەی * ئێکس لەگەڵ کۆڤان * لە کەناڵی کوردستان ٢٤، تایبەت بە پرسی ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان و ڕێکارەکانی حکومەت بۆ پشتیوانکردن لە ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخستنەوەی کاری میدیایی، هەڵوێست و بۆچوونی ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی ڕۆژنامەنووسان لەوبارەیەوە خرایە ڕوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/١٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی کوردستان ٢٤، باس لە سەردانی ڤێرجینیا گامبا نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسی تایبەت بە منداڵان و ململانێی چەکداری و چاوپێکەوتنی لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم کرد، تیشک خرایە سەر گرنگی سەردانەکە و هەوڵەکانی حکومەت بۆ پاراستنی منداڵان لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ ودوور خستنەوەیان لە ململانێیە چەکدارییەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/١٦ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە لێدوانێکدا لەگەڵ کەنالی کوردستان ٢٤ سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی وڵاتی ئێران بۆ سەر شاری هەولێر و هاووڵاتیانی سڤیلی کوردستان، ئاماژە بەوەدرا کە بەردەوامی ئەم هێرشە بێ پاساوانە مەترسی بۆ سەر تەواوی عێراق و ناوچەکەش هەیە، وە پێشێلکارییەکی تەواوی مافی مرۆڤ و بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە، لە هەمان کاتتدا گرنگی کۆبونەوەکانی جەنابی سەرۆک وەزیرانمان خستەڕوو لەم کاتە هەستیارەدا لە داڤۆس لەگەڵ سەرکردەکانی جیهان، گرنگە هاوپەیمانانی کوردستان، کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هەڵوێستی جددی و کاریگەریان هەبێت چونکە ئەم هێرشانە پێشێلکاری مافی ژیانی هاووڵاتیانی کوردستانە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٢٨ کۆنفرانسی سێیەمی نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لەدەرەوە ئەنجامدرا، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانیش بەشداری کۆنفرانسەکە بوو، بەڕێز سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی، پەیامێکی ڕاگەیاند، دەستبەرداری مافەکانی هەرێمی کوردستان نابن هەرچەند ناحەزان بەهەموو شێوەیەک هەوڵیانداوە کێشە و ئاستەنگ بۆ هەرێم دروست بکەن،و شانازی بە دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی ڕەوەندی کوردستانی دەکەین و هیوایان خواست ڕەوەندی کوردستانی نموویەکی جوانی کۆمەڵگەکەمان بن لە دەرەوە، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە دەروازەیەکی گرینگە بۆ پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم و لە چوارچێوەی ئەو ڕاسپاردە

نێودەوڵەتییانەی کە هەبووە دەتوانێت هاوکار بێت بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندیانە زیاتر بەرەوپێشتر بڕوات، دۆسییەکانی مافی مرۆڤ و دۆسییەکانی تر دۆسییەی پەیوەندیدارن.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١/٣١ کۆنفرانسی سێیەمی نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم کە لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ڕێکخرابوو ئەنجام درا. بە ئامادەبوونی سەرجەم نوێنەرانی نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە، ئاماژە بە گرینگترین ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان کرا. باس لە بەشداری کردنی حکومەتی هەرێم لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان لە بواری مافەکانی مرۆڤ و پێشکەشکردنی لە چوارچێوەی ڕاپۆرتی عێراقدا لە بارەگای ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە جنێڤ. نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێم دەتوانن پشت بە ڕاپۆرت و داتا و زانیارییەکانی نووسینگەکەمان ببەستن لە دیدار و چاوپێکەوتنەکانیاندا، هەروەها ئەو بەرەوپێشچونانەی کە هەرێم بەخۆیەوە بینیوە لە تەوەرە جیاجیاکانی مافی مرۆڤ کە ئەمەش جێی گرینگیدان و سەرنجی لایەنی دەولییە لە دەرەوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/٤ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی کوردستان ٢٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەبارەی هەفتەی جیهانی پێکەوە ژیانی ئاینەکان، ئاماژە بە مێژووی پێکەوە ژیان لە کوردستان کرا ، سەرەڕای ئەو هەموو ئاڵانگاری و قەیرانانەی کە ڕووبەروی هەرێم بوونەتەوە، هەمیشە وەک ناوچەیەکی ئارام پێشوازی لە سەرجەم ئاینەکان کردووە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١١ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی کوردستان ٢٤ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە بابەتی ڕێکخسنی میدیا لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لە یاسا، شەفافیەت، چاودێری حکومەت. هەماهەنگی لەگەڵ یونامی. هاوکاری نێوان وەزارەتی ناوخۆ و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان زیاتر لە ١٠٠٠ ڕۆژنامە، ١٤٤ کەناڵی تەلەفزیۆنی، ١٥٥ ڕادیۆ، ٨ هەزار ڕۆژنامەنوس لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٢/١٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا ئاماژەی دا، بەپێی ڕاپۆرتی بەراوردکاریی پلانی هەرێمی ئاستی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی ٧٠٪ پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیووە ، کونسوڵخانەی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر لە راگەیەندراوێکدا سەبارەت بە رەوشی ئازادی رادەربڕین، رایگەیاند، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆشحاڵە بە بەرەو پێشچوونی ئاستی ئازادیی کاری رۆژنامەنووسی لە هەرێم، ڕێکخەر ئەوەی خستە ڕوو سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، رێکخراوی پەیامنێر بۆ ماف و گەشەپێدان و چەند رێکخراوی دیکەش رایانگەیاندووە کە ئاستی ئازادی رادەربڕین و ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/٣١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی کوردستان٢٤ ئاماژەی بە بڕیاری ٦٨٨ـی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد و باس لە گرنگی بڕیارەکە کرا ، ئەم بڕیارەش وایکرد هەرێمی کوردستان دروست بێت، هاوکات دەڵێت: کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی لەو راستییە تێگەشتووە، کە تەنیا هەرێمی کوردستان دۆستی راستەقینەیەتی.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە دیاردەی ماددە هۆشبەرەکان لە ئێستادا بە شێوەیەکی زۆر لە عێراق بەگشتی و لە هەرێمی کوردستان کە بەشێکە لە وڵاتەکە لە بڵاوبوونەوەدایە، ئاماژە بەوەش درا کە یەکەم کۆنفرانسیان لەسەر کۆنترۆڵکردنی ماددە هۆشبەرەکان لە هەولێر لە ئەیلوولی ٢٠٢٣ بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حکومەتی فیدراڵی و بە سەرپەرشتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی ئەنجامدا، و زیاتر لە ١٤٧ ئیمەیڵمان لەگەڵ لایەنە بیانی و ناوخۆییەکان ئاڵوگۆڕ کردووە لەسەر کۆنترۆڵکردنی ماددە هۆشبەرەکان، بۆ ئەوەی زیاتر ئاگاداری مەترسییەکانی و شەڕی دژیان ببین.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٧ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشدارییان کرد لە بەرنامەیەکی کەناڵی الحدث سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق، باس لەوە کرا کە هەستیاریی هەڵکەوتەی جوگرافیای هەرێمی کوردستان وایکردووە لەلایەن بازرگانانی ماددە هۆشبەرەکانەوە بقۆزرێتەوە، تیشک خرایە سەر ئەوەی کە گروپە چەکدارەکانیش لە ناوچە جێناکۆکەکان ڕۆڵیان هەیە لە گەشەسەندنی بازرگانی ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقڵییەکان بە قەبارەیەکی بەرفراوان، ئاماژە بە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان درا بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراو و ئاژانسە نێودەوڵەتی و هەرێمی و نیشتمانییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە هەموو ئاستەکان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٢٢ لە ساڵیادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی و دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی (میر میقداد بەدرخان) و (٢٦)مین ساڵیادی دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، "حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هەستکردن بە گرنگیی کاری ڕۆژنامەنووسی بۆ خستنەڕووی شەفافییەتی زیاتر لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانیدا، ئەرکی خۆی بۆ خوڵقاندنی ژینگەیەکی لەبار و داکۆکیکار بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی جێبەجێ دەکات، کە لە سایەیدا میدیاکاران بتوانن ئەرکی پیشەیی خۆیان ڕاپەڕێنن، بۆ ئەم مەبەستەش کاری ڕۆژنامەنووسی بە یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ ڕۆژنامەگەری هەرێمی کوردستان ڕێکخستووە کە تێیدا ئەرک و مافی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دیاری کراوە."

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٢٣ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداربوو لە سێیەمین دیداری نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان لەژێر ناونیشانی (پاراستنی ژنانی ڕۆژنامەنووس، لە جیاکاری جێندەری) کە لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی جێندەری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان-IFJ

سازکرابوو، ڕێکخەر تیشکی خستە سەر بواری ڕۆژنامەوانی و ئەو هەنگاوانەی کە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان گیراونەتەبەر لەم بوارەدا، باس لە پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ کرد. بەشێک لەم پلانە تەرخان کراوە بۆ وەڵامدانەوەی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە بواری ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەوانی، ئاماژە بە یاسای ژمارە ٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٧ کرد تایبەت بە یاسای ڕۆژنامەگەری کوردستان.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/٢٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی بە یاساکانی تایبەت بە ئازادی ڕادەربڕین کرد لە هەرێمی کوردستان کە یاسای پێشکەوتوون، ئاماژەی بە یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٠ تایبەت بە خۆپیشاندانەکان و یاسای ٣٥ ی ساڵی ٢٠٠٧ ی تایبەت بە یاسای ڕۆژنامەوانی کرد.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٥/٢٩ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی کوردستان٢٤ ئاشکرای کرد، عێراق داوای کردووە لە ماوەی دوو ساڵدا یۆنامی کۆتایی بە ئەرکەکانی لە عێراق بهێنێت، بە دیاریکراویش لە بواری سیاسیدا، زۆربەی بابەتە هەڵپەسێردراوەکان لەدوای خۆی بەجێ دێڵێت، وە لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ تیمێکی دیاریکراوی یوئێن بە سەرۆکایەتی فوڵکەر پیرتس سەرۆکی تیمی پێداچوونەوەی ستراتیجی بۆ مانەوی یۆنامی، سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستانی کرد بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە و بڕیاردان لەسەر ئەوەی هەڵسەنگاندنێکی تۆکمە لەسەر مانەوەی یۆنامی لە عێراقدا بکرێت، ئاماژە بەوە کرا، سەرۆک وەزیرانی عێراق داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە پلانێک دابنێن بۆ کۆتاییهێنان بە ئەرکی یۆنامی تا ڕێکەوتی ٣١ی ئایاری ٢٠٢٦، دواتر عێراق ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری گەشەپێدان و مرۆییەکان دەکات.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٦/٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکوومەت لەبارەی ڕاپۆرتی ساڵی دووەمی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە لە کۆبوونەوەکەی ئەنجوومەنی وەزیران خستیە ڕوو، لە چاوپێکەوتنێدا لەگەڵ کەناڵی کوردستان٢٤ ئاماژەی بەوە کرد کە پلانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی مافی مرۆڤ گشتگیرە و لە ساڵی ٢٠٢١تا ٢٠٢٥ بەردەوام دەبێت و لە ٢٧ تەوەر پێک دێت، نزیکەی ٤٠٠ ڕاسپاردە کۆکراونەتەوە و شیکردنەوەیان بۆ کراوە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٦/٢٥ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشدارییان کرد لە شەشەمین کۆنفرانسی لالش بۆ پێکەوەژیان (شنگال و رزگاربووانی دەستدرێژی جیندەری پاش دە ساڵ لە جینۆسایدەوە بۆ دواڕۆژێکی نادیار)، لە میانەی کۆنفرانسەکە بەشدارییان لە پانێڵێکدا کرد بە ناوی (وەڵامدانەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پرسیار و مەترسییەکانی رزگاربووانی دەستی داعش لە پاشەڕۆژی خۆیان دەستکەوت و کەموکوڕییەکان)، کە تیشک خرایە سەر گرنگی بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی داعش دەرهەق بە پێکهاتەکان بە گشتی و کوردانی ئێزیدی بەتایبەتی بۆ ئەوەی قەرەبوو بکرێنەوە و تاوانباران دادگایی بکرێن لەسەر ئەو تاوانە نێودەوڵەتییانەی کە ئەنجامیان داوە، ئەوەش روون کرایەوە کە حکومەتی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد و پەرلەمانی هەرێم هەوڵی زۆری

دا بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتمەند بۆ دادگایی کردنی تیرۆریستانی داعش، بەڵام بە بڕیارێکی دادگای ئیتحادی ئەو پرۆژە یاسایە ڕەتکرایەوە کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کرابوو.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٦/٢٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نیودەوڵەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێک بۆ کەناڵی الحدث ی عەرەبی لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆن ڕایگەیاند، هیچ پەنابەرێکی سووری ناچار نەکراوە بە گەڕانەوە بۆ سوریا و هیچ پەنابەرێک دیپۆرت نەکراوەتەوە، هەروەها ڕاگەیەنرا کە زیاتر لە ٢٥٠ هەزار پەنابەری سوری لە هەرێمی کوردستان دا هەن کە لەنێو کەمپ و دەرەوی کەمپەکان نیشتەجێن و زیاتر لە ٣٠ کەمپی تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا هەیە. تەنانەت هیچ کەسێک نەگەڕێندراوەتەوە سوریا و هیچ بڕیارێکی حکومی لەم شێوەش لە ئارادانیە، نەک تەنها پەنابەران بەڵکو هیچ ئاوارەیەکی ناوەڕاست و خوارووی عێراق لە هەرێمی کوردستان بە ناچارکردن ڕەوانەکراونەتەوە، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان هەڵوێستی خۆی هەیە دەربارەی پەنابەران، شانازی بە هەڵوێستەکەمان دەکەین کە گەڕانەوەی پەنابەران دەبێت بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بێت. هەروەها پەنابەر بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەرێمی کوردستان هەیە نەک لە پارێزگاکانی تری عێراق، لە کۆتاییدا دانی بەوە دانا کە چەند ڕێوشوێنێکی نوێ گیراوەتەبەر دەربارەی پێدانی ڤیزا لەسەر ئاستی هەرێم کە بە شێکە لە سیاسەتە گشتیەکان بەگوێرەی ئەو هەلی کارانەی بەردەستە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام بڕیارەکە تایبەت نیە بە سوریەکان و ئەم ڕێکارە تازانەش پەوەندی بە بازاڕی کارەوە هەیە.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/٨ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی کوردستان ٢٤ سەبارەت بە پرسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە گرنگییەکی زۆری بە پاراستنی و بە هێزترکردنی کایەکانی کۆمەڵگا داوە لە ڕێگەی پاراستنی خێزان لە هەموو جۆرە توندوتیژییەک، لە هەرێمی کوردستان یاسای بەرەنگار بونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١ دەرچووە، و هەوڵ دەدرێ یاساکە هەموار بکرێتەوە، لەم ڕووەوە ڕەشنووسێك ئامادە کرا و لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە خوێندنەوەی یەکەم و دووەم بۆ هەموار کردنەوەی یاساکە ئەنجامدراوە، چەندین یاسای دیکە و هەموار کردن دەرچوون لە بەرژەوەندی ئافرەتان، ڕێکخەر ئەوەشی خستە ڕوو، بۆ پاراستنی ئەو ئافرەتانەی هەڕەشەیان لەسەرە، حکوومەتی هەرێم بڕیاری کردنەوەی شێلتەر ودەرکردنی ڕێنمایی ژمارە ٢ ساڵی ٢٠١٤ـی دا تێیدا ئاماژە بە پاراستن و چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەکات.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/١١ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی زووم باسی لە تێڕوانینی نێودەوڵەتی کرد سەبارەت بە گەرانەوەی ئاوارەکانی ناوچەکانی شەنگال و دەوروبەری.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٧/٣٠ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداربوو لە کونفراسی بازرگانیکردن بە مرۆڤ لە دهۆک، بە ناوی "مرۆڤەکان کەرامەتیان هەیە، و بازرگانیکردنیان گەورەترین تاوانە." ئەم چالاکییە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەکان ڕێکخرابوو و لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکان و پسپۆڕان و داکۆکیکارانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە کۆکردەوە. گفتوگۆکە لەسەر کاریگەرییە

سەختەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بوو، لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم تاوانە و پێویستی بەپەلەی ستراتیژی کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی، پسپۆڕان تێڕوانینەکانیان سەبارەت بە توندی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە خستەڕوو، جەخت لەسەر گرنگی هاوکاری نێودەوڵەتی و دەستێوەردانی سیاسەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پرسە جیهانییە کرا.

لێدوان و بەیاننامە

نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەماوەی ساڵی ٢٠٢٠ تاکو ٢٠٢٤/٧/١ چەندین لێدوان و بەیاننامەی بڵاوکردۆتەوە سەبارەت بە پرسە جیاجیاکانی مافی مرۆڤ، هەڵوێست و بۆچوونەکانی حکومەتی هەرێمی ئاماژەپێکردووە. لێرەدا ژمارەیەک لە ناونیشانی دەیان لێدوان و بەیاننامەی نووسینگەکەمان ئاماژە پێدەکەین کە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوکراونەتەوە، هەروەها لە وێبسایتی فەرمی حکومەتی هەرێمیش داندراوون.

بەشێک لە ناونیشانی لێدوان و بەیاننامەکانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان :

- دەستدرێژی کردنە سەر کچێکی تەمەن هەشت ساڵی لە پردێ.
- دیداری تایبەت بە میکانیزمی کارا بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان.
- گرنگیدان بەمەترسی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا لە کەمپەکان کە ئەگەری تووشبوون بەم ڤایرۆسە لەو شوێنانە زیاترە و کۆنترۆڵکردنیشی کارێکی ئاسان نابێت.
- وەڵامی تێروتەسەلی ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.
- هێرشکردنە سەر ماڵی رۆژنامەوان عەدنان رەشیدی.
- لێدوانی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ وئازادییەکان بە ئەولەیەتی کارەکانی دەزانێت بەتایبەتی لە بواری رۆژنامەنووسیدا.
- ڕاپۆرتی بڕیاردەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤی ئاوارە ناوخۆییەکان.
- درووشمی هەر کەسێك ببێتە هۆکاری ئەوەی ژیانی هاووڵاتیان بکەوێتە مەترسییەوە، رێکاری یاساییان بەرامبەر دەگیرێتە بەر.
- دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتەکەی پردێ کارێکی وەحشیگەرانەیە و پێویستە ئەنجامدەرانی بەپێی یاسا بە توندترین شێوە سزا بدرێن.
- ڕوونکردنەوەی نووسینگەی رێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەربارەی کەیسی مستەفا سەلیمی.
- ئەرکی پەرلەمانتار چاودێری کردنی دامودەزگای جێبەجێکارە نەك قۆزتنەوەی پۆستەکەی بۆ مەرامی تایبەت.
- یەکەم دادگایی کردنی تیرۆریستانی داعش لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢١ ئەنجام درا.

- خۆپیشاندەرانی دهۆک لەبەر سەرپێچی کردن لە فەرمان و ڕێنماییەکانی تایبەت بە ڕێکارەکانی کۆرۆنا دەستگیر کران.
- بەدەل عەبدولباقی بەپێی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان راگیراوە.
- جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان بەرتەسك کراوەتەوە کە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ بگونجێت.
- پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا لەبەر بوونی سەدان هەزار ئاوارە و پەنابەر لەهەرێم.
- ڕاپۆرتەکانی هیومان رایتس ووۆچ سیاسین و مەبەستیان ناوزڕاندنی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمە.
- کۆمیسیونی ئەمەریکی بۆ ئازادییە ئایینییەکان داوای سنوردارکردنی ئەو هێزە چەکدارانە دەکات کە بەردەوامن لە نانەوەی توندوتیژی تایەفی لە عێراقدا.
- لێدوانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەحکومەتی هەرێم: بەدەل عەبدولباقی بەپێی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان راگیراوە (بەیاننامە).
- لێدوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەنیازی داخرانی هیچ کەناڵێکی تەلەفزیون و میدیایی نییە (بەیاننامە).
- لێدوانی پێویستە پێشمەرگە لە ناوچە جێناکۆکەکان هەبێت بۆ هێنانەدی سەقامگیری، و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.
- لێدوانی لە وەڵامی ڕێکخراوی هیومان رایتس ووۆچ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان: هەبوونی شانە نوستووەکانی داعش ڕێگرە لەبەردەم نەگەڕانەوەی دانیشتوانی بەشێک لە گوندەکانی رەبیعە بۆ سەر زێدی خۆیان.
- لێدوانی پێویستە ڕاپۆرتەکانی هیومان رایتس ووۆچ زیاتر واقعی بن و پشت بە بەڵگەی درووست و بابەتیانە ببەستن.
- لێدوانی قوربانیانی تاوانەکانی داعش لە گشت پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان بەبێ جیاوازی پێویستیان بە قەرەبوو کردنەوە هەیە.
- لێدوانی لە رۆژی جیهانی بێسەروشوێنبوونی زۆرەملێدا، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان: خەڵکی کوردستان گەورەترین قوربانی بێسەروشوێن کردنی زۆرەملێیە.
- ڕوونکردنەوەیەک لە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لە حکومەتی هەرێم دەربارەی لێدوانێکی سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی کردن لە مافی رۆژنامەنووسان.
- وەڵامی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی(IOM) لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مایەی دەستخۆشی و ستایشی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بوو.
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە پرێس کۆنفرانسێکدا تیشکی خستە سەر رەوشی پێکهاتەکان، تیرۆر، هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد، پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ، رەوشی ئاوارە و پەنابەران، ناوچە جێناکۆکەکان، ئازادی رادەربرین، خۆپیشاندان و ناوچە سنوورییەکان.
- وەڵامی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ کە دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم ئامادەن بۆ بەدواداچوونی ورد لە هەر تۆمەتێک کە بە بەڵگەوە ئاراستەیان بکرێت.

- خۆپیشاندانەکانی سنووری سلێمانی مۆڵەتیان نەبووە و هێرش کراوەتە سەر هاووڵاتیان و ماڵ و موڵکی گشتی و تایبەتیش کراوەتە ئامانج.

- پاراستنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە هەرێمی کوردستان بە بۆنەی سەردانە مێژووییەکەی پاپا فرانسیس پاپای ڤاتیکان بۆ هەرێم.

- ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەبارەی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە عێراقدا، لەم دۆکیومێنتەدا هەڵسەنگاندنێکی تایبەت کراوە لەسەر ئەدائی دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگری لە چوارچێوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان. گەرچی لامەرکەزیەت هەیە لە هەندێک بابەت و دەسەڵات بەسەر پارێزگاکان شۆڕکراوەتەوە، بەڵام ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم کۆدەنگی سیاسەتی ئەمنی هەرێم دادەڕێژێت و بە تەنیا ئەو لێی بەرپرسە.

- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە وەڵامی لێدوانێکی پارێزگاری سەپێنراوی کەرکوک کە دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی بە رفاندنی ژمارەیەک هاووڵاتی شاری کەرکوک و دەوروبەری بە تۆمەتی ئەنجامدانی کاری تیرۆری تۆمەتبار کرد لە کاتی ئازادکردنی ئەو ناوچانە لە دەست تیرۆریستانی داعش.

- ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆمسیۆنی ئەمریکی بۆ ئازادییە ئایینیەکان لە جیهان. باس لە ئازادییە ئایینیەکان دەکات لە هەرێمی کوردستان، ستایشی ڕۆڵی هەرێم دەکات لە پاراستنی ئازادی ئایینی و پێکەوەژیان، و حەواندنەوەی ئاوارە و پەنابەرەکان.

- هەوڵەکانی حکومەتی عێراق و هەسەدە بۆ گەڕاندنەوەی ٣٠ هەزار لە ژن و منداڵنی چەکدارانی داعش بۆ عێراق و ناڕەزایی حکومەتی هەرێم لەسەر ئەم هەنگاوە.

- لێدوانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە وەڵامی ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە دۆخی ئازادیی ئایینی تایبەت بە ساڵی ٢٠٢٠، هەوڵی پاراستن و سەرخستنی ئەو بەهایانە دەدرێت کە پەیوەندییان بە پێکەوەژیانی ئاشتییانە هەیە، هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان مافی یاسایی و سیاسی و فەرهەنگی و ئابووریی خۆیان هەیە کە بە یاسا پارێزراوە.

- لێدوانی نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بۆ ڕۆژنامەی (لۆ مۆندی)ی فەرەنسی: ئاماژە بە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم درا بۆ دادگاییکردنی داعش لەژێر ڕۆشنایی تاوانە نێودەوڵەتییەکان.

- وەڵامی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی) لەسەر ڕووداوەکانی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە کراوە ناکرێت ڕێکخراوی ناوبراو پشت بە هەندێک داتا و زانیاری ببەستێت و بەدواداچوون نەکرێت لەگەڵ لایەنەکانی حکومەت کە ئایا ئەو داتا و زانیاریانە دروستن یان نا.

- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی کە پرسی بە لایەنی پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم نەکردووە سەبارەت بە پرۆژە یاسای دادگایی کردنی تاوانبارانی داعش ، پرۆژە یاسای دادگای تاوانکاری تایبەتمەندە بە تاوانەکانی داعش لە هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعش لەسەر ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دژبە مرۆڤایەتی و کۆمەڵکوژیی پەسەندکرابوو.

- لێدوانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ئەوەی کە هیچ دامەزراوەیەکی هەرێم لە کەمپی مەخموور بوونی نییە. ژمارەی پەنابەرانی کەمپەکە ڕوو لە هەڵکشانە، بەڵام ناو و ناونیشانیان لە تۆمارە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمدا نیە.

- ڕۆژی جیهانی ئازادی ئایینی و بڕوا سەبارەت بەوەی کە لە هەرێمی کوردستان هیچ کەسێک لەسەر جیاوازی نەتەوەیی رووبەڕووی کێشە نەبووەتەوە، جەخت کراوە لەوەی کە بەپێچەوانەوە حکومەتی هەرێم پشتگیری لە پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی دەکات بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی ئایینی، مەزهەبی و نەتەوەیی.

- لێدوانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ڕاپۆرتەکەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تایبەت بوو بە هەڕەشە بەردەوامەکانی تیرۆرستانی داعش و ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە یارمەتیدانی وڵاتە ئەندامەکان لە بەرپەرچدانەوەیان.

- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە بۆردوومانەکانی سەر سنوری تورکیا، کە تا ئێستا نزیکەی ٦٠٠ گوند بەهۆی شەڕی تورکیا و پەکەکە چۆڵکراون و بێ خزمەتگوزارن، بووەتە هۆی ئاوارەبوونی سەدان هاونیشتمانی و زیان گەیاندن بە گیان و موڵک وماڵیان.

- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بۆ کەناڵی ئەلجەزیرە سەبارەت بە شاڵاوی کۆچبەران بەرەو ئەوڕوپا لەڕێی بیلاڕووسیاوە،حکومەتی هەرێم خۆی باوەشی بۆ سەدان هەزار ئاوارە و پەنابەر کردۆتەوە. بەشێکی زۆری ئەم کۆچە لەڕێی فرۆکەخانەکان بووە و هەندێک وڵاتی خانەخوێ لە ئەوڕوپا خۆیان ئاسانکارییان کردووە بۆ پەڕینەوەی ئەو کۆچبەرانە بەرەو رۆژئاوای ئەوڕوپا.

- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بۆ کەناڵی سکای نویز سەبارەت بە شاڵاوی کۆچبەران لەسنووری نێوان بێلاروسیا و پۆڵەندا، رەوشی کۆچبەران دەبێت بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و دیاریدەی کۆچکردن وەک دیاردەیەکی جیهانی سەیر بکرێت.

- دەستگیرکردنی چەند کەسێکی سەر بە گروپی تێکدەر لە ناو خۆپیشاندانەکانی پارێزگای سلێمانی، جەخت کرا لەوەی کە پەکەکە سیاسەتی ناشرینکردنی هەرێمی کوردستانی دەستپێکردووە، لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی ڕۆڵی کارای هەبووە لە بە لاڕێدابردنی داوا ڕەواکانی خۆپیشاندەران.

- ڕاگەیەندراوێک لە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان، لە وەڵامدانەوەی بەیاننامەیەکی ڕێکخراوی (هیومان ڕایتس ووچ): چەند تێبینییەک ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرابوو سەبارەت بە ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی هاتوچۆ و دادگایی کردنی گیراوانی داعش بەتایبەتی مێردمنداڵان.

- وەڵامی بەیاننامەی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی) سەبارەت بە بڕیارەکەی دادگای پێداچوونەوە لەبارەی پێنج سزادراوەکەی بادینان و بڕیارەکەی بە"نادادپەروەرانە" وەسف کردبوو.

- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بۆ وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان (CPJ). ڕاپۆرتی کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان (CPJ) ڕەخنەی گرتبوو لە بڕیاری دادگاییکردن و سزادانی ژمارەیەک ڕۆژنامەنوس لە دادگاکانی هەولێر.

- بەیاننامەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ یونیتاد، حکومەتی هەرێم پێشوازی لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات سەبارەت بە نویێ کردنەوەی ئەرکی (ماندەیتی) یونیتاد.

- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە سازدانی دیبەتێکی کراوە تایبەت بە ئازادی ڕادەربڕین، کە بۆ نوێنەرانی حکومەت، کۆمەڵگای مەدەنی، ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدرا. تەوەرەکانی ئەم دیبەیتە بریتی بوو لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و ناوەخۆییەکانی پەیوەندیدار بە ئازادی ڕادەربڕین، ئالەنگارییەکانی جێبەجێکردنی ئەم مافە.

- بەیاننامەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بۆ وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتی هیومان ڕایتس ووچ، سەبارەت سەربەخۆیی دادگاکان و پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یاسا و پرۆسەی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و بێلایەن پیادە دەکات، و ئازادی ڕاگەیاندن کاری لەپێشینەیەتی، و دەست لە پرۆسە یاساییەکان وەرنادات.

- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پلانی نیشتمانی و پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ هەنگاوێکە بۆ پتەوکردنی بنەماکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و گەیاندنی ئەو دەستکەوتانەی لەو بوارەوە بەدیهاتوون.

- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پەسەندکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، گونجاندنی یاسا و بڕیارە بەرکارەکان لە هەرێم لەگەڵ ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان هەنگاوێکە لە چوارچیوەی ئەم پلانە جێبەجێ دەکرێت.

- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بۆ وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پرسی ئازادی ڕادەربڕین و سەروەری یاسا لە هەرێمی کوردستان، دامەزراوە حکومییەکان

کاری لەپێشینەیان بریتییە لە پاراستنی سەروەری یاسای و پێوەرەکانی حوکمڕانی باش و هەموو ڕەهەندەکانی مافی مرۆڤ.

- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە بڕیاری دادگاکان لە هەرێم، دادگاکان سەربەخۆن و حکومەتیش دەست لە پرۆسە یاساییەکان وەرنادات، حوکمەتی هەرێمی کوردستان پابەندی ئەو بەهایانە دەبێت کە پێویستن بۆ بەرجەستەکردنی وڵاتی دامەزراوەیی، داوا لە لایەنە بیانی و ناوخۆییەکان دەکەین ڕێز لە بڕیارەکانی دادگاکانی هەرێم بگرن.
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان، بۆ وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتێکی هاوبەشی یۆنامی و کۆمیساری مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە دۆخی ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێمی کوردستان نیگەرانیان دەربڕیبوو. حکومەتی هەرێم پابەندە بە پرەنسیپ و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لە بواری ئازادی ڕادەربڕیندا.
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان، لەسەر ڕاپۆرتی ئەمنستی سەبارەت بە ئازادی رادەربڕین و سەروەری یاسا، حکومەتی هەرێمی کوردستان رەچاوی پاراستنی تەندروستی گشتی لە بەرچاو گرتووە بەتایبەتی داوای لە میدیایەکان کردووە کە هانی خەڵکی نەدەن بۆ سەرپێچیکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی لە پێناو پاراستنی گیانی هاوڵاتیان.
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر بازرگانیکردن بە مرۆڤ، حکومەتی هەرێم لە ڕووی یاسادانان و جێبەجێکردنەوە بەرەنگاری دیاردەی بازرگانیکردن بە مرۆڤ دەبێتەوە و لە هەر پارێزگایەکی هەرێم نووسینگەیەکی تایبەت هەیە بۆ بەدواداچوونی پرسی بازرگانیکردن بە مرۆڤ.
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بۆ وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتێکی یۆنامی و نووسینگەی کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ڕەوشی ئەشکەنجەدان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، حوکمەتی هەرێم یاسا و ڕێسای تایبەتی هەیە بۆ پاراستنی ئازادییە تاکەکەسییەکان.
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە وەڵامی ڕاپۆرتی هیومان رایتس ووچ: تێیدا ئاماژە بەوەدەکات کە "حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەک ئازادی هاتووچۆکردن لە دانیشووانی کەمپەکانی سنووردار ناکات"، و زۆرینەی ئاوارەکان بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، نەبوونی هەلی کار، رووخانی خانوو و باڵەخانەکان و کێشە ئەمنییەکانەوە ناتوانن بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان.

- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە کۆچی هاووڵاتیان، بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان پێویستە وڵاتان پابەند بن بە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەتی مافی کۆچبەران و پاراستنی ژیانیان. هاوکات، وڵاتان وەک کارتێکی فشاری سیاسی دژی یەکتری بەکاری نەهێنن.

- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ڕاپۆرتی وەرزی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا کە ڕۆڵی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش بەرزدەنرخێنێت، تیشک دەخاتە سەر ڕەوشی چالاکییە سەربازییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی داعش، هاوکارییەکانی هاوپەیمانان، جموجۆڵەکانی داعش و قۆستنەوەی بۆشاییە ئەمنییەکان، و چەند بابەتێکی دیکە.

- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە یەکەم کۆبوونەوەی نوێنەری وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بۆ جێبەجێ کردنی پلانی هەرێمی مافەکانی مرۆڤ، پلانەکە ئەو ڕاسپاردانە لەخۆدەگرێت کە ئاراستەی هەرێم کراون لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەیەکگرتووەکان.

- بەیاننامەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە خۆپیشاندانی قوتابیان داواکاریان بۆ خەرج کردنی دەرماڵە، حکومەتی هەرێم پشتگیری لە داواکانی قوتابیان دەکات بەشێوەیەکی هێمنانە و دوور لە توندوتیژی، و پێویستە خۆپیشاندەران بەشێوەیەکی ئاشتیانە گوزارشت لە داواکانیان بکەن و هیچ لایەك پەنا نەباتە بەر توندوتیژی.

- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ڕاپۆرتی ساڵانەی هیومان ڕایتس ووەتچ
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە بەشداری حکومەتی هەرێم لە کۆبوونەوەکانی پەیماننامەی عەرەبی سەر بە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی پەیماننامەی عەرەبی مافی مرۆڤ لە قاهیرە
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە نەخشەڕێگای جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە بەرلین سەبارەت بە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم لە وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی داعش
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە خوێندنەوەی وتاری حکومەتی هەرێم لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێف
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم سەبارەت بە ڕاگەیاندنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ بۆ دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن

- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە پێشکێشکردنی وتاری حکومەتی هەرێم لە پەناڵێکی تایبەتدا لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە نیویۆرک سەبارەت بە ڕۆڵی هەرێم لە پرۆسەی بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی داعش
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە کۆبوونەوە لەگەڵ تیمێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک
- بەیاننامەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە کۆبوونەوەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و ئەلیز ندریتۆ یاریدەدەری سکرتێری گشتی UN بۆ نەهێشتنی جینۆساید لە نیویۆرک
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی یەکەی قوربانیانی تیرۆر سەر بە UN
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە پێشوازیکردن لە بەرپرسی نووسینگەی UNODC لە هەولێر
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ئەنجامدانی ووۆرکشۆپی هاوبەش لەگەڵ کۆمیتەی خاچی سووری نێودەوڵەتی
- بەیاننامەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ژمارەیەک دۆسیەی تایبەت لەبارەی مافی مرۆڤ لە هەرێم
- بەیاننامەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ئەلیکترۆنی کردنی ئەرشیفی تاوانەکانی داعش
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەک تایبەت بە پاراستنی مافی پێکهاتەکان
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە گرنگیی جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ و هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی دادوەری
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە تاوتوێکردنی پلانی هەرێمی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە کۆبوونەوە لەگەڵ تیمێکی یو ئێن هابیتات
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەبارەی مافی خۆپیشاندان
- بەیاننامەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ڕێورەسمی کۆنفرانسی تێپەڕبوونی یەک ساڵ بەسەر پەسەندکردن و جێبەجێکردنی پلانی هەرێمی
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە هەماهەنگیی زیاتر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە تاووتوێکردنی ماف و خزمەتگوزارییەکانی کەمئەندامان

- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە بارودۆخی پێکهاتە ئاینییەکان لە ناوچە دابڕاوەکان
- لیدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان لەبارەی سەرپەرشتیکردنی ووۆرکشۆپی پەرەپێدانی تواناکان بۆ لێپێچینەوە لە گومانلێکراوەکانی داعش
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە بەشداری حکوومەتی هەرێم لە کۆبوونەوەیەکیراوێژکاریلە جنێف تایبەت بە مافی زانینی چارەنووسی بێسەروشوێنبووان
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ڕفێنراوانی دەستی داعش کە بە هەوڵی حکوومەتی هەرێم ڕزگارکراون
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە پێشوازی لە شاندێکی لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ .
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە تاوتوێکردنی پرسی بێسەروشوێنبووان لەگەڵ خاچی سووری نێودەوڵەتی لە جنێف .
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە تاووتوێکردنی پرسی ئێزیدییەکان لەگەڵ نێردە دیبلۆماتییەکان لە لەندەن.
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە کۆبوونەوەی شاندی حکومەتی هەرێم لەگەڵ نوێنەری سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بۆ یەکسانی جێندەری .
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە کۆبوونەوەی لەگەڵ بەڕێوەبەری ئۆفیسی هیومان ڕایتس ووۆچ لە لەندەن .
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە تاووتوێکردنی ئازادی ڕادەربڕین لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی بەڕیتانیا .
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە کۆبووەی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ فەرمانگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشی جێندەر لە شاری لەندەن .
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە کۆبوونەوەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ سەرکونسوڵی کۆریای باشوور .

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١٢ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە بەیاننامەیەکدا وەڵامی ڕاپۆرتی ساڵانەی هیومان رایتس ووۆچی دایەوە لە ڕێککەوتی ١٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣، ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووەتچ (HRW)، ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لەسەر زۆرێک لە وڵاتان بڵاوکردەوە، لەوانەش عێراق و هەرێمی کوردستان، کە تێیدا چەند نیگەرانییەکی خستۆتەڕوو. ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان رایگەیاند کە هەرێمی کوردستان نموونەی هەرێمکی سەرکەوتووە بۆ دیموکراسی و بەرجەستەکردنی بەها دیموکراتییەکان، لەوانەش مافی ئازادی ڕادەربڕین، و پابەندە بە سیستەمێکی پتەوی دامەزراوەیی لە نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری.

- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١٨ لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەڵامی ڕاپۆرتی ساڵانەی سەنتەری میترۆی دایەوە لە ریکەوتی ١٦/ ١/ ٢٠٢٣، سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسان، ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیان سەبارەت بە دۆخی ئازادییەکانی ڕۆژنامەوانی لە ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوکردەوە، لەم بارەیەوە و بۆ هاوسەنگکردنی ئەنجامەکانی ڕاپۆرتەکە لەرێی خستنەڕووی سەرنجی حکومەتی هەرێم، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕایگەیاند، " گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە ئازادییە میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستان ڕێزیان لێدەگیرێت و پەرەیان پێدەدرێت. لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەشت هەزار ڕۆژنامەنووس تۆمارکراون، بەلایەنی کەمیشەوە هەزار کەس هەن کە بەبێ ئەندامێتی ئەو سەندیکایە کاری ڕۆژنامەگەری دەکەن.

- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕاگەیاندراوێکی دەربارەی ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاوکردەوە. ڕۆژی ٢٠٢٣/٣/٢١ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی سەبارەت بە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوکردەوە و لە چەند بەشێکیدا باس لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان دەکات.

- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر دەربارەی زیان و قوربانییەکانی پێکدادانە سنوورییەکان
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر دەربارەی ڕاپۆرتی هاوبەشی یۆنامی و کۆمسیاری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە ڕاپۆرتێکی ئەمنستی لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ١٤٩ وڵات
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر دەربارەی ڕێکاری یاسایی بەرامبەر بەو کەسانەی مافی ڕۆژنامەنووسان پێشێلدەکەن
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە بواری ئازادییەکان و پتەوکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە تێڕوانینی ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووەتچ
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە ڕەوشی ئاوارەکان
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە ڕێکارەکانی حوکمەتی هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی خولی (١٩)ی لیژنەی تایبەت بە ڕێککەوتننامەی پاراستنی هەموو کەسەکان لە بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر لەسەر پاراستنی پرەنسیپەکانی ئازادی رادەربڕین و خۆپیشاندانی مەدەنی
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر لەسەر چالاکیە تیرۆرستییەکانی داعش
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر لەسەر چەواشەکارییەکانی سەبارەت بە ڕەوشی ئازادی ڕابڕین لە هەرێمی کوردستان
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر لەسەر ڕاپۆرتی ئەمنستی
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر لەسەر ڕاپۆرتی کۆمیسیونی ئەمریکی بۆ ئازادییە ئایینییەکان

- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر لەسەر ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە  ئازادییە ئایینییەکان
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر لەسەر ڕەوشی ئازادی ڕادەربڕین
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر لەسەر ڕێکارەکانی حوکمەتی هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆڕۆنا
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر لەسەر لێدوانی نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە جێبەجێکردن و پاراستنی بنەماکانی دیموکراتی
- بەیانەمەی نووسینگەی ڕێکخەر لەسەر ڕاپورتی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی تیمی یۆنامی لە عێراق و هەرێمی کوردستان
- پێویستە ڕۆژنامەنووسان بە گیانی بەرپرسیاریەتی مامەڵە لەگەڵ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و بەرژەوەندی هاووڵاتیان بکەن
- ڕوونکردنەوەیەک لە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لە حکومەتی هەرێم دەربارەی لێدوانێکی سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی کردن لە مافی رۆژنامەنووسان
- لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا رێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تیشکی خستە سەر چەند بابەتێکی هەنووکەیی
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تیشکی خستەسەر چەند بابەتێکی هەنووکەیی
- لێدوان دەربارەی ڕەوشی حوکمڕانی دروست و سەروەری یاسا
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە بۆنەی رۆژی جیهانی ئازادیی رۆژنامەگەرییەوە
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە کێشەلەسەرەکان
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ڕاپۆرتی هیومان ڕایتس ووەتچ
- لێدوانی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ڕەوشی ئازادی ڕادەربڕین
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە تێبینیەکانی لایەنە دەرەکییەکان لەسەر بڕیاری دادگا
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر بازرگانیکردن بە مرۆڤ
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە ڕاپۆرتی یۆنامی تایبەت بە ئەشکەنجە
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە ڕاپۆرتێکی کۆمیەتەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە وەڵامی کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر لە ساڵڕۆژی جینۆسایدی شنگال
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە رەوشی ئاوارەکان لە کەمپی مەخموور
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە ڕاپۆرتی سێزدەمی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە پەسەندکردنی پلانی هەرێمی لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە

- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە نوێکردنەوەی ئەرکی یونیتاد لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە سازدانی وۆرکشۆپێکی هاوبەش لەگەڵ یۆنامی لەسەر ئازادی ڕادەربڕین
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ڕاپۆرتێکی هیومان ڕایتس ووەتچ لەسەر هاتووچۆکردنی دانیشتووانی کامپەکان
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ماف و پاراستنی کۆچبەران لە ئەوروپا
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر لەسەر ڕاپۆرتی وەرزی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا تایبەت بە ڕۆڵی هاوپەیمانان و پێشمەرگە لە بەرەنگاربوونەوەی داعش
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە کۆبوونەوەی دامودەزگاکانی هەرێم بۆ تاوتوێکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە داواکانی قوتابییان بۆ دەرماڵەی مانگانە
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێم و یونیتاد لە ڕووی پێدانی بەڵگە و زانیارییەوە
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە ڕەوشی کەرکووک دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی عێراق لە مانگی ١٠ی ٢٠٢١
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەر سەبارەت بە ڕەوشی کەرکووک دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی عێراق لە مانگی ١٠ی ٢٠٢١
- بەیاننامەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە ڕاپۆرتی ساڵانەی هیومان ڕایتس ووچ
- ڕێکخەر لە بەرلین تاوتوێی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم دەکات لە وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی داعش.
- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێف وتاری حکومەتی هەرێمی خوێندەوە.
- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وتەیەکی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک پێشکەش کرد.
- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەدواداچوونەکانی لەبارەی مافی مرۆڤ لە هەرێم بڵاودەکاتەوە.
- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە ساڵیادی جینۆسایدی ئێزیدییەکان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بەست.

نووسراوی دەرکردە لە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان:

لەماوەی (٢٠٢٠/١/١) تاوەکو (٢٠٢٤/٨/١) زیاتر لە (١٢٨٥) نووسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی دیوان کراوە. تایبەت بە هەماهەنگی لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بۆ مەبەستی ئامادەکردنی هەڵوێست، ڕوونکردنەوە، بەدواداچوون، ئاڵوگۆڕی زانیاری و ئامادەکردنی ڕاپۆرت بۆ لایەنە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان. بەشێک لەم نووسراوانە تایبەت بوون بە وەڵامدانەوەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغدا سەبارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدرال و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و دامودەزگاکانی دیکە.

ئاڵوگۆری ئیمێڵ لەگەڵ لایەنە حکومییەکان و لایەنی نێودەوڵەتی:

بەشێکی دیکە لە چالاکییەکانی نووسینگەکەمان لەڕێگەی ئاڵوگۆڕ کردنی زیاتر لە (٧٤١١) ئیمێڵ لەگەڵ لایەنە حکومییەکان، ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، قونسڵی وڵاتان، دیبلۆماتەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کۆکردنەوە و لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نێوخۆیی و بیانی. ئەمە و جگە لەوەی کە لە ڕێگەی پۆستەوە دەیان نامەی جیاجیا ئاڕاستەی ئەدرێسی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کراوە، سەبارەت بە بەدواداچوونی چەندین کەیسی تایبەت لە دادگاکان، کە لەلایەن دامودەزگا ئەمنییەکان کاریان لەسەر کراوە و نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانیش ڕوونکردنەوەی پێویستی ئاراستەی ئەو لایەنانە کردووە.